داینکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی‌دا

# کوردستان

ژمارە: ٤٥٩

www. kurdistanukurd.com

سێ شەممە ● ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ ● ١٠ی ئاوریلی ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران


### ئەمریکا، بریتانیا، یەکیەتیی ئورووپاو سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان:

## "ئێران پیتاندنی یورانیۆم راگرێ"

رۆژی دووشەممە ٩ی ئاوریل، وڵاتانی ئەمریکاو بریتانیا لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپاو سکرتێری گشتیی رێکخرای نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژکردەوەیەك دا سەبارەت بە قسەکانی ئەحمەدینژاد سەبارەت بە چوونی ئێران بۆ ریزی وڵاتانی بەرهەمهێنەری سووتەمەنیی ناوکی، داوایان لە تاران کرد کە بڕیارنامەی ١٧٤٧ جێبەجێ بکاو مل بۆ ویستی کۆمەڵگای جیهانی واتە راگرتنی چالاکییە ناوکییەکانی رابکێشی.

"گوردون جاندرو" وتەبێژی شورای هێمنایەتیی نەتەوەیی کۆشکی سپی وتی ئێمە سەبارەت بە ئیدیعاکانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمهێنانی سووتەمەنیی ناوکی‌دا زۆر نیگەرانین. هەروەها ناوبراو وتی ئێران لە بەرانبەر رانەگرتنی پیتاندنی یورانیۆم‌و گوێنەدان بە ویستی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زیاتر خۆی گۆشەگیر دەکا. بان کی مونیش لە دژکردەوە بە قسەکانی مەحموود ئەحمەدی نژاد سەبارەت بە بەرهەمهێنانی سوتەمەنی ناوکی وتی: ئەرکی هەموو ئەندامێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە بڕیارنامەی شورای هێمنایەتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکاو من دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ کارێکی ئەوتۆ هان دەدەم.

## رێژیمێك كە هەر رۆژێك لە تەمەنی پڕە لە تاوان


عەولا بەهرامی


بە پێی ئەو هەواڵانەی کە رۆژانە لە شارو ناوچەکانی کوردستانەوە بە بەشی هەواڵی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگەن، رۆژ نیە هێزە تاوانکارەکانی رێژیمی ئیسلامی لە کوردستان کەس یان کەسانێك نەکوژن، بریندار نەکەن یان لە بەندیخانە نەپەستێون. بە پێی ئەو هەواڵانە، تەنیا لە ١٠ رۆژی رابردوو دا لە شارەکانی مەهاباد، مەریوان، سەردەشت، پیرانشارو رەبەت ٥ هاووڵاتیی کورد بە هۆی تەقەی هێزەکانی رێژیمی ئیسلامی کوژراون‌و چەند کەسیش بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەکانی بانە، رەبەت، سەردەشت، مەهاباد کوژراو و بریندار بوون یان ئەندامێکی لەشیان لە دەست داوە. جگە لەوانەش چەندین هاووڵاتیی کورد بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ رێژیم‌و مافخوازی راپێچی بەندیخانەکان کراون. دیارە پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە ئەم هەواڵانە ناتوانن یان نەیان توانیوە رەنگدانەوەی کۆی ئەو تاوانکارییانە بن کە هەر لەم ماوە کورتەدا دژی مافی مرۆڤی کورد کراون، ئەگینا بەدڵنیاییەوە پانتایی ئەم پێشیلکارییانە گەلێك لەمە زیاترە.

ئەمەیە کارنامەی رۆژانەی رێژیمی ئیسلامی ئەویش تەنیا لە کوردستان، رێژیمیك کە ماوەیەك لەوە پێش لە لایەن کۆمەڵێك وڵاتی دواکەوتوو و پێشێلکاری مافی مرۆڤەوە (کە ئەندامی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن ) لە ریزی وڵاتانی ژێر چاوەدێریی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ هێنرایە دەرێ. ئەم هەڵوێستە، ناتەبایە لەگەڵ مرۆڤ و مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی رەشی مەزهەبی‌دا بێجگە لە هاندانی زیاتری ئەم رێژیمە بۆ سووربوون لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەتوانێ هەڵگری چ واتایەکی دیکە بێ؟ چونکە ئەو وڵاتانە رێژیمێکیان لە ژێر چاوەدێریی ئەو ئەنجومەنە هێناوەتە دەرێ کە نەك هەر هیچ گۆڕانێك لە روانین و کارنامەی مافی مرۆڤی دا پێك نەهاتوە، بەڵکوو هەر رۆژە لە تەمەنی پڕە لە تاوان دژی مرۆڤ و مافەکانی‌و بە دەیان جار لە لایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤەوە سەبارەت بە لە ژێر پێنانی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە و تەنانەت هەمیشە ناوی لە سەرووی رێژیمە دیکتاتۆرو کۆنەپەرەستەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤەوە بووە.

وڵاتانی لایەنگری رێژیمی ئیسلامی لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتێك دا دەیانهەوێ لانیکەم لە بواری مافی مرۆڤ دا ئابڕووی رێژیمی‌تاران بکڕنەوە کە ئەم رێژیمە بۆ دووهەمین جار سەبارەت بە سەرپێچییەکانی دا لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی داو درێژەدان بە پرۆژە ناوکییەکانی سزای خراوەتە سەرو سەبارەت بە پشتیوانی لە تێرۆریزم‌و هەناردەکردنی تێرۆریستان بۆ وڵاتانی ناوچەو دژایەتی لەگەڵ تەناهیی نێونەتەوەیی‌و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی ناوچە لە ژێر فشار دایە.

بەداخەوە فایلی مافی مرۆڤی رێژیم هەم لە بەر ئەم هەڵوێستە دژە مافی مرۆیانەیەی لایەنگرانی رێژیمی تاران‌و قەیرانی ناوکیی رێژیم، بەو شێوەیە کە شیاوە گرینگیی پێ نادرێ و نەکەوتۆتە رۆژەڤی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە. بۆیە پێویستە هەموو خەباتکاران‌و لایەنگرانی مافی مرۆڤ بۆ لە قاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و زەقکردنەوەی فایلی مافی مرۆڤی رێژیم‌و دروستکردنی گوشاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ سەر رێژیمی ئیسلامی هەوڵی جیددی بدەن و نەهێڵن رێژیم لە سێبەری قەیرانی ناوکی و ئەو پشتگیرییەی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لە ئەنجومەنی مافی مرۆڤ دا، ئاوا رووهەڵماڵاوانە درێژە بە لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ بدا.

لەم بارەیەوە پێویستە کۆمەڵانی خەڵك‌و بەتایبەت رووناکبیرانی کوردستان وشیار بکەینەوە کە بێدەنگی‌و بێهەڵوێستیی ئەوان لە بەرامبەر تاوانکاریی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دا ئەوان لە سەر درێژەدانی تاوانەکانیان‌و سەرکوتی خەڵك چێڕەگرتووتر دەکا. بۆیە پێویستە بە وەڕێخستنی خۆپێشاندان‌و دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ئاست ئەم هەموو تاوانکارییانەی رێژیمی ئیسلامی لە کوردستان هەڵوێست بگرن.

## بە بەشداریی نوێنەرانی دەیان حیزب‌و رێکخراو و سەدان کەسایەتیی سیاسی‌و نیشتمانپەروەر:

## لە رێورەسمێکی کەم وێنەدا لە کۆیە یادی ٦٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەوا قازی محەمەد کرایەوە





رێورەسمی یادی شەست ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو هاوڕێیانی لە کۆیە



رێپێوانی کادرو پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرەو گڵکۆی شەهیدان

کوردستان و کورد: بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەمەدو هەڤاڵانی دوانیوەڕۆی پێنج شەمۆ ٩ی خاکەلێوە لە هۆڵی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیی زانکۆی کۆیە رێورەسمێکی پڕشکۆ لە لایەن حیزبی دیموکراتی کورستانەوە پێك هات. لەو رێورەسمە کەم وێنەیەدا نزیك بە ٧٠٠ کەس بریتی لە نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆر لە حیزب‌و رێکخراوە کوردستانی‌یەکان، سەدان کەسایەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی، مامۆستایان‌و خوێندکارانی زانکۆ، ژمارەیەك لە بنەماڵەی شەهیدان، هەواڵنێران‌و نوێنەرانی راگەیەنە گشتی‌یەکان، ئەندامانی رێبەریی حیزب‌و ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشدار بوون.

رێورەسمەکە بە سروودی "پێشەوا" دەستی پێ‌کرد. پاشان بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بە وتارێك رێورەسمەکەی کردەوە. بە دوای ئەودا تێکۆشەری دێرین کاك جەلیل گادانی ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزب، پەیامی دەفتەری سیاسیی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە. لە بڕگەی دواتردا سروودی شەهیدان پێشکەش کرا. دواتر شاعیری گەورەی کوردستان مامۆستا شێرکۆ بێکەس پەخشانێکی جوانی خۆی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە. پاشان دوکتور یاسین سەردەشتی باسێکی مێژوویی‌و توێکارانەی سەبارەت بە کەسایەتیی پێشەوا پێشکەش کرد.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەم رێورەسمە تایبەتەدا بەڕێزان عەلی قازی، مامۆستا مەحموود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان‌و فاڕوق بابامیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران وتاریان پێشکەش کرد. هونەرمەند ناسر رەزازی سروودی "ئافەرین قازی محەمەد"ی بە هاوکاریی کۆڕس گوت. کورتە فیلمێکیش سەبارەت بە کۆماری کرودستان‌و کەسایەتیی قازی محەمەد لەلایەن بەشی فیلمی حیزبەوە پێشان درا.

دوانیوەڕۆی رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ (٣٠ی مارسی ٢٠٠٧)یش هەر بەم بۆنەیەوە، رێورەسمێکی تایبەت لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو.

کاتژمێر ٢/٥ی ئەو رۆژە سەدان کەس بریتی لە ئەندامانی رێبەری‌و تێکۆشەرانی حیزب، بنەماڵە حیزبی‌یەکان‌و دەیان بنەماڵەی شەهیدی حیزب لە کوردستانی عێراق بە رێپێوان چوونە سەر گڵکۆی شەهیدانی حیزب‌و لەوێ لەلایەن کۆرسی سروودەوە، سروودی ئەی شەهیدان پێشکێش کرا. دواتر بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی بە نوێنەرایەتی لەلایەن هەموو تێکۆشەرانی حیزب، تاجە گوڵینەی لەسەر گڵکۆی زیندەیاد سەلام عەزیزی ئەندامی دەفتەری سیاسی‌و سیمای ناسراوی حیزبی دیموکرات دانا. منداڵانی قوتابییش هەر کامێکیان چەپکە گوڵێکیان لە سەر گلکۆی یەکێك لە شەهیدەکان دانا.

بەدوای نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ شەهیدان، بەشداران بە رێپێوان چوونە شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە گشتی‌یەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسی. لە رێورەسمێك دا کە بەم بۆنەیەوە پێك هات پەیامەکانی دەفتەری سیاسی، کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، یەکیەتی‌یەکانی لاوان‌و ژنان، هەیئەتی یادی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی پێشەواو چەندین شێعرو پەخشان‌و سروود پێشکێش کران.

## سەردانی بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب

دوانیوەڕۆی رۆژی ١٧ی خاکەلێوە(٦ی ئاوریل) بەڕێز دوکتور مەحموود عوسمان کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کوردو دۆستی دێرینی حیزبی دێموکرات سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردو لە لایەن بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە و مستەفا مەولوودی پێشوازیی لێ کرا. لە دانیشتنێك دا هەردوو لا کۆمەڵێك پرسی گرینگی پێوەندیدار بە حیزبی دیموکرات و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان‌و عێراقیان هێنایە بەر باس‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

## چالاکیی بەرینی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان

لە رۆژانی بەرەبەری ١٠ی خاکەلێوەو رۆژانی دواتردا تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە یادی شەست ساڵەی شەهید کرانی پێشەواو هاورێیانی‌و بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان چالاکییەکی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوەبردوە. بەپێی ئەو هەواڵانەی بە "کوردستان" گەیشتوون تێکۆشەرانی حیزب لەو چالاکییانەیان دا سی.دی رێورەسمەکانی نەورۆزی کوردەواری لە بنکەی دەفتەری سیاسی، سی.دی رێورەسمی ٢٤ی رەشەمە، تراکت‌و بڵاوکراوەی تایبەت بە رۆژی شەهیدانی کوردستان‌و باقیی بڵاوکراوەکانی حیزبیان لە شوێنە گشتییەکانی ژمارەیەکی زۆر لە شارو گوندەکانی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

ناوی ژمارەیەك لەو شارو ناوچانەی هەواڵی بەڕێوەچوونی ئەم چالاکییانەیان بە "کوردستان" گەیشتووە بەم شێوەی خوارەوەیە: مەهاباد، سەردەشت، مەریوان، بانە، پیرانشار، بۆکان، سنە، نەغەدەو ناوچەی پاڵنگانی مەریوان.

شایانی باسە ئەم چالاکییانە لە کاتێك دا بەڕێوە چوون کە رێکخراوەکانی حیزب لە باشووری کوردستانیش بەم بۆنەیەوە دوو رێورەسمی کەموێنەیان بۆ رێزنان لە شەهیدانی کۆمار لە زانکۆی کۆیەو بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوە برد.






قسەکانی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە رێورەسمی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەواو لە شاری کۆیەدا ٢



هەواڵ، دیدارو چالاکی ٣



روانینی ژنانی دیموکرات لە دەرەوەی وڵات بۆ کێشەکانیان ٥



کۆڕێك بۆ رێزنان لە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە پێنجەمینساڵڕۆژی کۆچی دوایی دا ٧




کێشەی پەروەردەو گرفتی مامۆستایان ٩



هەڵسەنگاندنی پێگەی حیزبە کوردییەکان ١٠

## دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە

# لە ڕێورەسمی ٦٠ ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا هاوڕێیانی لە شاری کۆیەدا



بەڕێز نوێنەری سەرۆکی هەریمی کوردستان ڕێزدار کاك مسعود بارزانی کاك محمود محەمەد! بەڕێز عەلی قازی کوری پێشەوای نەمر قازی محەمەدو سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان! نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان! مامۆستایانی زانکۆو شەخسیەتە سیاسیو نیشتمانییەکان! نوێنەرانی حیزبیو حکوومەتی لە شاری ئەدیبان، شاری فکرو بیری ئازادیخوازانەشاری کۆیەی حاجیو مەلای گەورە! ئامادە بووانی بەڕێز!

بە ناوی هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەمو سپاستان دەکەم کە بۆ ڕێزگرتن لە یادی پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستانو هاوڕێو هاوسەنگەرو هاوچارەنووسی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی کۆماری کوردستانو ئامۆزای پێشەواو ئەبوولقاسمی سەدری قازی نوێنەری کوردستان لە مەجلیسی شوورای میللیو برای قازی محەمەد، لە ڕێگای دوورەوە یا لە ڕێگای نیزیکەوە هاتوونو لێرەدا لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە.

لەبەر ئەوەی لە مێژە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی هەتاوی کە دەکاتە ٣٠ی مارسی زایینی، بە ڕۆژی شەهیدان ناسراوە ئێوە بە هاتنتان بۆ ئێرەو بەشداری لەو ڕێورەسمەدا تەنیا ڕێزتان لە یادی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی نەگرتوە، بەڵکو ڕێزتان لە هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری، شەهیدانی ڕێگای قازی محەمەد، لە ریزی پێشەوەوەشیان دا سەرداری ناسراوی کورد دوکتور قاسملوی نەمرو هاوسەنگەرو هاوخەباتی زیرەكو بلیمەتو جێنشینی دوکتور قاسملوو دوکتور سادقی شەرەفکەندی گرتوە.

دۆستانی بەڕێز! ٦٠ ساڵ لەمەوبەر پێش لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا پێشەوا قازی محەمەد ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانو سەرۆك کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، هەر لەو مەیدانە کە سوێندی وەفاداری لێ خواردبوو دەگەڵ دوو هاوڕێی نێزیکی خۆی بەدار داکران. لەو ڕۆژەدا قازی محەمەد ئیعدام کرا بەڵام قازی محەمەد نەقشێکی دیکەی بە ئەستۆوە گرت، ئەگەر پێشەوا قازی محەمەد زۆر پێش دامەزرانی کۆمارو تەنانەت حیزبی دێموکراتی کوردستان نەقشی ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتی، عیلمی، زانستیی بە ئەستۆوە بوو، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا نەقشی پێشەوایەتیو دامەزرێنەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە ئەستۆوە گرتو، لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا نەقشی سەرقافڵەی شەهیدانی کوردستانو نەقشی نموونەی فیداکاریو وەفا بە عەهدی بە عۆدەوەگرت، لەو ڕۆژەدا دەرسی فیداکاریو ئیستقامەت، خۆڕاگریو وەفا تا سەری بە هەموو تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری گرت. پێی گوتین کە دەبێ لەسەر عەهد بەرقەرار بن، پێی گوتین کە دەبێ وەفادار بین، دەبێ خۆمان بە قوربانی میللەت بکەین. ئەو وەختەی کە پێویستە لە پێناوی عەقیدەدا بمرین یەك لەحزە لە چوونە پای ئیعدامو لە بەخشینی گیانی خۆمان تەردید نەکەین. بۆیە پێشەوا قازی محەمەد هەڵ دەگرێ زۆر بۆنەو مەراسیمی لەوە گەورەتریشی بۆ پێك بێ، تەجلیلی لێ بکەینو دەرسی لێ فێر بین. ئەو دەرسەی قازی محەمەد دای دا، قوتابیانی قازی محەمەد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا باشی فێری بوون. نەك هەر سەدانو هەزارانو دەیان هەزار کەس لە حیزبەکەی خۆیدا ڕێگاکەیان گرتو تا سەر بە عەهدی خۆیان وەفادار مانەوە، بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا تێکۆشەرانی کوردو ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی ئەو دەرسە فێر بوونو ئەو ڕێگایەیان لە پێش گرت. لە لایەك بە دەیانو سەدان هەزار کەس گیانیان لە پێناوی ئامانجیان دا دانا، بێ ئەوەی یەك لەحزە تەردید بۆ لای خۆیان ئیجازە بدەن، لە لایەکی دیکەوە زۆر دەسکەوتی گەورە بۆ میللەتەکەی لە لایەن ڕێبوارانی ڕێگایەکەوە بەدەست هاتوون.

هەر ئەوەی ئەمڕۆ یەکێك لە قوتابیانی پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری وڵاتی خۆیەتیو یەکێکی دیکە لە ڕێبوارانی ڕێگای قازی محەمەد سەرۆکی هەرێمی کوردستانو دەیانو سەدان ڕۆڵەی قازی محەمەد نەقشی گرینگی سیاسیو دیپلۆماسییانە لە وڵاتەکەی خۆیان دا بەڵکوو لە بواری نێونەتەوەییدا بە ئەستۆوە گرتووە کە شاهیدی ئەو ئیدیعایەیە کە قوتابیانی قازی دەرسی قازی باش فێربوون.

دوستانی بەڕێز! ناکرێ یادی قازی محەمەد، یادی کۆماری کوردستانو سەرکۆماری کوردستان بکەینو یادێك لە وەفادارو پاڵپشتی پێشەواو سەرکۆماری کوردستان ژنراڵ مستەفا بارزانیی نەمر نەکەینەوە. بارزانی بوو کە بەخۆیو سەدان کەس لە باشترینو کارئازمودەترین خەباتکەرانی ڕێگای ئازادی لە کۆماری کوردستان دا بەشدار بوو. لەگەڵ ئەوەی هەمیشە وەکوو شەریکێك، وەکوو یاوەرێك چاوی لێدەکرا بەڵام بە هەموو تەوازووعی، خۆی بە پێشمەرگەیەك لە کۆماری کوردستاندا ناساند.

یادی بارزانیو بارزانییەکانو ئەوانەی لەوێ شەهید بوونو ئەوانەی دوای ویو ئەوانەی دوای رووخانی کۆمار لەهەر جێگەیەکی دیکە شەهید بوون یان بە مەرگی تەبیعی مردن بەخێر بێت.

بە ئاواتی ئەو ڕۆژە کە ئاواتەکانی قازی محەمەدو کۆماری کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا وەدی دێنو ئاڵای کوردستان، ئاڵای کوردستانی یەك پارچە موستەقیل لە هەموو دۆندی چیاکانو بینا بەرزەکان بەرز دەکرێتەوە.

دۆستانی ئازیز، هەیئەتی ئامادەکردنی ئەو ڕۆژە حەتەمەن بەرنامەی ئامادە کردوە کە بەرەبەرە پێشکەشتان دەکرێ.

هاتنی من بۆ پشتی ئەو تریبوونە تەنیا ئەوە بوو سوپاسو قەدردانییان پێشکەش بکەمو بەخێرهاتنیان عەرز بکەم، جارێکی دیکە بەخێربێن، هەر بمێنن بۆ کوردو کوردستان.

---

# کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ هەڵسەنگاندنی کاروتێکۆشانی چەند مانگی رابردووی حیزبی دیموکراتی کوردستان





کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی شەممۆ ١١ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ (٣١ی مارسی ٢٠٠٧) لە ساڵۆنی کۆبوونەوە گشتیەکان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ هەڵسەنگاندنی کاروتێکۆشانی چەند مانگی رابردووی ئۆرگانو بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزب پێك هات. لەم کۆبوونەوەیەدا بێجگە لە ئەندامانی ڕێبەریو بەرپرسانی ئۆرگانو بەشە جۆراوجۆرەکانو ڕێکخراوەکانی سەر بە حیزب، سەدان کەس لە ژنانو پیاوانی تێکۆشەرو پیرسونێلی کۆمیسیۆنو کومیتە حیزبیەکان بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا ڕێزدار مامۆستا حەسەن زادە باسێکی لە سەر کارو تێکۆشانی چەند مانگی رابردوو بەگشتیو بەتایبەتی چالاکیەکانی پێوەندیدار بە نەورۆزو ١٠ی خاکەلێوە کرد. بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە هەلومەرجی کاروتێکۆشان لەو چەند مانگەداو گیروگرفتە جۆراوجۆرەکانی سەر ڕێگای تێکۆشەرانی حیزب، سوپاسی خۆی پێشکەشی تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب کرد کە هەم بە هەست کردن بە بەرپرسایەتیو دووربینیو سینگ فرەوانییەوە هەڵسوکەوتیان کردوە، هەم بە کارو تێکۆشانی ئەمەگناسانەو دڵسۆزانەو ماندوویی نەناسانە، نەك هەر نەیانهێشتوە هیچ کارێك پەکی بکەوێ، بەڵکوو ئەرکەکانی خۆیان بە سەرکەوتوویی و سەربەرزییەوە بەڕێوە بردوە.

مامۆستا حەسەن زادە پاشان ئاماژەی بەو کاروچالاکییانە کرد کە بە بۆنەی نەورۆزو ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستانو شەستەمین ساڵی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانییەوە بەڕێوە چوون. بەڕێزیان ئەو کارنەڤاڵەی بە بەشداریی زیاتر لە هەزار کەس لە تێکۆشەرانو ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە ڕۆژی نەورۆزی ئەمساڵ دا بەڕێوە چوو، بە تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو ناوبرد. چونکە نوێنگەی پشتیوانیی دڵسۆزانو ئۆگرانی حیزبی دیموکرات لە حیزبەکەیانو نیشانەی هاوپێوەندیی ئەو جەماوەرە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. لەو کارنەڤاڵەدا ئەندامانو لایەنگرانی حیزب نیشتەجێی هەرێمی کوردستان، هەر لە کەلارەوە تا دەگاتە دیانا، لە هەموو شارو شارۆچکەو ناوچەکانی کوردستانی عێراقەوە، لە ڕۆژی نەورۆزدا لەگەڵ سەدان تێکۆشەری حیزبیو بنەماڵە حیزبیەکان یەکیان گرتەوەو نەورۆزی ئەمساڵی خۆیان کرد بە نەورۆزی پشتیوانیی لە سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

بەڕێز حەسەن زادە پاشان ئاماژەی بە ڕێورەسمێك کرد کە ڕۆژی ٩ی خاکەلێوە بە بەشداریی نزیك بە ٧٠٠ کەس لە بەرپرسانو نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسیەکانو کەسایەتییە سیاسی، زانستی، کۆمەڵایەتیو رووناکبیرەکانی باشووری کوردستان، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە لە هۆڵی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە پێك هات. بەڕێزیان وێڕای ئاماژە بە ڕێكوپێکیو شکۆی ئەم یادە باسی گرنگیی واتای سیاسیی بەشداریی حیزبو ڕێکخراوەکانو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان لەم ڕێورەسمەدا کرد.

مامۆستا حەسەن زادە پاشان ئیشارەی بە هەوڵو تێکۆشانی شایانی ڕێزی ئەو ئۆرگانو بەشانە کرد کە لە چەند مانگی رابردوودا بەوپەڕی دڵسۆزیو ماندوویی نەناسییەوە، زەحمەتیان کێشاوەو شەوشەونخوونییان بینیوە. بەشەکانی چاپەمەنیی، رادیۆی دەنگی کوردستان، بەشی فیلمو کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن، کومیسیۆنی ماڵیو تەداروکاتو بەشی پارێزگاریو هەیئەتەکانی بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە حیزبیەکان لە ریزی پێشەوەی ئەو کۆمیسیۆنو ئۆرگانانەدا بوون کە لە لایەن بەڕێز مامۆستا حەسەن زادەو تێکڕای بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەڕێزەوە باسی کاروتێکۆشانو ئاکامی کارەکانیان کرا. بەڕێز حەسەن زادە هەروەها سوپاسی گەرمی خۆیو هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێشکەشی ئەو بەشە لە دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد کە لە چەند مانگی رابردوودا یارمەتیی ماڵیان بەو حیزبە کردوەو جارێکی دیکە لە تەنگانەو ڕۆژانی سەخت دا پشتیوانیی خۆیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستان نیشان دایەوە. لەو پێوەندییەوە گوتی: لەم ماوەیەدا بەسەربەرزییەوە دەڵێم ئێمە بە یارمەتیی دڵسۆزانی کورد ژیاوین. سوپاسی ئەو هاوڕێیانەشی کرد کە لەم پێوەندییەدا ئەركو ماندووبوونی بێدرێغیان وەخۆ گرتوە. بەڕێزیان رایان گەیاند کە ڕۆژانی سەختو ناخۆش خەریکن تێپەڕ دەبنو دەبێ لەمەودوا پتر خۆمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەمان تەرخان بکەین کە لەبەر گیروگرفتو کەندوکۆسپەکانی ئەم ماوەیە، بەوجۆرەی پێویستە نەمانتوانیوە بەجێیان بگەیەنین.

مامۆستا حەسەن زادە لە کۆتایی قسەکانی دا ریزێك لە کەمو کورتیو لاوازییەکانی کاروتێکۆشانی چەند مانگی رابردووی هێنایە بەر باسو داوای کرد تێکۆشەرانی حیزب بە گشتیو ئۆرگانە پێوەندیدارەکان بە تایبەتی لە هەوڵی چارەسەرکردنیان دا بن. بەڕێزیان گوتیشی لەم کۆبوونەوەیەدا زۆرتر کاروتێکۆشانی ئەم ئۆرگانو بەشانەی هێنایەبەر باس کە بەرپرسانیانو پیرسونیلەکەیان لە کۆبوونەوەدا ئامادەن، ئەگینا هەم لە نێوخۆی کوردستان، هەم لە دەرەوەی وڵات لەم ماوەیەدا ئەندامانو لایەنگرانی حیزب جموجوڵو کارو تێکۆشانێکی زۆرو بەنرخیان لەخۆیان نیشان داوە کە هەمووومان کەمو زۆر لێیان ئاگادارینو شانازییان پێوە دەکەین.

بە دوای کۆتایی هاتنی قسەکانی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چەندین کەس لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە زۆر چالاکانەو راشکاوانە بیروڕای خۆیان لەسەر وتەکانی مامۆستا حەسەن زادەو پرسیار، ڕەخنەو پێشنیاری خۆیان لە بارەی کاروتێکۆشانی ئەم ماوەیەو هەنگاوەکانی داهاتوو هێنایە گۆڕێ. بەشداران وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر گرنگیو بایەخی هەوڵو تێکۆشانی شیاوی ڕێزی ئەم ماوەیە، کۆمەڵێك لاوازیو کەمو کورتیی کارەکانیان ئاماژە پێکردو بە نۆرەی خۆیان سوپاسو پێزانینو ئەمەگناسییان بەرامبەر بە پشتیوانییو هاوپێوەندیی ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەگشتی ڕاگەیاند. ئەم کۆبوونەوە بەرینە لە نێو گەشبینیو هیواداری دەربڕینی تێکڕای بەشداران بە کارو تێکۆشانی داهاتووی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، کۆتایی پێهات.

شایانی باسە لە مانگەکانی رابردوودا، ئەوە چەندەمین کۆبوونەوەیە کە بۆ هەڵسەنگاندنی کاروتێکۆشانو هەڵوێستو بڕیارەکانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی ناوەندیو ئۆرگانو بەشە جۆراوجۆرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێك دێ،و لە داهاتووش دا ئەم جۆرە کۆبوونەوانە ناو بە ناو بۆ بەشدارکردنی هەرچی زیاتری بەدەنەی حیزب لە گەڵاڵە کردنی بڕیارو هەڵوێستو بەرنامەی کاروتێکۆشانی حیزب دیموکراتی کوردستان دا، بەڕێوە دەچێ.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## دەرکرانی ٢٥ کارمەندی ئیدارەی پۆستی کرماشان

ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوە ٢٥ کارمەندی دەرکراوی ئیدارەی پۆستی شاری کرماشان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەم هەڵوێستەی ڕێژیم لەبەر دەم "خانەکارگر ی" ئەو شارە کۆ بوونەوە. جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەو کارمەندانە هەر کامەیان زیاتر لە ٧ ساڵ پێشینەی کارکردنیان هەیە. لە وڵامی ئەو کارمەندە دەرکراوانەدا ئیدارەی پۆست گوتوویەتی ئەگەر بە مووچەی مانگانەی ٦٠ هەزار تمەن ڕازی دەبن دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

## ڕەبەت: کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی حیزب

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی خاڵە "مەولان مەولانزادە" خەڵکی گوندی "لیلانە"ی ناوچەی ڕەبەت، لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

خاڵە مەولان ئەندامی کۆنی حیزبو کەسێکی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی ناوچەکە بوو کە لە ساڵەکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوییەوە وەك ئەندامێکی دڵسۆزو هەڵسووڕ کاری دەکردو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانیش، هەروا درێژەی بە ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانی دا.

هەر بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشیی لە بنەماڵەو کەسوکاری خاڵە مەولان دەکەینو خۆمان لە خەمی لە دەستچوونیدا بە بەشدار دەزانین.

## سەردەشت: تەقینەوەی مین بۆتە هۆی گیان لە دەستدانی کاسبکارێك

بە هۆی تەقینەوەی مینێکی چێندراوی هێزەکانی ڕێژیم لە سەر ڕێگای قاسمەڕەش - نۆکان ڕۆژی یەك شەممە ١٩ی خاکەلێوە کاروانچییەك کوژراو سێ کاروانچیی دیکە بریندار بوون. کوژراوەکە ناوی ڕەحمان مەزرایییە. شایانی باسە یەکێك لە بریندارەکان بە ناوی جەلال ئەحمەدنژاد برینەکەی سەختەو بۆ چارەسەر کران ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی مەهاباد کراوە.

ئێمە وێڕای مەحکوم کردنی ئەو تاوانە نوێیەی هێزەکانی ڕێژیم خۆمان بە هاوخەمی بنەماڵەی ئەو کاسبکارە دەزانین.

## سەردەشت: لە ئاکامی تەقینەوەی مینێکدا ماشێنێك تێك شکا

ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی، لەسەر ڕێگای سەردەشت بۆ گوندی "نیسکاوێ" لە نزیك کۆنە پایگای "پردی بڕیسوێ" مینێك لەژێر ماشێنێکی سایپادا تەقیوەتەوەو بووە بەهۆی تێشك شکانی ماشێنەکە.

## مەهاباد: هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کاسبکارێکی خەڵکی قەرەقشڵاقیان کوشت

ڕۆژی هەینی ١٧/ ١/ ١٣٨٦ کاسبکارێکی خەڵکی ئاوایی "قەرەقشڵاق"ی مەهاباد بە ناوی قاسم ناسراو بە قاسم پەخان بە دەستی هێزە بە ناو ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کوژرا. قاسم پەخان کوری ڕەحمان پەخان خەڵکی ئاوایی قەرەقشڵاقی شارویرانی مەهاباد ساڵی ١٣٤٣ لە دایك ببووەو لە شارستانی نەغەدە دادەنیشت. قاسم پەخان برای شەهید سەلیم پەخان کادری کومیتەی شارویرانی حیزب بوو.

تازەترین تاوانی هێزە جینایتکارەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان مەحکووم دەکاو سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قاسم پەخان ڕادەگەیەنێ.

## کۆچی دوایی ژنێکی وەرزشکاری مەهابادی

شەوی ١٦ / ١٧ی خاکەلێوە خەدیجە بەرزون ناسراو بە خەدیجە حەمەدە کۆچی دوایی کرد. خەدیجە بەرزون ژنێکی وەرزشکارو هاندەری ژنانی مەهاباد بۆ کاری وەرزشی بوو.

یەکەم ژنی وەرزشکاری شاری مەهاباد بوو کە بەهۆی ئەوەوە ژنانێکی زۆر ڕوویان کردە وەرزشو بوون بە وەرزشکار.

بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو سەرەخۆشی لە بنەماڵە، کەسو کارو ئۆگرانی دەکەین.

## مەریوان: کوژرانی کەسێك لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی خاکەلێوە هێزەکانی ڕێژیم لە درێژەی تەرحی گرتنی ماشێنەکان لە نێو شاری مەریوان، کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ لە نزیك دادگوستەریی مەریوان دەستووری ڕاوەستان بە ماشێنێکی تۆیۆتای بارهەڵگر (سێ ئێف) دەدەن بەڵام ماشێنەکە ڕایناگرێ. لە ئاکامدا هێزەکانی ڕێژیم تەقەی لێدەکەن و ڕانەندەی ماشێنەکە بە ناوی هیوا محەمەدی دەکوژرێ و هاوڕێیەکەی بە ناوی بەختیار ناسراو بە بەختیارە لاڵ بریندار دەبێ.

## بانە: جووتیارێکی کورد کەوتە سەر مینو لاقێکی پەڕی

جووتیارێکی خەڵکی ئاوایی ناوچەی بانە ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی خاکەلێوە کەوتە سەر مینو لە ئاکام دا لاقێکی پەڕی. ئەم جووتیارە کە ناوی کەریم مینەفیزەیە لە کاتێك دا کەوتە سەر مینی چێندراو لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامییەوە کە لەسەر زەوییەکەی خەریکی کشتوکاڵ بوو.

شایانی باسە هێزەکانی ڕێژیم لە ماوەی بیستو هەشت ساڵی ڕابردوودا بە هەزاران مینیان لەسەر ڕێگاو چیاو زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستان چاندوەو ڕۆژ نیە بەهۆی تەقینەوەی مین کەسانێك لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان نەبنە قوربانی.

## بۆکان: حوکمی لە سێدارەدرانی ٣ کەس بەهۆی دەستدرێژی بۆ سەر کچێك

لە شاری بۆکان ٣ کەس بە ناوەکانی: عەباس گەڵباغی، شەهرام ساحبی، کەماڵ مام قادری، بە ڕاکێشان کچێك لەگەڵ خۆیان دەبەنو بە زۆری دەستدرێژی دەکەنە سەرو فیلمیشی لێ هەڵدەگرنەوە.

سێ کەسی ناوبراو گیراون باسی ئەوە دەکرێ کە ناوبراوان حوکمی لە سێدارە دانیان بۆ دەرچووەو بڕیار وایە ڕۆژانی داهاتوودا لە فەلەکەی "ئازادەگان"ی بۆکان ئەو حوکمە بەڕێوە بچێ. بە پێی زانیارییەکان نەفەری یەکەم بنەماڵەکەی سەر بە ڕێژیمە.

## خۆکوژیی کچێك لە شاری سنە

ڕۆژی سێزدەبەدەر لە شەقامی موبارەك ئاوای (مبارك آباد)ی شاری سنە کچێك بە ناوی شەرمین زارع ڕەمشتی کە مارەبڕاوی خۆشەویستەکەی بووە بە هۆی ناڕەزایەتیی باوکی لەسەر ئەو مەسەلەیە خۆی کوشتوە.

## کوشتنی لاوێکی کورد لەلایەن سەرهەنگێکی هێزی ئینتزامیی ڕێژیمەوە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە کاتژمێر ٢ لاوێکی کورد بە ناوی کەماڵ ڕەحمانی لەلایەن سەرهەنگیی هێزە ئینتیزامییەکانی بەناوی عەلی ڕەزاوەندی بە لێدانی حەوت گوللە لە لاق، سەرو زگی کوژرا. تاوانبارەکە بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست گیراوە.

## کۆچی دوایی خوشکی دوو شەهیدی حیزب

ریکەوتی ٨٦/١/١٣ دڵسۆزێکی خاكو نیشتمان بە ناوی عایشە بابەکری ناسراو بە عایشە مەنگوڕ، خەڵکی ئاوایی کانی ڕەش سەر بە شاری شنۆ بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

خاتوو عایشە خوشکی دوو شەهیدی ڕێگای ئازادیی کوردستان، شەهیدان ڕەشید مەنگوڕو خالید مەنگوڕ بوو. ناوبراو لە دوای لە سێدارەدانی شەهید ڕەشید لە ساڵی ١٣٧٤ بە دەستی کۆماری ئیسلامی تووشی نەخۆشی دڵ هاتو هەر ئەوەش بوو بەهۆی گیان لەدەست دانی.

ئەو دڵسۆزەی نیشتمان تا کاتی ماڵ ئاوایی لە زێدو نیشتمانەکەی ئاواتی گەورەی ڕزگاریی کوردستان بوو کە بە داخەوە مەرگ مەودایی نەدا تا ئاواتەکەی بێتە دیو بەچاوی خۆی بیبینێ. ڕۆحی شاد.

## ئیدریس خەلیقی لەلایەن هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕێژیمەوە گیرا لە شاری مەهاباد

ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ ئیدریس خەلیقی لە سەر گلکۆی پێشەوا قازی محەمەد لەلایەن هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕێژیمەوە قۆڵبەست کرا.

شایانی باسە ناوبراو لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ بە تاوانی بەڕێوە بردنی مەراسیمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لەسەر مەزاری نەمران بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ گیرا بوو کە بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد ببوو. دەبێ بگوترێ کە ئیدریس خەلیقی تا ئێستا ٢جار لەلایەن دادگای ئینقلابی مەهابادەوە بانگ کراوە.

## کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی ساڵەکانی ٤٧ ـ ٤٦

ڕێکەوتی ١٧ی خاکەلێوەی ئەمساڵ کاك قادر حەسەن پوور کۆچی دوایی کرد.

مام قادر ساڵی ١٣٤٦ پێوەندیی بە تێکۆشەرانی ساڵەکانی ٤٧- ٤٦ی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە گرتو وەك ئەندامێکی دڵسۆز تێکۆشانی نهێنیی هەبوو. ساڵی لە لایەن دەزگای سیخوڕیی ڕێژیمی شاوە پێی دەزانرێو ڕاپێچی بەندیخانەکانی مەهابادو ورمێو قەسری قاجار دەکرێو بۆ ماوەی ١٤ مانگ بەند دەکرێ. ناوبراو دوای ئازادبوون لە بەندیخانەش هەروا وەفادار بە ئامانجەکانی حیزبی دیموکرات مایەوەو دوای تێك ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی چالاکیو تێکۆشانی حیزبیی خۆی دەست پێکردەوە. بەم بۆنەیەوە وێڕای بەداخ بوون لە کۆچی دوایی ئەم تێکۆشەرە لە مێژینەیە، هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەکەی دەکەین.

## پیرانشار: بەهۆی تەقەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم کەسێکی زەحمەتکێش بریندار بوو

لە سەرەتاکانی مانگی خاکەلێوەدا، لە ئاوایی "شنۆزەنگ"ی ناوچەی پیرانشار کاسبکارێك بە ناوی ڕەحیم مەحموودی کەوتە بەر دەسرێژی چەکدارەکانی ڕێژیمو بریندار بوو. ناوبراو کە ٤ گوللەی وێ کەوتبوو، پاش ئەوەی ٥ ڕۆژ لە نەخۆشخانەی مەهاباد، خەوێندرا، ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوە، ڕەوانەی زیندان کرا.

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕێکخستنی فینلاندی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



ڕێکەوتی ٢٠٠٧، ٣،٣٠ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند، پێکهاتوو لە کاك تاهیر قاسمی بەرپرسی کۆمیتە، ئەیوب سوری بەرپرسی کۆمیتەی هەرێمی هێلسینکیو لوقمان زەهرایی بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان، پرشنگ محەمەدی بەرپرسی کۆمیتە، پەیام مەلازادە بەرپرسی پەیوەندییەکان لەگەڵ لوقمان نەجاری بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ڕێکخستنی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆبونەوە.

لەو دیدارەدا باس لە هاوکاریی هەرچی زیاتری هەردووك لایەن کراو جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە کرایەوە کە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە لە ڕێگای دیالۆگەوە بە ڕێزگرتن لە یەکترو بە بڕوا بوون بە پرەنسیپە دێموکراتیەکان چارەسەری گیروگرفتەکانیان بکەنو بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد بخرێتە سەرووی بەرژەوەندیی حیزبی.

بابەتی هاوکاریی هەرچی زیاتری هێزە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستانو پتەو کردنی هەستی نەتەوەییو یەك گوتار بوون کە باس کردنی کێشەی کورددا لایەنێکی دیکەی باسەکانی هەردوو لابوو.

## کۆبوونەوەی بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتی کرێکارانی نورویژ

ڕێکەوتی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٧ نوێنەرانی کۆمیتەی



حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نورویژ پێکهاتوو لە:

کوێستان گادانی، سەلاح عەبدوڵڵا پوورو پیران قادرزادە سەردانی بارەگای ناوەندی پارتی کرێکارانیان کردو لەلایەن ماریا هیفزی ڕاوێژکاری سیاسی بۆ کاروباری نێونەتەوەییەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا.

سەرەتا لە لایەن کوێستان گادانی، هاوڕێیانی حیزبی بە خانمی ماریا ناسێندران. دواتر کوێستان گادانی باسەکانی دەست پێکرد کە تەوەری سەرەکیی باسەکان پێك هاتبوو لە دوو بەش، بەشی یەکەم لەسەر گۆرانکارییەکانی ئەم دوایانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانبوو.

لە بەشی دووهەم دا باس لە بەرنامەو پرۆژەی کاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە داهاتوداو چۆنیەتیی پەیوەندی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دۆست بە تایبەتی پارتی کرێکاران لە نورویژ کرا دواتر لە لایەن خانمی ماریا هێفزی کۆمەڵێك پرسیار لەسەر وەزعیەتی خەباتو تێکۆشانی حیزب، چالاکییەکانی لە نێوخۆی وڵاتو کۆمەڵێك پرسیاری گشتی دیکە ئاراستەی نوێنەرانی حیزب کرا کە لە لا یەن کوێستان گادانیو سەلاح عەبدوڵڵا پوور بە تێرو تەسەلی وڵامی پرسیارەکان درایەوە.

جێگای ئاماژەیە کە خانمی ماریا خۆشحاڵیی خۆی بۆ چالاکی بەرچاوی کوردەکان نیشانداو هیوای خواست کە پەیوەندییەکانی نێوانیان پتەوتر بێ.

## ئاڵمان :کۆبوونەوەی نێوان کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور

لەسەر بانگهێشتنی کۆمیتەی ئاڵمان کۆبونەوەیەکی هاوبەوش لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٤/١ دەگەڵ بەرپرسانی کۆمیتەی ئاڵمانی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکور، بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە سەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە هاوکاریی نێوان هەر دوولا پێکهات لەلایەن کۆمیتەی ئاڵمان خالید حەسەنپور، سوڵتان گولاوی بەشداری کۆبونەوەکە بوونو بە درێژی لەسەر سیاسەتی حیزب سەبارەت بە هاوکاری لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد دوان.

هەروەها باسی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییەی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هۆکارەکانی لەتبوونی حیزب بۆ نوێنەرانی پارتی بەوردی باسکرا. شاندی پارتی دێموکراتی کوردستان - باکوور کە پێك هاتبوو لە باران هەمزەو هێژا وڵات، بە نۆرەی خۆیان خۆشحاڵیی خۆیان بۆ ئەو چاوپێکەوتنە دەربڕیو لەسەر پەرەپێدان بە هاوکارییو دۆستایەتیی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان پێیان داگرت.

وەفدی پارتی دێموکراتی کوردستان - باکوور بەداخ بوون لەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان تووشی لەتبوون بووەو پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە بە هاوکاریی خۆیان هەوڵدەدەن بۆ هێنانەگۆڕێ کەشو هەوایەکی دۆستانە لە نێوان هێزە کوردستانیەکان دا.

## سەردانی هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەفتەری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شاری وییەن



ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٣ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێکهات بوو لە خدر هەمزە نژاد بەرپرسی کۆمیتە، دوکتور عەلی مازووچی ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتە، ڕەحمانی ئەمینی، محەمەد فەقێ عەلی ئەندامانی کۆمیتە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانییان لە شاری وییەن کردو لە لایەن دابان شەدەڵە بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی نیشتمانیو نوێنەری ڕەسمیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئوتریش پێشوازییان لێکرا. لە دانیشتنێکی دۆستانەدا کە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند بابەتەکانی پێوەندیدار بە لەتبوونی حیزبی دێموکرات، هاوکاریی هێزە سیاسییە کوردستانییەکانو کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار خرانە بەر باسو بیروڕایان لەسەر گۆردرایەوە.

## کۆبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سویس لەگەڵ بەرپرسانی پایەبەرزی ئیداری پەنابەریی سویس

ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٣/٢٦ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێکهاتبوو لە ڕەحمان ئیبراهیم زادە بەرپرسی کۆمیتەو کەماڵ بەروەندی ئەندامی کۆمیتەو ئاوێزان ڕەحمان زادە لەگەڵ ئیدارەی بەشی پەنابەریی سویس (ب ف م) کۆبوونەوە.

هەیئەتی حیزب لەو دانیشتنەدا تیشکی خستە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆ لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانەوە بە گشتیو لە کوردستان بەتایبەتیو ئەو کردەوانەی ڕێژیم کە دەبنە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر وڵاتی خۆیان جێ بێڵنو پەنا بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بێننو بە کەمترین مافی ژیانیان کە پەنابەریە ڕازی بن. هەروەها باسی بەشێك لە دیرۆکی ح د ك کرا کە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوە ژێر دەستەکەیو دابینکردنی دێموکراسی لە ئێران ٦١ ساڵە خەبات دەکا .

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا وەزعی دژوارو نالەباری پەنابەرانی کورد لە وڵاتی تورکیە خرایە بەرباسو داوا کرا دەوڵەتو خەڵکی سویس بە گشتیو ئیداری ناوبراو بەتایبەتی کار بکەن بۆ دەرباز کردنیان لەو هەلومەرجە دژوارە.

بەرپرسانی ئیدارەی پەنابەرانی سویس گوتیان: ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان لە ڕێگای سەفارەتخانەکەیانەوە لە تورکیە تارادەیەك ئاگاداری وەزعی ئەو پەنابەرانە هەنو لەم بارەیەوە پێوەندی گیراوە بە کۆمیساریای بەرزە پەنابەران لە ژنێفو داوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ئەو پەنا خوازانە کراوەو لە داهاتووشدا ئەو کارە درێژە دەدەن.

لە بەشی کۆتایی ئەو دیدارە باس لە وەزعی پەناخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سویس کرا کە هەتا ئێستا مافی پەنابەرییان وەرنەگرتوەو پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەو پەناخوازانە دووپات کرایەوە.

# وتاری نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز مەحموود محەمەد

## لە ڕێوڕەسمی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی قازی محەمەد دا



مەحموود محەمەد

خوشک و برایانی بەڕێز!
خۆشبەختم بەناوی بەڕێز سەرۆکی کوردستان سەرۆک مەسعوود بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداریتان دەکەم لە ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ٦٠ ساڵەی بەغەدر لە سێدارەدرانی قازی محەمەدو هەواڵەکانی.

بە بۆنەی شەستەمین ساڵوەگەڕی بەغەدر لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێکانی سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین. پێشەوا قازی محەمەدو هەواڵەکانی هەڵکەوتووی قۆناغێکی قەیراناوی بوون لە سەدەی رابردوو، وەك کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسەتمەدارێکی دیار کە خوێندنەوەیەکی گونجاوی هەبوو بۆ واقیع و ڕووداوەکانی ئەو سەردەم. ئەو قۆناغە پڕاوپڕی بوو لە تێکچڕژان و ڕووبەڕوو بوونەوەی بەرژەوەندییەکان، قۆناغێك کە لێوان لێو بوو لە هەڵپەی دەسەڵات و زێدەکردنی قەڵەمڕەوی نفووز لە سەر کەوڵی شکانی ئاڵمانیا و هاوپەیمانەکانی لە جیهان. بەگشتی ئەو کاتەی نەخشەی دەوڵەتان تێك دەدراو گۆڕان بەسەر دەوڵەتان دا دەهات و دەوڵەتی نوێ دەهاتنە نێو نەخشەی جیهانەوەو ئەو کاتەی حیزبەکان هەڵ دەوەشانەوەو حیزبی نوێ دەهاتنە کایەوە پاش شەڕی کاولکاریی دووهەمی جیهانی، پاش کوژران و سەقەت بوونی دەیان میلیۆن مرۆڤ و تێك ڕمانی ژێرخانی ئابووریی وڵاتان، ئەو دەمەی هەموو هەوڵەکان بۆ گۆڕان و لە نوێ بونیادنانەوە بوو، شەهید پێشەوا قازی محەمەدو هەوڤاڵەکانی لە ئاستی ئەو ڕووداو گۆڕانکاریانەدا بوون کە لە ڕووی سیاسی و عەسکەری لە ئێران و عێراق لە ئارادا بوون و بە هەلومەرجێکی لەباریان زانیبوو بۆ بەدیهێنانی بەشێك لە خواست و ئاواتەکانی نەتەوەکەیان. هەرچەندە واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئێران بەگشتی بە ڕادەیەك ئاڵۆز بوو کە کاری سیاسی لە ناو ئەو واقیعەدا کارێکی ئاسان نەبوو. بەرژەوەندییە شەخسییەکان، بەرژەوەندییە خێڵەکییەکان و بەرژەوەندییە ناوچەیی‌یەکان زاڵ بوون بەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکان دا. بۆیە دەبوو یارییەکی سیاسی تەمام عەیار لە نێو دژبەیەکییەکان دا بکرێ بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتی نەتەوەیی و نێوخۆیی. شەهید [قازی محەمەد] ئەو توانایەی لە خۆی‌دا دەبینی بۆیە نەخشەیەکی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕاگەیاندن، ئابووری و عەسکەریی لەبەرچاو گرتبوو. هەوڵی دەدا هەر بابەتەو لە خانەی خۆی و لە کاتی گونجاودا جووڵەی پێ بکرێ و ڕەچاوی ڕادەی توانایی قبووڵکردنی جڤاکی کۆمەڵگای کوردەواریی تێدا بکرێ.

کۆماری کوردستان کە دامەزرا ڕەنگدانەوەیەکی گشتی و گشتگیری هەبوو لە سەرانسەری کوردستان، بوو بە جێگای ئومێدو چاوەڕوانیی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان. زلهێزەکانی ئەو کاتیش بە وردی موتابیعەیان هەبوو بۆ هەنگاوەکان و پێشکەوتنەکان و هەر یەکیان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەو کۆمارە تازە دامەزراوە دەکرد.

بە چوونی بارزانیی نەمر بۆ مەهاباد بە خۆی و ژمارەیەکی زۆر لاوی خوێن گەرم و چەك بەدەستی بارزانی و غەیری بارزانی بزووتنەوەی کوردی پێی نایە قۆناغێکی دیکەوەو ڕەهەندێکی دیکەی لێکەوتەوە. لە بەرامبەردا عەقڵییەتێکی شۆڤینیستی و پاشکەوتوویی دەسەڵاتی شاهنشاهی‌دا لە ئێران نەیدەتوانی ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە نەوعییە هەرس بکاو قەبووڵی بکاو هەربۆیەش کەوتە پیلانگێڕان. لەگەڵ پیلانگێڕییەکەی ساڵی ١٩٧٥ی ڕێژیمی عێراق وێکچوونییەکی باشیان هەیە. قەواموسەلتەنە نەوتی ئەوکاتی ئێرانی بۆ سۆڤیەتی ئەوکات هەراج کرد لەبەرامبەر پاڵپشتی نەکردنی لە پێشەواو کۆماری کوردستان، هەروەکوو چۆن سەدامی گۆڕبەگۆڕ و داروودەستەکەی لە ساڵی ١٩٧٥ بەشێك لە خاك و ئاوی عێراقیان بەخشی بە ئێران لە بەرامبەر سەرکەوتنی پیلان و نەخشە شوومەکەی ٦ی ئازاری جەزائیر بۆ دژایەتی کردنی بارزانیی نەمرو شۆڕشی ئەیلوول.

پێشەوا قازی محەمەد پاش هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەو ڕێگرتن لە زیانی زۆر بە هاووڵاتیان و وەعدەکانی سەرانی ڕژێم بڕیاری مانەوەی‌دا. بەڵام بە داخەوە وەعدەکانی سەرانی ڕژێمی شاهنشاهی هەر وەکوو پێشوو فێڵاوی بوون و پێشەوایان لە دادگایەکی نایاسایی‌دا دادگایی کرد. لە ڕاستی‌دا پێشەوا دادگاو سەرانی ڕێژم و ڕێژێمی شاهنشاهیی دادگایی کردو ڕیسوای کردن و سەربەرزانە چووە سەر پەتی سێدارەو سەری شۆڕی سەرانی ڕێژیم و خۆفرۆشانی خستە ژێر پێی خۆیەوە. ئەم ڕووداوە سەلماندی کە دەبوایە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد پتر ئاگاداری وەعدە فێڵاوییەکانی دوژمنان بن. چونکە لە بەرامبەر عەقڵیەتێکی کۆن و پڕ لە فکری نەتەوەپەرستی و دوور لە دیموکراسی و دوور لە باوەڕ هەبوون بە مافی یەکسانی گەلان و مافی مرۆڤ دان کە هیچ ڕەوشتێك و ئوسولوبێکی دیموکراتیانەیان نیەو حەتا ڕواڵەتی دیموکراتیانەشیان پێوە نەدیتراوە.

بۆیە لەم بۆنەیەدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی محەمەدو هەواڵەکانی و سڵاو لە سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان و سڵاو لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان.

بژی کورد، بژی کوردستان، ئێوەش هەر شاد بن.

# هەڵبژاردەیەك لە وتەکانی بەڕێز عەلی قازی

## کوڕی پێشەوای شەهیدو سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان

## لە ڕێوڕەسمی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی قازی محەمەد دا



عەلی قازی

وێرای ڕێزو سەردانەواندن لە بەرانبەر هەموو شەهیدانی کوردستان. ئەلبەتە ئەو قسانەی برادەران لێرە کردیان هیچیان بۆ من تێدا نەهێشتەوە، باسی هەموو لایەنەکانی مەربووت بە پێشەوا قازی محەمەدو مەربووت بە شەهید بوونی پێشەوا قازی محەمەد لێرە بە دوورو درێژی کرا. فەقەت ئەوەی کەمن دەمویست پێی ئیزافە بکەم ئەو تۆهمەتانەیە کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە کاتی خۆی لە ڕۆژی شەهید کردنی پێشەوادا بڵاویان کردۆتەوەو بە حیسابی خۆیان بڵێی ئەو خیانەتانەی کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە قازی محەمەدو هەڤاڵانی بەرامبەر بە دەوڵەتی ئێرانیان کردوە، ئەوانە ئێستا بۆ قازی محەمەدو هەواڵەکانی پێشەوا قازی محەمەد جێگای ئیفتخارن. دەوڵەتی ئێران لەو بەیاننامەیەدا کە بە بۆنەی شەهید کردنی پێشەوا قازی محەمەد بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: پێشەوا قازی محەمەد، سەدری قازی کە برای مەرحوومی قازی محەمەد بوو هەروەها سەیفی قازی ئامۆزای مەرحوومی پێشەوا بوو لە بیدایەتی ساڵەکانی ١٣٢٠ەوە دەستیان کرد بە هێندێك تەحریفات و هێندێك جموجۆڵ بۆوەی کە دەیانهەویست بەشێکی ئێران لە ئێران جیا بکەنەوە. یانی مەبەستیان ئەوە بوو کە دەوڵەتێکی کوردستانی پێك بێنین. هەروەتر ئەوان پێشەوا قازی محەمەدو سەدری قازی و سەیفی قازی بەوە موتەهەم دەکەن کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانیان لە کوردستان هەڵگرت و ئاڵای ئێرانیان هێنایە خوارێ و لە باتی ئەو ئاڵای کوردستانیان هەڵ دا. هەروەتر ئەوەی دەڵێ کە لە ڕۆژی٢ی ڕێبەندان دا پێشەوا قازی محەمەد حکوومەتی ڕاگەیاند پاشانیش کە دەوڵەتی ئێران نیەتی ئەوە بوو بە بیانووی ئەوەی کە لە کوردستان ئینتخاباتی ئازاد بکاو لە سەر ئیتفاقێکی کە لەگەڵ دەوڵەتی ئازەربایجانی کردبوویان کە ئەرتەشی خۆیان بێتەوە کوردستانێ، لەو فاسلەیەدا بە تایبەت مەرحووم سەدری قازی و پێشەوا قازی و سەیفی قازی زۆر هەوڵیان داوە کە خەڵك موقاوەمەت بکەن و داوایان لە خەڵکی کردوە بە نووسین و سوخەنرانی و قسە کردن لە مزگەوتان دا بێن و پێش بە دەوڵەتی ئێرانێ بگرن بۆوەی دەوڵەتی ئێرانێ نەتوانێ بێتەوە کوردستان یانی خەڵك موقاوەمەت بکا لە موقابیل ئەرتەشی ئێران دا. بەڵام هێندێك لە عەشایرو لە خەڵکی کوردستان بەو مەوزوعەی ڕازی نەبوون و نەیان ویست موقاوەمەت بکەن.

ئەڵبەتە پێشەوا ئیمکانی ئەوەی هەبوو بۆخۆی و بە ماڵ و منداڵیەوە کوردستان بەجێ بێڵێ و بچێتە دەرێ. دەوڵەتی یەکیەتیی سۆڤیەت پێشنەهادی پێ کرد ماشێنی لۆرییان هێنایە بەر دەرگای کە خۆیی و ماڵ و منداڵ و هەرچی سەروەت و دەوڵەت و میکنەتی هەیەتی سواری بکەن و لەگەڵ خۆیان بیبەن بۆ یەکیەتیی سۆڤیەت، بەڵام گوتی لە ڕۆژی خۆشی‌دا لەگەڵ ئەو خەڵکەی بووم و لە ڕۆژی ناخۆشیشدا پێم خۆشە هەر لەگەڵ ئەو خەڵکەی بمێنمەوە. دەوڵەتی عێراق لە ڕێگای شێخ عەلائەددینی خەلانێ سێ جار کوڕەکەی شێخ عەلائەددینی نارد بۆ خزمەت پێشەواو داوایان لێ کرد کە بچێتە عێراقێ و لەوێ پەنابەریی بدرێتێ. ئەگەر پێشەوا ویستبای ئەو پێشنیارەی دەوڵەتی ئینگلیس قەبووڵ بکا - چونکە ئەو دەمی بەراستی حاکمی عێراقێ دەوڵەتی ئینگلیس بوو - دەی‌توانی کە پێشنیارەکەی ئەوان قەبووڵ بکاو بێتە ئێرەو گیانی خۆیی و ماڵ و منداڵی نەجات بدات. بەڵام پێشەوا لەسەر ئەوەش را کە دەیزانی شەهیدی دەکەن دەیکوژن بەڵام نەی‌ویست خەڵکەکەی بەجێ بێڵێ و ئەو حیسابەی قازی محەمەد کە بووی حیسابێکی زۆر ڕاست و دروست بوو، چونکە هەرەکوو ئاگادارین کە لە تەورێزێ بەدەیان هەزار کەس "دەڵێن زیاتر لە بیست هەزار" کەس هاتنە کوشتن.

بەڵام بەو حاڵەتەی کە پێشەوا قازی محەمەد مەسئولییەتی هەموو شتێکی لە ئەستۆی خۆی گرت و خۆی و هەروەتر چەند کەسێکی دیکە کە لە کۆمار دابوون ئەوانە شەهید بوون و بەراستی لە خوێن و خوێنرێژیی بەرگری کرد. لەوانەی کە ئەندامی کۆماری کوردستان بوون و ئیعدام کران بێجگە لە پێشەوا قازی محەمەدو سەدری قازی و سەیفی قازی لە مەهابادێ: حەمید مازوچی، ڕەسووڵ نەغەدەیی، عەبدوڵڵا ڕۆشەنکارو محەمەدی نازمی، هەروەها لە بنەماڵەی فەیزوڵڵا بەگی، عەلی بەگی شێرزاد، حەمەخانی فەیزوڵڵا بەگی، محەمەد خانی فاتیح، ئەحمەد خانی شەجیعی، ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵڵا خانی مەتین، محەمەد خانی دانشوەرو حەسەن خانی فەیزوڵڵا بەگی هەروەها لە هۆزی گەورکیش عەلی ئاغای جەوانمەردی، ڕەسووڵ ئاغای جەوانمەردی، شێخ سدیق و شێخ ئەمین ئەسعەد شەهید کران. ئینشائەڵڵا ناوی ئەو شەهیدانەو هەموو شەهیدانی کوردستان هەمیشە پایدار و سەربڵیند بێ.

# قسەکانی بەڕێز فاروق بابامیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

## لە ڕێوڕەسمی ٦٠ ساڵەی شەهیدبوونی قازی محەمەد دا



فاروق بابامیری

بەڕێزان!
منیش خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەرکی بەشدار بوونم لەم بۆنەیەدا لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەوە پێ سپێردراوە.

یادی پێشەواو جمهووریی مەهاباد مەعلوومە ناتوانێ لە شتێکی ئاوا کورت دا بەتەواوی بوێژرێ، لە بەر خاتری ئەوە من هەر ئەوەندە دەتوانم کە بڵێم مقاومەت و پایداری و وەفاداریی پێشەوا قازی محەمەد، بەرانبەر بە خەڵکی کوردو خەڵکەکەی خۆی لەلایەکەوە دەرسێکی گەورەی بە هەموو شۆڕشگێران دا کە دەبێ ئەگەر دەیانهەوێ میللەتیان ڕزگار کەن لە گیانی خۆیان ئاوا بە هاسانی بگوزەرێن و هەروەها نیشانی دا حەتا ئەگەر زبانی سوڵح و خۆشەویستیشت بێت دوژمنانی کورد هێندە دژبە ئازادین کە دەنگی هەموو ئازادیخوازێك دەخنکێنن.

دیارە ڕێگای شەهیدان و باشترین پاداش بۆ ئەم شەهیدانەو لە سەرەوەی ئەوان پێشەوا قازی محەمەد هەر ئەمەیە کە تا بەو ئامانجەی کە ئەوان گیانی خۆیان لە پێناوییان بەخت کرد نەگەین نەمانتوانیوە پاداشی ئەو فیداکاری و دڵسۆزی‌یەیان بدەینەوە. ئەمڕۆکەش دوای ٦٠ ساڵ ئێستاش میللەتی کورد لە ئێران لە ڕۆژهەڵات لە ژێر زەبرو زەنگ و کوشتن و تیرۆرو زیندان و ئەشکەنجەی جمهووری ئیسلامی دایە. ئەگەر وایە پێشەوا قازی و ڕوحی هەموو شەهیدانی کوردستان حوکم لە ئێمە ئەکەن کە هێشتا تاریخی ئەوان هەر زیندووە، ڕوحی ئەوان لە نێو ئێمە هەر زیندوە بەڵام لە هەلومەرجێکی تازەو گونجاوتردا. بۆیە ئەوکات جمهووریی مەهاباد حەتا لە بەشی موکریانیش لە سەقز بەولاوە تێنەپەری. ئەمڕۆ بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران هەر لە ئیلامەوە هەتا ماکۆ چوار پارێزگای گەورەی لە ئێران لە خۆگرتوە. ئەگەر ئەو کات تەنیا کوردو ئازەری هەبوون و ئەمڕۆکە بەلووچ و عەرەب و تورکمەنیش هاتوونەتە مەیدانێ. ئەگەر ئەو کات زلهێزەکان هەوڵیان دەدا حکوومەتی مەرکەزیی ئێران دابمەزرێننەوە، ئەمڕۆکە دوو قەتعنامە لەسەر حکوومەتی مەرکەزیی ئێران سادر بووە. ئەوە مەعنای ئەوەیە جمهووریی ئیسلامی لە ژێر فشارو زەختێکی زۆرەو دەروازەیەکی ڕۆشەن بەرەو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کراوەتەوەو هەر دیسان مەعنای ئەوەیە بۆ پاراستنی خوێنی شەهیدان بۆ پاراستنی خوێنی پێشەوا قازی محەمەد یەك جاری‌تر ڕێبەریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی تەبایی و برایەتی بخەینە ناو دەستی یەکترو خۆمان ئامادە کەین بەرەو ئەو مەیدانەی کە ئەمڕۆکە بۆ میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران کراوەتەوە. بۆیە ئێمە دەتوانین هێزو توانای کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەقووەت کەین نەك هەر ئەمە بەڵکوو سەهمی کورد لە داهاتووی سیاسیی ئێرانیش دا ئەوەندە بە قووەت کەین کە نەهێڵن ئەو تەجروبەیەی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئەمبەر هەمانەو بەتەنیا کورد بۆتە ستوونی فەقەراتی دێموکراسی لە عێراق.

ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین کورد لە ئێران و دێموکراتەکانی ناو ئێرانیش کۆکەینەوە بۆ ئەوەی بار لەسەر شانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران سووکتر کەین.

من جارێکی دیکە سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنم بۆ پێشەوا قازی محەمەد کە بە فیداکاری و جەسارەتی شۆڕشگێرانەی خۆی دەرس و ئەزموونێکی گەورەی بۆ ئێمە بەجی هێشت و جارێکی تریش تەعەهود ئەدەین لە پێناوی خوێنی ئەو شەهیدانەمان کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەوان دانانیشین و هەدا نادەین.

سەرکەوێ بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، مەرگ و نەمان بۆ جمهووریی ئیسلامی.

# ڕوانینی ژنانی دیموکرات لە دەرەوەی وڵات بۆ کێشەکانیان

لە درێژەی باس لەسەر ژنانی نێو حیزبی دێموکرات‌و تیشك خستنەسەر گیروگرفتەکان، ڕەخنەو داواکانیان، بە پێویستمان زانی ڕووبکەینە ژمارەیەك لە ژنانی چالاکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات. لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی ئەو وەڵامانە بڵاو دەکەینەوە کە کۆمەڵێك لەو ژنانە داویاننەوە بە پرسیارەکانی "کوردستان". درێژەی ئەم وتووێژانە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەبێتەوە.



زیبا سەروەری

**هۆی چییە ژنان لە تێکۆشانی حیزبی‌و بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتییە حیزبییەکان لە دەرەوەی وڵاتدا، ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە؟**

**زیبا سەروەری:**

ژنانی تاراوگە لەگەڵ زۆر گرفت ڕووبەڕوو دەبنەوەو دەبێ هەموو شتێکی ژیان لە سەرەتاوە دەس پێبکەن. کاتێکی زۆر دەبێ تەرخان بکەن بۆ زمان فێر بوون، خوێندن‌و کار پەیدا کردن. زۆر لەو ژنە کوردانەی کە ڕوو لە تاراوگە دەکەن بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا قەڵەم دەگرنە دەست‌و فێری پیتی لاتین دەبن. ئەو ژنانە تێدەکۆشن کە کارێك پەیدا بکەن‌و لە باری ئابووری سەربەخۆ بن‌و موحتاجی دەستی کەس نەبن. ئەو ژنەی کە خوێندەوارییشی هەیە دەبێ کاتێکی زۆر بۆ خۆ پێگەیاندن‌و بردنەسەری تەحسیلات تەرخان بکات. ژیانی تاراوگە لە زۆربارەوە، بۆ زۆر کەس، بە تایبەت بۆ ژنان بە مانای دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێ لە ژیان دایە.

هۆیەکی سەرەکییش ئەوەیە کە تەشکیلاتەکانی حیزب ناتوانن بەو جۆرەی پێویست ژنان بەرەو خۆیان ڕابکێشن. ئەو ڕێکخراوانە هەمان سیستەم‌و شێوە تێکۆشانیان هەیەو ڕەنگە هەلو مەرجی ژیانی ئێرە ئەو شێوە خەباتە هەڵ نەگرێ.

لێرە ژنان دەبێ بۆ بژێوی خۆیان لە حەوتوودا ٤٠ سەعات کار بکەن‌و ڕەنگە مرۆڤ دوای ٤٠ سەعات کار، خۆی سەرقاڵی شتێك نەکات کە زۆر بۆی جەزاب نەبێت. چونکە بەشێك لە ژنان پێیان وایە چالاکیی ڕێکخراوەیی بەو شێوەیە قازانجێکی ئەوتۆی بۆ مەسەلەی ژن نابێت.

**کویستان بابایی:**

ئەو مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان ئەوەی کە ژنان بۆخۆیان کەمتر دەیانەوێ لە نێو کاروباری حیزبی دا بەشدار بن کە ئەمەشیان هۆکاری جۆراوجۆری هەن. هێندێك جاران لەوانەیە کارکردن‌و خوێندن یان گرفتەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانە بێ، هێندێك جاری دیکەش نەبوونی ئەو مەجالەیە کە دەبێ بۆ ژنان بڕەخسێ.خەریکە باوەڕ بەوە دێنم کە سیاسەت بۆ پیاوانەو کارەکانی دیکەش پەرستاریو.. کاری ژنانە. بەڵام ئێمە کە لە ئورووپا دەژین لەگەڵ پێچەوانەی ئەمەدا بەرەورووین. ژنان لە پارلمانی سوئێد دا زۆر کەمتر نین لە پیاوان. لەو دواییانەدا لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی فینلاند دا ڕێژەی بەشداریی ئەندامانی ژن بۆ ٤٢٪ بەرز بۆوە. بەڵام دەبێ دان بەو ڕاستی‌یەش دا بنێین لێرە ژنان کۆمەڵێك گارانتییان هەیە لە وەرگرتن‌و پێ ئەسپاردنی ئەرکە حیزبی و دەوڵەتی‌یەکاندا، کە لە نێو حیزبەکانی ئێمەدا نیە.

**شوعلە قادری:**

بە ڕای من حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات‌و دەرەوەی وڵات هەر هەمان بەرنامەو بۆچوونی هەبووە بە نیسبەت ژنان. ڕاستە ئێرە (ئورووپا) کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی هەیە، بەڵام حیزبەکەی ئێمە هەر هەمان حیزبی کوردستان بە هەمان هەڵسوکەوت بووەو هیچ جەزابییەتێك یان هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆی نەبووە کە بتوانێ بە سەبکی تازە ژنان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو کاریان پێبسپێرێ. بۆ نموونە ئەمن دەگەڕێمەوە سەر کۆنفرانسی کۆنگرەی ١٣ کە ئێمە لە سوئێد گرتمان، ٣ کاندیدای ژنمان هەبوو بەڵام هاوڕێیانی پیاومان ئیزنیان نەدا تەنانەت یەك لەو ژنانە ڕەئی بێنێتەوەو بەرەو کۆنگرە بگەڕێتەوە.

**کوێستان گادانی:**

بە ڕای من بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بەر لە هەموو شتێك ئاوڕێك لە ناوخۆی کوردستان بدەینەوە. هەروەك هەموو ئاگادارین کە سیستیمێکی پیاوسالارانە هەمیشە باڵی بەسەر هەموو چەشنە چالاکی‌یەکی ئۆرگانیك لە کوردستان دا کێشاوە. دیارە حیزبیش لەو دیاردەیە بێ بەری نەبووەو تەنانەت ڕێبەرایەتییشی گرتۆتەوەو بگرە بۆتە شێوەیەکیش لە چۆنیەتیی بەڕێوەبەریی کاروبارەکان. دیارە هۆی تریش هەن بەڵام بە ڕای من هۆی سەرەکی ئەمەیە.

**گوڵاڵە شەڕەفکەندی:**



کوێستان گادانی

یەکەمین‌و بنەڕەتی‌ترین هۆکار بەلای منەوە ئەوەیە کە پیاوان قەت باوەڕیان بە توانایی ژنان نەبووە. ئەگەر گوتووشیانە وەرنە مەیدان، بەدڵ نەبووەو پێیان وایە کە ژنەکان ناتوانن. ژنەکانیش چونکە زۆر کەم دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە خۆیان نیشان بدەن‌و فرسەتی تەمرین‌و فێربوونیان نەبووە، باوەڕو ئیعتمادیان وەدەست نەهێناوە. قەت نەیانتوانیوە توانایی خۆیان نیشان بدەن. بەدایم لە قەزاوەتی پیاوان ترساون.

دووهەم ئەوەی کە پیاوەکان لە حیزبایەتی کردن دا ئۆلگوو و نموونەیەکی جوانیان نیشانی ژنەکان نەداوە. حیزبایەتی کردنی پیاوان زیاتر وەك هەڵاتن‌و دوورکەوتنەوە لە ماڵ، کەنگەشەی بێبەهرە یاکوو شیعاردان وەبەر چاو هاتووە. جا ئەگەر حیزبایەتی کردن ئەوە بێ ژنان چۆنی خۆ لێ بدەن؟

ئەو کۆمەڵگایەی حیزبییەی کە ژنان دیتوویانە، زۆر وێچوو نەبوو. قسەو باسێك کراوە ژنان لە خۆیان ڕانەدیوە تێکەڵی ئەو جۆرە بۆچوون‌و باسانە بن، چونکە سوور زانیویانە وانیەو وانابێ.

هۆیەکی‌تری ئەوەیە کە زۆرتری باسەکان پیاوانە بوون‌و زۆر کەم لە جنسی خواست‌و ئینتیزاراتی ژنان بوون. ڕوانگەی



گوڵاڵە شەڕەفکەندی

ژن سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی تەواو جیاوازە. وەك بیری ژن بۆ هەموو شتێك جیاوازیی هەیە لە بیرو بۆچوونی پیاوانە. ئەو باسانە لە جنسی پیاوانە(male curse dis) بوو، بۆیە جەزابییەتی زۆری بۆ ژنان نەبووە چونکە نەیانتوانیوە خۆیان لە ناو ئەو بەحسانەدا ببینەوە.

– یەکێکی دیکە لە هۆیەکان ئەوەیە کە ئێمە زۆر لە کاری تیمی‌دا تەبا نین، پشتی یەکتر زوو بەر دەدەین‌و ئەوەی کە شەبەکەکانمان زۆر جێی ئیعتیماد نین، ژن دەخۆی ڕانابینێ خۆی لێبدا چونکە دەزانێ کەس نیە پشتی بگرێ‌و ئەگەر بیشیگرێ زوو لە عەرزی دەدا. ناوێرێ باوەڕ بە پیاوو ژن، بە هیچکامیان بکات، خاترەی باشی لێ نین.

– هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە ژنان دەزانن ئەگەر زۆریش لە پیاوان باشتر بن، دیسانیش هۆمێدێك بۆ ئاڵوگۆڕ پێکهێنان نیە، چونکە پیاوان ڕێگا نادەن‌و زۆرینەن. دەشزانن هەوەڵ قەدەم دەبێ گۆڕانکاریی بنەڕەتی بێت چونکە حیزبایەتی کارێکی لاوەکی نیەو کارێکی پیرۆزە بۆ گۆڕینی دواڕۆژی میللەتێك.

- زۆر کەس پێیانوایە کە ژنان لە ترسی ئەوەی کە ڕێگای چوونەوەی ئێرانیان لێنەگیرێ، چونکە دەبێ بتوانن بچنەوەو سەردانی کەس‌و کاریان لە وڵات بکەن، خۆ لە حیزبایەتی نادەن. ئەوەش دەتوانێ هۆیەك بێت. هەڵبەت بۆ من لە هەموویان گرینگتر ئەوەیە کە پیاوەکان قسەو عەمەلیان یەك نەبووە. بە قسە باوەڕیان هەیە کە ژنەکان بێن‌و دەتوانن‌و لە عەمەلدا نیشانیانداوە هیچ باوەڕیان بەو قسانە نیەو تەنیا بۆ زاهیرە. هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ خێزانیان ئەوەی نیشان داوە. ئایا دەکرێ وەك هاورێیەکی حیزبی باوەڕی بە مافی ژن‌و یا تێکۆشانی ژن هەبێ؟ جا بۆیە ژن زوو زانیویەتی ئەوە تەنیا قسەیەو نابێ پشت بەو قسەیە ببەستێت.

**کچانی بنەماڵە حیزبی‌یەکان لە کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات دا بەشداری‌یەکی بەرچاویان هەیە، بۆچی دواتر کە تەمەنیان دەچێتە سەر، بەم گەرم‌و گوڕییە لە کاروباری حیزبی دا بەشدار نین؟**

**کوێستان گادانی:**

دیارە لە نێو هەموو کۆمەڵگایەك دا چەشنی بیرکردنەوەی لاوان تایبەتی‌یەو هەر بەو هۆیەش لاوان دەتوانن زووتر تێکەڵاو بن‌و دەست بەو چالاکییە کۆمەڵایەتی‌یەکان بکەن. بەڵام دواتر کە تەمەنیان دەچێتە سەر، بە بڕوای من دوو هۆی سەرەکی دەبنە ڕێگر بۆ درێژەدان بەو چالاکییە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییانەی کە پێشتر هەیبوون. یەکەم بە هۆی تەمەن دەکەونە ناو ڕیزی تەشکیلاتێکی نوێ‌و لەژێر تەئسیری ئەو سیستەمەدا کە لە وەڵامی پێشتردا باسم کرد واتە ئەو دەسەڵاتە پیاوسالارەکە حاکمە. دووهەم دیارە بە هۆی چوونە سەری تەمەنی ئەمجارە بەرپرسیاریەتییەکی نوێ دەکەوێتە سەر شانی‌و دەبێ خۆی لەگەڵ ڕابێنێ واتە هەڵبژاردنی ژیانی هاوبەش. لەم بەشەدا بۆ ئەوەی کە بتوانێ لە چالاکی‌یەکانی‌دا بەردەوام بێ، دەبێ کەسێك لە ناو ماڵ دا پشتیوانی بێ یان خود لە کاروباری ناو ماڵ دا هاوکاری بێت تاکوو ئەمە نەبێتە ڕێگر بۆ بەشداری لە چالاکی‌یەکاندا کە بەداخەوە ئەمە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری‌دا بەگشتی لاواز دیارە.

**شوعلە قادری:**

لەبەر ئەوەی تەشکیلاتی حیزبی نەیتوانیوە بەرنامەیەکی ئەوتۆی هەبێ کە لەگەڵ ویست‌و داخوازەکانی ئەو بەشە لە ژنان کە پێشتر لە یەکیەتیی لاوان دا پەروەردە بوون، گونجاو بێ‌و ئەوان بۆ لای تەشکیلاتی حیزبی ڕابکێشێ. چونکە ئەوان لە نێو یەکیەتیی لاوان دا تا ڕادەیەکی نەك هێندە زۆریش بەڵام سەربەستییەکیان هەبووە.

**گوڵاڵە شەڕەفکەندی:**

من پێم وایە دوو هۆی سەرەکی هەن:یەکەم، ئەوەیە ئەو کچانە لەبەر چوونە سەری تەمەنیان تووشی کارکردن، بنەماڵە پێکهێنان یا مەشغەڵەی‌تری وەك پەروەردەی منداڵ دەبن‌و مەسئولییەتەکانیان زیاد دەکا، فرسەتێکی ئەوتۆیان بۆ نامێنێتەوە وەدوای کاروباری حیزبی بکەون.

دووهەم، ئەوەی کە بوونیان لە ناو یەکیەتیی لاواندا هۆی

بۆ لاپەڕی ١١ ←

## زیبا سەروەری

ساڵی ١٣٤٣ لە شاری شنۆ لە دایك بووە. لە دوای شۆڕشی ئێران بوو بە لایەنگری حیزبی دیموکرات‌و لە یەکیەتیی لاوان‌و یەکیەتیی ژنانی دیموکرات دا دەستی بە چالاکی کرد. دواتر خەباتی خۆی بە شێوەی نهێنی لەگەڵ تەشکیلاتی حیزب درێژە پێدا. لە تەمەنی ١٨ ساڵی ناچار بوو بێتە ڕیزی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب‌و چالاکیی خۆی لە کومیتەی شارستانی نەغەدە درێژە پێدا. دوای چەند ساڵ مانەوە لە شاخ، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ئورووپا گیرسانەوە. دەرسی پەرستاری خوێندووەو تەخەسوسی نەخۆشییە دەروونییەکانی وەرگرتوە.

## کوێستان بابایی

تەمەنی ٢٢ ساڵەو لە ناوچەی هەورامان لە دایك بووە. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە لە وڵاتی سوئێد دەژی. ئێستا خوێندکاری زانستە سیاسی‌یەکانە لە زانکۆی لینشۆپینگ.

## کوێستان گادانی

لە ساڵی ١٩٧١ی زایینی لە مەهاباد لە دایك بووە. لەنێوخۆی کوردستان دا لەگەڵ بنەماڵەکەی بە گشتی لە نێو حیزب دا بووەو لە بەشی جۆراوجۆری هونەری‌دا چالاك بووەو هاوکات لە قوتابخانەی شۆڕش تا پۆلی ٣ی ناوەندی درێژەی بە خوێندن داوە. لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا وەك ئەندامێکی حیزب لە بەشی ڕادیۆو ئینتشارات‌و دوایی لە دەبیرخانە درێژەی بە چالاکی داوە. ساڵی ١٩٩٢ چۆتە وڵاتی نۆروێژ. لە ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٤ وەك وەرگێڕ کاری کردوە.

لە نۆروێژ ئەندامی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان بووە. دیارە هاوکات ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بووە. لیسانسی شیمی وەرگرتوە.فەوقی لیسانسی بیۆلۆژیی هەیە.

## شوعلە قادری

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران وێڕای بنەماڵەکەی تێکەڵ بە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، نزیك بە ١٥ ساڵ وەك مامۆستای قوتابخانەو وەك کادرێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا خزمەتی کردوە. چەند ساڵێکە بە بنەماڵەوە لە سوئێد گیرساوەتەوەو لە کارو تێکۆشانی حیزبی‌دا هەروا چالاك ماوەتەوە.

## گوڵاڵە شەڕەفکەندی

ساڵی ١٣٤٧ لە مەهاباد لە دایك بووە، لە ئێران لیسانسی وەرگێڕان لە زمانی ئینگلیسی‌و فەوقی لیسانسی زمانی ئینگلیسی وەرگرتوە. لە ساڵی ٢٠٠١ەوە لە سوئێد دەژی. ئێستا لە زانستگەی ستۆکهۆڵم خەریکی ئامادەکردنی پایاننامەی فەوقی لیسانسە لە ئەنتێرناشنال پێداگوژی (کادری پەروەردەی نێونەتەوەیی).

# برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران


# ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٤٥٩ (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٨٦)

adabstan24@yahoo.com


## ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵ وەرین






### شەهید مستەفا عەسری

ئەو ساڵانەی دەسەڵاتی جەهەننەمیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران هێشتا بەسەر هێندێك لە شارەکانی کوردستان دا زاڵ نەببوو، خەڵکی ئەو شارو ناوچانە، رۆژگارێکی ئەوەندە خۆشیان تێپەڕ دەکرد کە زەحمەتە هیچ کات لە بیری بەرنەوە.راستە ئەوان لەلایەن رێژیمەوە گەمارۆی ئابووری درابوون و نێوە نێوەش دەکەوتنە بەر پەلاماری هەوایی و زەمینی، بەڵام بەو وەزعەشەوە ئازادیو زاڵبوون بە سەر چارەنووسی خۆیان لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی شووراکانی خۆیان و رێنوێنیی حیزب و رێکخراوە سیاسییە تێکۆشەرەکانی کوردستان و لە پەنا ئەمنییەتی دابینکراو بە هۆی چەکی رۆڵە پێشمەرگەکانی خۆیان تاقی دەکردەوە.

شاری شنۆ کە تا کۆتاییەکانی هاوینی ١٣٦٠ شانسی کەڵك وەرگرتن لەم ئازادی یەی هەبوو، شانبەشانی ئازادیی تێکۆشانی سیاسی بۆ دانیشتووانی، شایەدی دەست پێکردنی جموجوڵێکی بەر بڵاوی هونەری و فەرهەنگی بوو. لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٨، ١٣٥٩و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٣٦٠ دا چەندین بەرنامەی هونەری بە بۆنەی جۆراو جۆرەوە لەم شارە بەڕێوە چوون. شانۆی "ژیانی پێشمەرگە" کە مامۆستا پەیمان مێهدیزادەو من پێکەوە کاری نووسین و دەرهێنانیمان کرد، یەك لەو شانۆیانە بوو کە زستانی ١٣٥٩ بە بۆنەی ٢ی رێبەندانەوە لەم شارەو پاشان لە "نەلۆس"و دواتر لە بۆکان بەڕێوەمان برد.

شانۆی "ژیانی پێشمەرگە" بۆ من دەرفەتێك بوو بۆ ئاشنایەتی لەگەڵ کۆمەڵێك لاوو مێرمنداڵی خاوەن بەهرە "مستەفا عەسری" ١٢ـ١٣ ساڵە یەك لەوان بوو. چەند کەسێکی دیکەش لەوان کە بە داخەوە ئێستا لە نێومان دا نین وەك نەمران بازید نازری، مستەفا بەقایی، شێرکۆ (احمد بدخشان) ئەسعەد مەنافی، قادر مامەندی، کە هیوادارم لە دەرفەتی دیکە دا یادیان بکەمەوە. مستەفا عەسری لەم شانۆیەدا رۆڵی نەوجەوانێکی دەبینی کە لە کاتی بڵاو کردنەوەی شەونامەو راگەیاندراوی سیاسی دا گیرا بووو کەوتبووە ژێر لێکۆڵینەوە. دەتوانم بڵێم لە نواندنی رۆڵی خۆی دا یەك لە سەرکەوتووترینی ئەو ٢٠ ـ ١٥ کەسە بوو کە وەك ئەکتەر لەم شانۆیەدا بەشدار بوون. هەر ئەم توانایی و سەرکەوتنەی بوو کە وای کرد لە چەند شانۆیەکی دیکە دا درام و کومێدی دا وەك ئەکتەر بەشدار بکرێ.

لە بارەی رۆڵی مستەفا عەسری لەم شانۆیەدا هەر وەها ژیانە کورتەکەی ساڵی ١٣٦٩ لەژمارە ٤٠ی گۆڤاری "لاوان" بە بۆنەی مەرگی بێوەخت و دڵتەزێنی، بابەتێکیم بڵاو کردەوە. مستەفا ساڵی ١٣٤٧ لە بنەماڵەیەکی هەژاری شاری شنۆ لە دایك بوو، تا پۆلی سێهەمی ناوەندی دەرسی خوێند بوو، بەڵام ساڵی ١٣٥٩ کە رێژیم قوتابخانەی شارو گوندەکانی شنۆی داخست، مستەفا بە هۆی تێکەڵاویی خاڵەکانی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و هەلومەرجی شۆڕشگێرانەی زاڵ بەسەر شنۆدا تێکەڵ بەکاروباری هونەری و یەکیەتیی لاوانی دیموکرات بوو. کاتێك ناوچەی شنۆ کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، مستەفای مێرمنداڵ بوو بە پێشمەرگەی لکی ٢ی شەهید فەرزەندەی باقری لە هێزی سمکۆی ئەوکات. ساڵی ١٣٦٢ مستەفا کە لەنێو هاورێیانی دا بە مستەفا چکۆڵ بانگ دەکرا، لە حاڵێك دا تەمەنی ١٦ ساڵ بوو، لە مەئمووریەتێکی حیزبی لە دێی "سەردەرێ"ی ناوچەی شنۆ بە دیل گیراو هەتا ساڵی ١٣٦٦ کە بەزەمانەت و بۆ سەردانی بنەماڵەکەی مەرەخەسیی پێ دراو لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و هاتەوە ریزی پێشمەرگەکان، لە زیندان لەگەڵ ئازارو ئەزییەت ژیانی تێپەڕ کرد.

پاییزی ساڵی ١٣٦٧ کاتێك بە نیازی سەردان و پێکهێنانی وتووێژێك لەبارەی بیرەوەرییەکانی لە زیندان دا (کە لە "لاوان"ی ژمارە ٣١ دا بڵاو بۆوە) چوومە لای، زۆرم پێ سەیر بوو کە چوار ساڵ زیندان ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی تێدا پێك هێناوە. هیچ وەك لاوێکی ٢٠ساڵە نەدەچوو، زۆر تێکچڕژاوترو بەتەمەنتری دەنواند، بەڵام زۆر پوختەتر ببوو. بەهۆی گەڕانەوەی سەربەرزانەی لە زیندان خۆشەویستی هاورێیانی لە هێزی کێلەشین و کومیتەی شارستانی شنۆ بوو. نەك هەر بۆ کاروباری نیزامی، بەڵکوو بۆ کاروباری ئامووزشی و هونەریی نێو پێشمەرگەکانیش کەلکی لێ وەردەگیراو یەك لە دوایین ئەرکە پێ سپێردراوەکانی خوێندەوار کردنی پێشمەرگە نەخوێندەوارەکانی هێزی کێلەشین بوو.

رۆژی ١١ی بەفرانباری ١٣٦٩، لە ئاکامی گاڵتە کردن بەچەك و شۆخیی بێجێ، بوو بە قوربانیی کەمتەرخەمیی هاورێیەکی خۆشەویستی خۆی و بەهۆی لەدەست دەرچوونی گوللە، گیانی دەرچوو.

لەگەڵ مستەفای جوانەمەرگ دا بەهرەیەکی بەهێز بۆ کاری هونەری بەتایبەت شانۆ و دنیایەك ئاوات و ئارەزووی وەدینەهاتوو چوونە ژێر گڵ، بەڵام یادی و ناوی و رێگای هەر زیندوو و بەردەوامن. یادی بەخێر.

## جووجەڵە بۆ سێ کەسان

فێرناندۆ سیلول

وەرگێڕان: ئەمین گەردیگلانی

گورووبان لەسەر گورسیلەکەی، خۆی ئەمبارەوبار کردو بە گرژ مۆتی چاوێکی لە پیاوە سوورپێستەکە کردو گوتی:

دەی دەی، کە وابوو تۆ جووجەڵەکانی باوە هیلاریۆت دزیوە، ها؟

پیاوی سوورپێست سەرنجی بە عەرزەکەوە گیرسایەوە. گورووبان بە تووڕەیی هەستا پێ و کورسیلەکەی فڕێدا بۆ دواوەو رووی کردە هاوکارەکەی کە بەستە کاغەزێکی بە دەستەوە بوو، گوتی:

ئەو سوورپێستە تێناگا دزی کردن لە قەشە چەن تاوانێکی گەورەیە.

هاوکارەکەی زەردەیەکی گرت.

گورووبان وتی:

ئەم قسەیەم کوێی پێکەنینی بوو؟!

قامکی بە روومەتی کابرای سوورپێستەوە ناو وتی:

دەتخەمە بەندیخانەو تەواوی جووچکەکانی باوە هیلاریۆت پێ دەبژێرم!

کابرای سوورپێست سەری هەڵێناو چاوی لە گورووبان بڕی. نێوچاوانی تێك ناو بە گازندەوە گوتی:

من ئەو جووجەڵانەم نەخواردووە.

گورووبان بە تووڕەیی پرسی:

ئەی کە وابوو کێ خواردوویەتی؟

کابرای سوورپێست وەڵامی داوە:

رەنگە رێوی خواردبێتنی.

ئەمجارە نۆرەی گورووبان بوو پێبکەنێ:

ها، ها،ها... کە وابوو رێوی خواردوونی، ها؟ تەنیا رێویی ئەم دەوروبەرە هەر تۆی. رێوییەکی مووڕەش و نابار، مەگین وا نییە؟

کابرای سوورپێست بە عەبەسراوی گوتی:

بەڵام... من بە راستمە، نەمخواردوون.

بە گەوجم دەزانی؟ چەن شایەد هەیەو دیتوویانە بە جووجەڵەکانەوە هەڵاتووی.

ئەوانە خۆ جووجەڵەی قەشە نەبوون.

کەوابوو هی کێ بوون؟

دەزانی چی... خۆ ئەوانە هەر جووجەڵەش نەبوون، تەنیا هێندێ پەڕوپۆ بوون.

چی؟ پەڕوپۆ؟

دەزانی چۆن بوو، من خەریك بووم لەوبەری شەقامەکەوە رادەبردم، چاوم بەو پەڕوپۆیانە کەوت. وتم وا چاکە کۆیان بکەمەوەو سەرینێ شتێکی پێ دروست کەم. بەڵام هەر لەو سەروبەندانەدا بوو قەشەم لێ قوت بۆوە. پێم وایە هاتبوو سەری جووجەڵەکانی بدا، هەر کە چاوی پێم کەوت نەڕاندی:

" هۆی راموونە سوور چاکم دیتی، ئەوا خەریکی جووجەڵەکانم لێ دەدزی؟"

من گوتم:" باوە کامە جووجەڵە؟ ئەوەتا لەبەر چاوتە، تەماشا کە، چنگێ پەڕوپۆیە و هیچی تر؟"

قەشە گوتی:" بەڵام ئەوە پەڕوپۆی جووجەڵەکانی منە..."

سوێندت بۆ دەخۆم جەنابی گورووبان ئەوە تەواوی بەسەرهاتەکەیە.

گورووبان چوو بۆ لای دەرگاکەوە. باران بە لێزمە دەباری. لە دڵ خۆیا گوتی:" لەوە ناچێ ئەم کابرا سوورپێستە گەمژە بێ."

***

باوە هیلاریۆ خەریکی خاوێن کردنەوەی چرا نەوتییەکەی بوو کە گورووبان وەژوور کەوت:

باوە ئێوارەت باش.

ژیانت باش کوڕم.

من راموونی سوورپێست، دزی جووجەڵەکانتم گرتووە.

دەبێ چاکی تەمبێ کەی گورووبان. ئەرکی خۆتە! ئەوانە هەموویان وا دەست پێدەکەن. سەرەتا هێلکە دەدزن، پاشان دەبنە وشتردز. تاوانی هەردووکیشیان هەر یەکە...

گورووبان پەڕییە نێو قسەکانی:

باوە تۆ لێت روونە کە راموون جووجەڵەکانتی دزیوە؟

یانی چی لێم روونە؟ من وەك ئەو رۆژەم لێ روونە. بەم دوو چاوەی خۆم دیتم. تۆ مەبەستت لەو قسانە چییە؟

راموون دەڵێ: ئەوەی خەریك بووە بیبا جووچك نەبووە...

جووچك نەبووە؟ کەوابوو چی بووە؟

بەڵام زۆریش باوەڕ بە قسەکانی ناکەم... پێم بڵێ راست و رەوان تۆ چیت دی؟

جووجەڵەکانم دی؟ ئەوەی دیتم هەر ئەوە بوو. خۆ ئیشەڵڵا درۆ ناکەم.

زۆر چاکە. هەرچی تۆ بیفەرمووی، بەڵام من راموونم هێناوە بۆ ئێرەو پێم خۆشە بەرەوڕووتان بکەمەوە.

راموون کە کڵاوەکەی بە دەستەوە گرتبوو، هاتە ژوورێ، گورووبان وشکە بزەیەکی لەسەر لێو بوو، پاڵیدا بە کورسی پەنا دیوارەکەوەو قەشەش لە پاڵ چرا نەوتییەکەدا راوەستابوو.

دەی راموون! ئێستا دەڵێی تۆ جووجەڵەکانی منت نەدزیوە، ها؟

راموون لە ژێر لێوەوە منجاندی:

من هیچ شتێك رەت ناکەمەوەو حاشاشی لێناکەم.

قەشە بە دەنگێکی گڕو توورەوە گوتی:

فەرموو جەنابی گورووبان، ئەوە ددانیشی پێدانا!

کابرای سوورپێست درێژەی بە قسەکانی دا:

ئەوەی من بە گرووبانم گوتووە... ئەوە بوو، تۆ جووجەڵەت بە دەست منەوە نەدیوە.

چیچی؟ من جووجەڵەم بە دەست تۆوە نەدیوە؟ مەگین من نەبووم گوڕاندم هۆی راموونە سوور ئەو جووجەڵانە بەرڵڵا کە؟!

بەڵێ من بووم هەر کە هەرات کرد هەڵاتم، بەڵام خۆ هەڵاتن نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە جووچکەکانتم دزیبێ. هیچ یاسایەکیش نییە کە هەڵاتن بە تاوان بزانێ، کوا، هەمانە؟

نا، وانیە. من خۆم دیتم تۆ جووجەڵەکانمت دزی. من تۆزقاڵێکیش بە هەڵە نەچووم!

نا باوە ئەوانە تەنیا چنگێ پەڕوپۆ بوون.

پەڕوپۆ؟ تۆ بە عالەم ئاشکرا دزی دەکەی ئێستاش دەتەوێ خۆتی لێ گێل کەی؟ خودایە! ئەم پیاوە سزا بدە چونکە دزیی لەم قەشە هەژارە کردووە!

گورووبان کڵاوەکەی بە تیلاگی سەرییەوە ناو چەپۆکێکی بە شانی راموون داداو بە تووڕەیی گوڕاندی:

برۆ با برۆین دەی! زوو کە زوو.

قەشەکە چاوی لە هەردووکیان بڕیبوو، گوتی:

دەبێ جووجەڵەکانم بۆ ببژێرێ.

گورووبان و کابرای سوورپێست چوونە دەرێ. لە رێیە گورووبان بە راموونی گوت:

هەق بە قەشەیە. تۆ جووجەڵەکانیت دزیوە، ئێستاش دەبێ بیانبژێری!

گرروبان جووچکی چی! دەتگوت جاڵجاڵووکەن، هەر هیچ نەبوون، تەنیا چنگێ پەڕوپۆ بوون. ناچار بووم زۆریان خەرجی لێ بکەم تاکوو تۆزێ خڕەکە بن... بەڵام جەنابی گورووبان ئێستا وەرە تەماشایان کە. قەڵەو و خڕەکەو جوان، دڵت نایە تەماشایان کەی!

گوروومان بە واقورماوی راوەستا:

خێرا برۆ بیانهێنەوە بۆ قەشە!

باشە بە چاوان. بەڵام خۆتان نەتانگوت سبەینێ رۆژی پشوودانەو شەوێ بۆ شام دێی بۆماڵی ئێمە؟

گورووبان هێندێ بێدەنگ بوو. پاشان تۆزێ بیری کردەوەو وتی:

ها... راست دەکەی، سبەینێ رۆژی پشوودانە!!

کابرای سوورپێست کە بە توندی هەنگاوی دەناو کەوتبووە حەلواو حیندرحۆ، لە دوورەوە نەڕاندی:

بەڵێ سبەینێ رۆژی پشوودانە.

گورووبان لەسەر پاژنەی سووراو لە کاتێکدا باران هەروا بە غورەم دەباری، بەرەو شوێنی کارەکەی گەڕاوە.

## نامەی ئەبراهام لینکۆڵن بۆ ماموستای کوڕەکەی

و:رەسوڵ سوڵتانی

وانە بە کوڕەکەم بڵێنەوە: ئەو دەبێ فێری ئەوە بێ کە خەڵك هەموویان ڕاستگۆ نین. کوڕەکەم فێر کەن لە بری هەر مرۆڤێکی فێڵ زان مرۆڤێکی ڕاستگۆ هەیە. فێری بکەن کە لە بری هەر سیاسەتڤانێکی بەرزە دەماخ رێبەرێکی جوامێر هەیە. فێری بکەن کە لە بری هەر دوژمنێك دۆستێکیش هەیە .دەزانم کاتی دەوێ . بەڵام پێی بڵێن ئەگەر بە شان و باهۆی خۆی دۆلارێك وەدەست بێنێ لەوە باشترە لە شوێنێك پێنج دۆلار بدۆزێتەوە. فێری بکەن لە دۆڕاندن کەڵك وەرگرێ.


لە سەرکەوتن چێژ وەرگرێ. بیگێڕنەوە لە ئێرەیی بردن. لە سەر بایەخ و کاریگەریی پێکەنین بۆی بدوێن . ئەگەر دەکرێ تێیگەیەنن لە گرینگی و رۆڵی کاریگەری کتێب لە ژیاندا . پێی بڵێن بیر بکاتەوە و وردبێتەوە لە هەڵفڕینی باڵندان لە ئاسماندا . لە گوڵەکانی نێو باخچە و هەڵفڕینی مێش هەنگوین بفکرێ . کوڕەکەم فێرکەن باشتر وایە لە قوتابخانە رەدبێتەوە بەڵام بە گزە (تقلب) سەر نەکەوێ . کوڕەکەم رابێنن لە گەڵ مرۆڤی لە سەرە خۆ: هێور بێت و لە بەرانبەر مەلهوڕاندا یاخی . پێی بڵێن بڕوای بە باوەڕی خۆی هەبێ تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی باوەڕی خەڵکیش بن.



کوڕەکەم فێر کەن با گوێ بۆ هەموو وتەیەك راگرێ و کێهەی پێ ڕاست بوو ئەو هەڵبژێرێ .بەهاکانی ژیانی پێ بناسێنن . فێری کەن لە فرمێسك هەڵوەراندن شەرم نەکا.

فێری بکەن کە دەتوانێ نرخێك بۆ هزرو شعوری دیاری بکا بەڵام ناتوانێ هیچ نرخێك لە سەر دڵەکان دانێ . پێی بڵێن خۆ نەداتە دەست هەراوهورایەوە و ئەگەر پێی وایە لە سەر حەقە لە سەر قسەی خۆی سوور بێ و بە هەموو هێزەوە بەربەرەکانی بکا . لەوانە گوتنەوەدا لە گەڵ کوڕەکەم نەرم بدوێن (لەسەر خۆ بن ) بەڵام لەوس و نازداری بار مەهێنن. لێی گەڕێن چاو نەترس بێ و فێری کەن بڕوای بە خەڵك هەبێ . چاوەڕوانییەکی زۆرە بەڵام بزانم چتان لە دەست دێ . کوڕەکەم منداڵێکی کەم تەمەنی لە بەردڵانە.

# کۆڕێك بۆ ڕێزنان لە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە پێنجەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی دا



ڕۆژی ١ی نیسانی ٢٠٠٧ (١٢ی خاکەلێوەی ٢٧٠٧ی کوردی) لە هوتێل هەورامانی شاری هەولێر، کۆڕێك بۆ یادکردنەوەی مامۆستای پایەبەرز مەسعوود محەمەد بەڕێوە چوو.

لەم کۆڕەدا کە بە دەستپێشخەری و هەوڵ و هیممەتی بەڕێزان ئاسۆس کەمال و دانا جەلی زادە پێك هاتبوو، سەدان ڕووناکبیرو کەسایەتیی ئەدەبی و فەرهەنگی و دۆستان و ئۆگرانی مامۆستا مەسعوود محەمەد بەرچاو دەکەوتن. لە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، هەیئەتێك بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مامۆستا حەسەن زادە، دۆستی دێرینی مامۆستا مەسعوود محەمەد لەم کۆڕەدا بەشدار بوو.

کاك ئاسۆس کەمال لە سەرەتای کۆڕەکەدا، باسی هێندێك لە هەوڵەکانی خۆی و هەڤاڵانی بۆ ڕێزنان لە بیریاری گەورەی کورد مامۆستا مەسعوود محەمەد کرد کە پێکهێنانی سایتێکی ئینترنێتی بۆ ناساندنی ژیان و بەرهەمەکانی مامۆستاو پێکهێنانی ئەم کۆڕە، بەشێکیانن. داواشی لە حکوومەت و دام و دەزگا پێوەندیدارەکان کرد بایەخ بە کارو بەرهەمەکانی ئەم زانا گەورەیە بدەن و پێشنیاری کرد حکوومەتی هەرێم خەلاتێك بە ناوی مامۆستا مەسعوود محەمەدەوە بکاو ساڵانە بیدا بە خاوەنانی هزرو بیرو داهێنەران و تێکۆشەرانی بواری ئەدەب و نووسین.

یەکێك لەو زانایانەی دۆستی مامۆستا مەسعوود کە بە هۆی دووری لە وڵات نەیتوانیبوو لەم کۆڕەدا بەشدار بێ، دوکتور کەمال مەزهەر بوو کە بەدەنگی خۆی پەیامی بۆ ئەم کۆڕە ناردبوو. د. کەماڵ وێڕای باس لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی مامۆستا مەسعوودو بەهرەو تواناکانی، باسی ڕێزو خۆشەویستیی ئەو مرۆڤە گەورەیە لای دیموکراتەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دوکتور قاسملووی نەمرو مامۆستای هێژا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کرد. هەر بەدوای پەیامەکەی د. کەمال مەزهەر دابوو کە داوا لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە کرا، وتارەکەی کە بە تایبەتی بۆ ئەم کۆڕە نووسرابوو، پێشکێش بە بەشداران بکا. لە درێژەی کاری کۆڕەکەدا نامەی دوکتور فواد مەعسووم خوێندرایەوەو پوختەی کۆمەڵێك باس پێشکەش کران. ژمارەیەك لە ئەدیبان و مامۆستایانیش بە "مداخله"و دەربڕینی سەرنجەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد. پاشان شاعیر مامۆستا ئەکرەم خامۆش شێعرێکی جوانی خۆی بۆ ئامادەبوان خوێندەوە. ئەم کۆڕە بە وتەکانی کاك محەممەدی کوڕی مامۆستا مەسعوود کە وتاری سوپاس و ڕێز لێنانی بنەماڵەکەی خوێندەوە، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

# مەسعوود محەممەد ئەو پیاوەی هەقی خۆی پێ نەدرا

لە بنەماڵەی بەناوبانگی جەلی مەکۆی زانست و مەعریفەت هاتبووە سەر دنیا، میراتگری گەورەپیاوانی وەك حاجی مەلا عەولای جەلی و مەلا محەممەدی جەلی-زادە ناسراو بە مەلای گەورە بوو. بەڵام لەو میراتگرانە نەبوو کە بە ماوەیەکی کورت هەموو سامانی بە میرات ماوی بنەماڵەیان لە عەرزی دەدەن و تەخشان پەخشانی دەکەن. ئەو لە گەورەگەورەکانی بنەماڵەی کەمتر ماڵ و دارایی و زیاتر زانست و خوێندەواریی بۆ بەجێ مابوو. لە باری ماڵییەوە نموونەی هەرە بەرزی ئەو کوڕانە بوو کە میراتیان ناوێ. ئەو بەشەی بەلاوە گرنگ نەبوو. بەڵام میراتە زانستییەکە بۆ مەسعوود محەممەد، عەزیز بوو. بۆیە نەك هەر نەیهێشت بزر بێت و کەم بکاو شوێنەواری کوێر بێتەوە، بەڵکوو خزمەتی کردو بەدەوریدا هات و هەر ڕۆژەی خەرمانێکی تازەی لێ زیاد کرد. وەنەبێ لەو میراتە گەورەو گرانە بەشی کەسی نەدابێت و لێی نەبەخشیبێ، نا، زۆری لێ بەسەر هەژارانی ئەو بوارە دا بەشیەوە. بەڵام زانست ئەو سامانە بە نرخەیە کە تا لێی خەرج کەی و دەستی نەدارانی پێ بگریەوە زیاد دەکا. بۆیە تا هات گەنجینەی زانستی پەرەی گرت تا گەیشتە ئەو جێگایە کە هیچ باهۆزو وەیشوومەیەك زەفەری پێ نەبا.

مەسعوود محەممەد ئەدیبێکی بە توانا، نووسەرێکی کەم وێنە، بیرمەندێکی بلیمەت و بلیمەتێکی کەم هاوتاو دەگمەن بوو. ئەو زمانزانێکی گەورەو زمانناسێکی شارەزا بوو. کاتێك بە دەریای بابەتێکی زمانەوانی دا ڕۆ دەچوو ئەوەندەی پشوو درێژ بوو کە پێت وا بوو تێی دا نوقم بووەو تازە سەر دەرنایەنێتەوە، کەچی هەر بینا بە مستێك گەوهەری نایابەوە سەری وەدەردەناو تینووانی گەروو وشکی بواری زانستی بە ئاوی زوڵاڵی سەرچاوەی مەعریفەت تێر ئاو دەکرد.

مامۆستا هەر لە زمانەکەی خۆی دا پسپۆڕو شارەزا نەبوو. لە زمانی عەرەبی دا بە ڕادەیەك بە تواناو دەسەڵات بوو کە بۆ زمانە فەسیحەکە شانی لە شانی جاحظ و امرووالقیس و متنبی دەداو لە زاراوە ناوچەیی‌یەکان یان بڵێین عەرەبیی جلفەشدا شارەزای زاراوەی زۆر لە وڵاتە عەرب زمانەکان بوو، لەگەڵ نەخوێندەوارێکی میسری، لوبنانی، ئۆردۆنی، خەلیجی و زۆر ناوچەو وڵاتی دیکەی عەرەبی بە زاراوەی شارو ناوچەی خۆی دەدواو بە جۆرێکیش دەدوا کە عەرەبە وابزانێ خەڵکی گەڕەکی خۆیەتی و بە تازەیی دیژداشەو چەتفەو عەگالی وەلا ناوە.

لەوانەش زیاتر مەسعوود محەممەد فیلسووف و بیرمەندێکی ڕەسەن بوو. بەرهەمە فیکری‌یەکانی هەر مەکتەبێکی دەست کەوتبان دەی‌خوێندنەوەو لێیان ورد دەبۆوەو بە قووڵایی‌یان دا ڕۆ دەچووو لێی هەڵدێنجان. بەڵام هەر لەو کاتە دا پەیڕەوی چاو و گوێ بەستراوی هیچ کەس نەبوو. هەموو فکرێکی دەخستە ژێر زەڕەبین و سەنگ و سووکی دەکردو بە چاوێکی کراوەوە لێی دەڕوانی. هیچ شتێك لە لای وی هەقیقەتی ڕووت نەبوو. هەقی بە خۆی دەدا لە هەموو شتێك ورد بێتەوە، بە چاوی گومانەوە سەیری بکاو بگاتە ئەو ڕایە کە بۆ خۆی و تەنیا بۆ خۆی باوەڕی پێ دێنێ، نە لەبەر خاتری هیچ کەس و لایەنێك. بۆ وی هیچ گرنگ نەبوو لەسەر بیرو باوەڕەکانی ڕێزی لێ دەنرێ یان تەکفیر دەکرێ. ئەو باوەڕی وا بوو بە ئازادی لە دایك بووە، دەبێ بە ئازادی بژی و نەبێتە کۆیلەی هیچ کەسێك و هیچ فەلسەفەیەك و هیچ مەکتەبێك.

کە دەهاتە سەر دەربڕینی فەلسەفەو بیرو بۆچوونەکانی، مەسعوود محەممەد کوێرەکانی‌یەك و درۆزنەیەك نەبوو بە ڕشێنەبارانەیەك سەر وەدەر نێ و دوو ڕۆژ هەتاو لێی دا وشکاوی بێ. کانیاوی فکریی مەسعوود محەممەد بنی لە دەریا دا بوو. چەندی لێی هەڵێنجابا نەك وشك بوون بەڵکوو کەمبوونەوەشی نەدەناسی. زیادمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین ئەو پیاوە نە بە نووسین و نە بە قسە کردن قەتی لێ نەدەبڕا. هەر بۆیە کاتێك قەڵەمی دەگرتە دەست لاپەڕەکان لە دەستی وەزاڵە دەهاتن و قات و قڕیان دادەهات و ئەو تازە هەڵدەبڕایەوە و مرخی لێ خۆش دەکرد. بەو حاڵەش ئەوەندە شیرین زمان بوو ئەگەر چەندین سەعات لە بارەی بابەتێکەوە قسەی بۆ کردبای نەك هەر وەڕەز نەدەبووی، بگرە حەزت دەکرد هەرگیز بەجێت نەهێڵێ و دەست هەڵنەگرێ.

لەگەڵ ئەو هەمووە سەرمایە زانستی و فەرهەنگی‌یەدا هەتا دڵت بخوازێ بێ فیز بوو. خۆی بەسەر کەسەوە ڕانەدەنا. هەموو کەسی، تەنانەت خوێندەوارە لاوەکانیشی بە "ماموستا" ناو دەبرد. لە سەخاو کەرەم و میوانگری و دڵاوایيش دا نموونە بوو. ئەو کاتە



کەیفی ساز بوو کە دەوری ئاوەدان بووو کۆڕی باس و ڕاوێژی گەرم بوو. لە لێبووردەییش دا بەراستی نموونە بوو. دەکرێ بگوترێ ڕقی هیچ کەس تەنانەت ناحەزەکانیشی لە دڵدا نەبوو. بە وتەی خۆی ئەو ڕقی لە زوڵم بوو، ئەگینا ڕقی لە زاڵمانیش نەبوو.

ڕەنگە ئەوانەی باشیان مامۆستا مەسعوود محەممەد نەناسیوە، وا بیر بکەنەوە ئەوەی تا ئێرە گوتم پێهەڵاگوتنەو کورد گوتەنی " مردوو کە مرد لاقی درێژ دەبن" بەڵام ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ئەو پیاوەیان ناسیوە چاك دەزانن کە ئەوەی گوتوومە ناگاتە داوێنی باڵای بەرزی مەسعوودی مەلای گەورە. ئەوە کاری نووسەران و شارەزایان و بیرمەندانە کە لە دەرفەتی لەبارتر دا کەسایەتیی ماموستاو لایەنە فکری و فەلسەفی‌یەکانی کەسایەتیی ئەو گەورە پیاوە لەدەست چووە بخەنە ژێر توێژینەوەو پەردە لەسەر گەنجینەی بیرو ئەندێشەکانی هەڵبدەنەوە.

کەچی سەد حەیف و هەزار مخابن ئەو مەزنە پیاوە نە بە زیندوویی و نە پاش مردن وەك هەبوو نەناسرا. تا مابوو کەمتر قەدری گیراو زۆرتر پلاری تێ گیرا. لەبەر جیاوازیی بیرو بۆچوون پەلامار درا، قسەی بۆ هەڵبەستراو تەنانەت بوختانی پێکرا. کاتێك مردیش بەبێ مرادی و بە بێدەنگی سەری نایەوە. ئەو ئینسانە مەزنە تەنانەت بەر ئەو مەقوولە پڕ جەخارەش نەکەوت کە دەڵێ "پیاوی گەورەمان ناچێتە ناو دڵ، هەتاکوو نەمرێ و نەچێتە ژێر گڵ، ئەوسا بۆی دەگرین بە تاسەو بە کوڵ، گۆڕەکەی دەکەین بە ڕیحانەو گوڵ". ئێستاش وەبیر هێنانەوەی دیمەنی بە خاك سپاردنی ماموستا مەسعوود محەممەد کزەم لە جەرگی هەڵ دەستێنێ. سوپاسی هێندێ کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە نێویان دا نوێنەری بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی دەکەم کە هەتا سنوورە دەسکردەکەی ئەوکاتی نێوان دوو ئیدارەی کوردی لەگەڵ جەنازەکەی هاتبوون و گەڕانەوە، هەروا سوپاسی ئەوانە دەکەم کە هەتا ئەو سنوورە دەسکردە بە پیریەوە چووبوون. بەڵام بەڕاستی دیمەنی گۆڕستانەکەی بنەماڵەی جەلی لەو ڕۆژە دا دڵتەزێن بوو. چەند تاڵ بوو کە دەمدی ژمارەی بەشدارانی ڕێوڕەسمی ناشتنی مەسعوود محەممەد بە زەحمەت دەگاتە سەدو پەنجا کەس!

ئێستا دەوڵەمەندو خودا پێداوەکان کە لەبەر کاری گرنگتر! ! بۆیان نەکرابوو لەو ڕێوڕەسمە دا بەشدار بن، بە جێی خۆی، نەمزانی نووسەران و شاعیران و ئەهلی فکرو ئەندیشەو قەڵەم بۆچی ئەو پیاوەیان وا بە غەریبی لە نێو خۆیان بەڕێ کرد؟ ئەوان بۆ کەمتر خۆیان پێوە ماندوو کردو وەك پێویستە قەدری دەیان ساڵ خزمەتی ئەو پیاوەیان نەگرت؟ دیسانیش ماڵی سەرۆکی ئیدارەی سلێمانی بەڕێز دوکتور بەرهەم ئاوەدان بێ کە بە ئامادە بوون لەسەر گڵکۆی ئەو بلیمەتە کۆچ کردوەو بە پێشکێش کردنی وتارێك قورسایی ئەو غەمە سەنگینەی لەسەر دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی سووك کرد.

ناهەقم مەگرن ئەگەر بڵێم بۆ تۆڵەی ئەو هەمووە بێ لوتفی‌یەی هاوخوێن و هاوڕەگەزو هاونیشتمانەکانی بوو کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دا ماموستا تووشی نەخۆشیی ئالزایمەر "لەبیر چوونەوە" هات. ویستی هەر نەبێ بۆ چەند هەفتەو مانگو ساڵێك ئەو بێ وەفایی و خەمساردی‌یە لەبیرخۆی بەرێتەوە.

لە کانگای دڵەوە دەسخۆشی لە بەڕێزان ئاسۆس کەمال و دانا جەلیزادەو هاوکارەکانیان دەکەم کە بە پێکهێنانی ئەم کۆڕە یادی ماموستا مەسعوود محەممەدی نەمریان زیندوو کردەوەو هەر نەبێ بەشێك لەو قەرزەیان دایەوە کە ماموستا لەسەر هەموومانی هەیە. ئاواتم ئەوەیە ئەمە سەرەتا بێ و کاری زۆر گەورەتری بۆ ناساندنی مەسعوود محەممەدو ڕێزلێنانی ئەو گەورە بیرمەندە کوردە بە دوادا بێ.

یادی مامۆستا مەسعوود محەممەد بەخێر، ڕووحی شادو ئێوەش هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

## " پەتا"

دێڵە تیمساحێ لە ژێر سێبەری تاری تەمەوە !
دەمی ناوە بە برینی دڵی ئەم سەردەمە !
ئاسمان شینە لە شین گێڕیی گەڕێ ئەستێرە!
شەو نیە هەڵنەوەرن لێرە بە گورزی خەمەوە!
مانگ کەژاوەی خەمەکانی منە! وا زەردو کزە!
ڕۆژ! دەمی ناوە بە لێوی قەڵەشیوی چەمەوە!
خەوی ئاو بۆ لەشی ویشکی زەوی نابینێ هەور!
پەڕپەڕۆك هێزی نیە بفڕێ بە پیری شەمەوە!
مێژوو چیرۆکی لە سەر سینگی ڕەوەز نووسراوە
من دەڕۆم و دەمەوێ لاپەڕەیەك هەڵدەمەوە
خوێن دەچۆڕێ لە سمێڵی حەکەمی بادە بەدەست!
بۆ کرووز دێ لە هەناسەی سرو ساردی ئەمەوە!

هەردی موکریانی - قەرەقا - ٨٣/١١/١٥



# پەیام بۆ ڕێورەسمی یادی لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێیانی

....لە شەستەمین ساڵوەگەڕی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆك كۆماری كوردستان‌و هاوڕێكانی، سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی بەرزی ئەوان‌و تێكڕای شەهیدانی كوردستان دادەونێنن. بەم بۆنە خەمناكەوە بە ناوی مەكتەبی سیاسیی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان، پشتگیریی خۆمان بۆ خەبات‌و تێكۆشانی خەڵكی خۆرهەڵاتی كوردستان‌و حزبی دیموكراتی كوردستان، دووپاتدەكەینەوە....

بەڕێزان! ئەمڕۆ لە كاتێك دا شەستەمین ساڵوەگەڕی لە سێدارەدانی پێشەواو هاوڕێكانی دەكەینەوە، كوردستان‌و ناوچەكە بە بارودۆخێكی هەستیاردا تێدەپەڕێت، بۆیە ئەو هەلومەرجە بەر لە هەموو كاتێك زیاترو زۆرتر یەكێتی‌و یەكڕیزی‌و هاوهەڵوێستیی هێزە سیاسییە كوردستانییەكان دەخوازێ، لە پێناو زامنكردنی تەواوی مافەكانی گەلی كوردستان دا.

**مەكتەبی سیاسیی**
**حزبی زەحمەتكێشاتی كوردستان**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

بەڕێزان بەبۆنەی یادی شەستەمین ساڵوەگەڕی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەد یەكەمین سەرۆك كۆماری كوردستان بە ناوی مەكتەبی سیاسیی حزبی سوسیالیست دیموكراتی كوردستان دەست خۆشیتان ئاراستە دەكەین‌و بە پێویستمان زانی بەشداری ئەم مەراسیمە پڕشكۆیە بكەین.

ئاشكرایە پێشەوا قازی محەمەد لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی كورددا دەوری كاریگەرو بەرچاوی هەبووە ئەو خەبات‌و تێكۆشانانەی ئەوان بوو كە ئێستا لە سایەی‌داو لە كوردستانی عێراق دا كورد خاوەنی پەرلەمان‌و حكوومەتی خۆیەتی.

نەمری‌و سەربەرزی بۆ شەهیدانی كوردو كوردستان لەگەڵ ڕێزماندا

**مەكتەبی سیاسیی**
**حزبی سوسیالیست دیموكراتی كوردستان**
**٢٠٠٧/٣/٢٨**

بەناوی خۆمان‌و تەواوی ئەندام‌و لایەنگرانی یەكێتیمان YNDK دەستخۆشی كوردانە ئاراستەی حزبی دیموكراتی كوردستان‌و هەیئەتی بەڕێوەبردنی یادی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدو هاڤاڵانی دەكەین، كە ئەم ڕۆژە بەرز ڕادەگرن‌و یادی سەركردەیەكی بەناوبانگی نەتەوەكەمان دەكەنەوە.....

پێشەوا قازی محەمەد مرۆڤێكی نیشتمانپەروەرو ئازاو بوێر بوو، هەموو تەمەنی خستە خزمەت نەتەوەكەی‌و لە ماوەی یانزە مانگ تەمەنی كۆماری كوردستان دا توانی ئەركەكانی وەك سەركۆمار بە شێوەیەكی دروست ڕاپەڕێنی‌و بەهۆیەوە بووە جێگەی ئومێدی هەموو تاكێكی نەتەوەكەمان لە كوردستان دا. بۆیە پێشەوا قازی محەمەد بە سەركردەیەكی هەرە دیاری نێو بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەییمان هەژمار دەكرێ‌و لە سیفەتە هەرە دیارو بەرچاوەكانی زیرەكی‌و ئازایەتی‌و ڕاوێژكردن بوو لە كارەكانی لەگەڵ كەسانی دەوروبەریدا. پێشەوا قازی محەمەد پێی وابوو تەنیا بە یەكڕیزی‌و یەكگرتوویی دەتوانین سەركەوین‌و مافی نەتەوەییمان بەدەست بهێنین، بۆیە هەموو كات لە هەوڵی پتەوكردنی برایەتی‌و هاوكاریی نێو ڕیزەكانی جەماوەری كوردستان بوو. هەروا پێشەوای نەمر نموونەی هەرە بەرزی گیانی ئازایەتی‌و لەخۆبردوویی بوو تەنانەت لەنێو زیندانیش دا كۆت‌و كەلەپچەی داگیركەرانی كوردستان نەیانتوانی تۆزقاڵێك لە ورەو بیروباوەڕی پتەوی كوردایەتی كەم بكەنەوە.

ئێمە لە YNDKدا لەم ڕۆژەدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ پێشەوا قازی محەمەدو تەواوی شەهیدانی ڕێی ئازادی‌و سەربەخۆیی كوردستان دا دادەنوێنین‌و چەپكە گوڵی وەفاداری بۆ گڵكۆی پیرۆزیان دەنێرین.

**مەكتەبی سیاسیی**
**یەكێتیی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان**
**٢٠٠٧/٣/٣٠**

پەیامی شەهید پێشەوا، خەباتی شەهید پێشەواو هاوڕێیانی لەو كاتەی كە خەباتە لە پێناوی بەدەستهێنانی مافەڕەواكانی گەلی كورددا لە هەمان كاتیش دا خەباتە لە پێناو پێكەوەژیانی گەلان بە ئاشتی‌و برایەتی، خەباتە لە پێناو ڕێزگرتن لە مێژووی هاوبەش‌و بەرژەوەندی هاوبەشی ئەو گەلانە، چونكە مێژووی ئەزموونی گەلان ئەوەی سەلماندوە كە گەلانی چون یەك‌و یەكسان لە ماف‌و ئازادی‌دا، گەلانی بە پرسیپەكانی عەداڵەت پێكەوە گرێدراو دەتوانن بە ئاشتی‌و برایەتی پێكەوە بژین.

لەم بۆنەیەدا هیواداربن ئەم یادە ببێتە هاندەرێك بۆ یەكڕیزی‌و پتەوكردنی برایەتی‌و هاوخەمی نێوان سەرجەم هێزو لایەنەكان‌و هەروەها ببێتە وێستگەی بەخۆداچوونەوەو خۆ بەراورد كردن بە پێویستی‌و خواستەكانی قۆناخەكە.

سڵاوو ڕەحمەتی خوا بۆ گیانی شەهید پێشەواو یارانی

سەربەرزی‌و ئازادی بۆ گەلی كوردو سەرجەم گەلانی ئازادیخواز شادو سەرفراز بن

**یەكگرتووی ئیسلامیی كوردستان**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

لە یادی ٦٠ ساڵەی لە سێدارەدانی پێشەواو سەركردەی كورد قازی محەمەد دامەزرێنەری یەكەمین كۆماری سەربەخۆی كوردو پۆلێك لە هاوڕێ تێكۆشەرەكانی، بە ناوی لێژنەی ناوچەی كۆیەی پارتی پارێزگارانی كوردستان هاوخەمی خۆمان بۆ تێكڕای گەلی كوردستان لە هەر چوار پارچەی كوردستان بە تایبەتی‌و بزاڤی ڕزگاریخوازی كورد لە ڕۆژهەڵات بەگشتی دووپات دەكەینەوە.

دیارە پێشەوای نەمر جگە لەوەی شۆڕشگێڕێكی چاونەترس‌و نیشتمانپەروەر بوو لە هەمان كات دا مرۆڤێكی سادەو خۆنەویست بوو. بە شەهیدكردنیشی مێژوویەكی پڕ لە شانازیی بۆ كورد لە دیرۆكی مرۆڤایەتی دا تۆمار كردو وانەیەكی پڕ لە نیشتمانپەروەریی بۆ نەوەكان دوای خۆی بە جێهێشت.

هەزاران سڵاو لە گیانی پێشەوای نەمرو هاوڕێكانی

**پارتی پارێزگارانی كوردستان**
**لێژنەی ناوچەی كۆیە**
**٢٠٠٧/٣/٢٨**

بەبۆنەی یادی شەست ساڵەی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێكانی دەست خۆشیتان لێ‌دەكەین كە هەستاون بەم یادە پڕشكۆیە. دیارە پێشەواو هاوڕێكانی لەو ڕۆژگارە سەختەدا توانیان خۆڕاگرانە بۆ دوژمن بسەلمێنن كە گەلی كورد هیچ كاتێ لە قوربانیدان نەترساوەو سڵی نەكردۆتەوە.

هەر لەو پێناوەدا سەدان سەركردەی كورد بوونەتە قوربانی.

**حیزبی شیوعیی كوردستان**
**كومیتەی قەزای كۆیە**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

لە ڕۆژێكی وەك ئەمڕۆدا پێشەوا قازی محەمەد توانی بە ڕۆحی خۆی سەروەریی كوردستان‌و گیانی خەڵكی كوردستان بپارێزێ. [ئەو]بۆتە هەوێنی شۆڕشە یەك لە دوای یەكەكانی كوردستان ئەمڕۆ كە خۆی لە چوارچێوەی پەرلمان‌و حكوومەت دا دەنوێنێ لەم پارچەیەی كوردستان كە یادی ئەم كەڵە شەهیدەی تێدا دەكرێتەوە.

باوكی ڕووحی نەتەوەی كورد توانی بە هەوڵ‌و تەقەلای خۆی سنوور ببەزێنێ‌و ئەو سنوورە دەست كردە ڕەش بكاتەوەو بە هەموو شێوەیەك دیفاع لە كۆماری كوردستان بكا.

**پارتی دیموكراتی كوردستان**
**لێژنەی ناوچەی كۆیە**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

.... ٦٠ ساڵ لەمەوبەر لە بەرەبەیانی وەها ڕۆژێك دا قازی محەمەد، سەدری قازی‌و سەیفی قازی، ٣ كەس لە دامەزرێنەرانی كۆماری خودموختاری كوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارەدران. ڕێژیمی شا بەم كردەوە جینایەتكارانەیە لاپەڕێكی ڕەشی دیكەی خستە پەروەندەی دوژمنایەتیی خۆی بەرانبەر بە خەڵكی چەوساوەو ستەملێكراوی كوردستان....

هەڵوەشانەوەی كۆماری خودموختاری مەهابادو ئیعدامی ڕێبەرانی، یەكێك لەو ئەزموونە مێژووییانەیە كە بۆ ئەوڕۆی خەباتی خەڵكی كوردستانیش پێویستە دەرسی لێ‌وەربگیرێت بۆ ئەوەی هەڵەكانی دووپات نەكرێتەوە. گرنگترین دەرسی ڕووخانی كۆماری مەهابادو ئیعدامی قازی محەمەدو یارانی دەركی ئەو ڕاستیە ساكارەیە كە: خەڵكی كورد بە هێزی خۆی ڕزگار دەبێت‌و ئەو هێزەش كاتێك دەكەوێتە گەڕ كە جەماوەر بزانێت كە لە ئاكامی ئەم خەباتەداو، لە هەمان كات دا ژیانێكی ئاسوودەترو هەلومەرجێكی كۆمەڵایەتی پێشكەوتووتر چاوەڕێی دەكات.

**هەیئەتی كومیتەی ناوەندیی كۆمەڵە**

**لە یادی ٦٠ ساڵەی لە سێدارەدانی قازی محەمەدو یارانی ٨ی خاكەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی**

سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی قەدری زۆری بۆ ماندوو بوون‌و فیداكاری كەم وێنەی قازی محەمەدو هاڤاڵانی سەیفی قازی‌و سەدری قازی‌و باقی شەهیدانی كۆمار هەیە، لەگەڵ ئەو ڕێزە زۆرەش فیداكاری كەم وێنەیان بە هەوێنی ئازادی‌و ڕزگاری دەزانێ، لە هەمان كاتیش دا باوەڕی وایە قازی محەمەد ڕێبەرو كەسایەتییەكی تێكۆشەرە كە ئی هەموو گەلی كوردەو تایبەت بە لایەنێك نیە. هەروەها چۆن بارزانی نەمرو ڕێبەری لێوەشاوەی كوردستان، جێگەی شانازیی گەلی كوردو خەباتی مافخوازانەی تێكڕای گەلی كوردە.

هومێدەوارین لەم بیرەوەرییە تاڵەدا، هەوڵ بدرێ بە تەبایی‌و برایەتی‌و هاوكاریی لە نێوان هێزو لایەنە كوردستانییەكان‌و بە هاوكاریی خەباتی بەرینی جەماوەری تێكۆشەرو ستەم لێكراو، ئامانجەكانی ڕێبەرانی شەهید قازی محەمەدو تێكڕای شەهیدانی كوردستان بێتە دی.

سەركەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی كورد، بڕووخێ ڕێژیمی ملهوڕی ویلایەتی فەقیە، شاد بێ ڕووحی پێشەوای نەمری گەلی كورد قازی محەمەد

**سازمانی خەباتی كوردستانی ئێران**

.....لای هەموان ئاشكرایە پێشەوای نەمر جگە لەوەی بە ڕاگەیاندنی كۆماری كوردستان هیوایەكی گەورەی لەمێژینەی خستە دڵ‌و دەروونی خەڵكی كوردستان، لە هەمان كات دا لە ماوەی ١١ مانگ تەمەنی ئەم كۆمارە ساوایە توانی گەلێك دەسكەوت بە خەڵك ئاشنا بكات‌و هەوڵی زۆری دا تا كۆماری كوردستانی موئەسەساتی دروست بكات، بۆیە نكۆڵی لە دڵسۆزی‌و نیشتمانپەروەرێتی ئەم كەڵە پیاوە ناكرێت‌و مێژووی میللەتەكەمان هەمیشە شانازی پێوە دەكات.

لەم یادەدا سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین‌و هەزار سڵاو بۆ گیانی پێشەوا قازی محەمەدو تەواوی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی كوردستان دەنێرین.

**مەكتەبی سیاسیی**
**بزووتنەوەی دیموكراتی گەلی كوردستان**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

بەبۆنەی ١٠ی خاكەلێوە ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوای نەمر قازی محەمەد، سەری ڕێز بۆ یادی بەرزی نەوی دەكەین، خوازیارین ئەم یادە ببێتە مایەی یەكبوونی ریزەكانی گەلی كوردو بەدی هاتنی ئامانجەكانیان

یادیان بەرزو بەڕێز بێت

**مەكتەبی سكرتاریەت**
**ڕێكخراوی دیالۆگی لاوانی كورد**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

بە مەبەستی ئەمەگو ڕێزلێنان لە شەست ساڵەی لەداردرانی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانیی كۆیە كە بەشداری ئەم ڕێورەسمە دەكەین جەخت لەسەر تەبایی‌و هاوكاریی‌و یەكڕیزی دەكەینەوە بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانی گەلەكەمان. هیوادارین ڕۆڵەكانی قازیی نەمر یەك ڕیز بن‌و بە بەرنامەی نوێی تۆكمە بەردەوامی بەم ڕێبازە بدرێ.

نەمری بۆ پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێیانی‌و گشت شەهیدانی كوردستان

بژی خەباتی جەماوەریی نوێی سەردەم.

**ئەنجومەنی شارەوانیی كۆیە**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

بە ناوی خۆم‌و هاوڕێكانم: لێپرسراوی فەرمانگەكان‌و خەڵكی پێشەوادۆستی پشدەر، دەسخۆشی سازدانی ئەم مەراسمەتان لێ‌دەكەم.

پێشەوای نەمر سەركردەیەكی نموونەیی بووو هەرواش دەمێنێتەوە، كە مەرگو شەهادەتی جوامێرانەی هەڵبژارد تا گەلەكەی سەربەرزو ئاسوودە بێت.

سڵاو لە یادی نەمرو جاویدانی پێشەواو هاوڕێیانی

سڵاو لەو پشكۆیانەی هاكا مەشخەڵانیان هەڵگیرساند

**حسێن محەمەد**
**قائیمامی قەزای پشدەر**

.... ئێمە وەك بنكەی ژین، كە خزمەتكردن‌و ژیاندنەوەی كەلەپووری بەڵگەنامەیی‌و ڕۆژنامەوانیی كوردیمان كردوە بە ئەركی سەرەكیی خۆمان، پێویستی ئەبینین بەم بۆنەیەوە وەك بەشدارییەك لە ڕوونكردنەوەو ناساندنی دیوێكی هەرە گرنگی مێژووی ئەو جمهوورییەتەدا، مژدەی ئەوە بدەین كە بە دەستەوەیە - خوا یار بێ - ئەمساڵ بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەی "كوردستان"ی ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان‌و گۆڤارەكانی "كوردستان"و "نیشتمان"و "هاواری نیشتمان"و "ئاوات"و"هاوار یا هاواری كورد" لە چاپ بدەینەوەو بیخەینە كتێبخانەی كوردییەوە. هیوامانە ئەم پرۆژەیە بە پشتیوانی‌و هاوكاریی هەمووان بگاتە ئەنجام.

با ئەم یادە ببێتە مایەی گەشەپێدانی تەبایی‌و برایەتیی ڕاستەقینەو بنجبەستكردنی بنەماكانی لێبوردەیی‌و هاوخەمی‌و هاوئامانجی بۆ هەمووان.

**بنكەی ژین**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

لە یادی شەهیدبوونی پێشەواو ڕابەرو سەركردەیەكی نەتەوەیی بە ناوی خۆم‌و سەرجەم مامۆستاو خوێندكارو فەرمانبەرانی كولێجی یاسای ئێواران لە زانكۆی كۆیە پەیمان بۆ ڕێبازو خۆبەختكردنی پێشەوا نوێ دەكەینەوەو هیوادارین ساڵی داهاتوو لە چوارچرا ئەم یادە بەرز ڕاگرین.

**د.جەواد مەلا محەمەد ئەمین**
**ڕاگری گولیجی یاسای ئیواران**

بەڕێز حیزبی دیموكراتی كوردستان!

پێشەوا قازی‌و هاوەڵانی موڵكی هەموو خەڵكی كوردستانن، موڵكی كوردایەتی‌و كوردەوارین، موڵكی پێشمەرگەو موڵكی ژن‌و منداڵان‌و نێرو مێی كوردستانن... ئەوان هەمیشە لە یادەوەریماندا دەژین. پەیمان پەیمان! هەرگیز ڕێگای پیرۆزیان ون ناكەین‌و بە ئەمەك بین بۆ باوەڕو خەونە ستراتیژیەكانیان.

هەربژی كورد، بژی كوردستان

**بێستون سابوراوایی**
**لێپرسراوی مەڵبەندی ٢٧ی دووكان**
**٢٠٠٧/٣/٢٧**

بە خۆشحاڵییەوە داوەتەكەتانم پێ‌گەیشت، سوپاستان دەكەم. لە ڕاستی‌دا ئەو ئەركەی كە ئێوەی بەڕێز پێی هەستاون وەفایەكی پیرۆزەو، شایستەی ئەوەیە كە لە ئاست ماندووبوونەكانتان سەری ڕێز دابنەوێنم.

خۆزگە ئەو دەرفەتەم دەبوو كە جارێكی‌تر خۆم لە ئامێزی گەرم‌و پڕ لە خۆشەویستی‌دا بدیبا، داوای لێبوردنتان لێ‌دەكەم‌و لە خوای گەورە داواكارم كە وەك چۆن ڕۆڵەكانی گەلەكەمان لەو بەشەی كوردستان لە (بارزان)ی سەركەش یادی نەمران دەكەنەوە، یادی ٦١ ساڵەی ئەو شەهیدانەو سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلەكەمان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە مەهابادی ئازیز بكەینەوە.

بە چاوی حورمەتەوە

**برای خۆتان حەسەنی دانیشفەر**
**٢٠٠٧/٣/٢٩**

... هەڤاڵانی خۆشەویست!

درێژەپێدەرانی ڕێگای بە ئەمەگی ڕێبازی قازی پێشەوای نەمر هەر درێژەپێدانی ئەم كاروانە دوورو درێژەی خەباتی نەپساوەیە. ئەمڕۆ دەبینین داری هیوای ئازادی لە بەشێكی كوردستانەكەمان دا هاتۆتە بەر بۆیە وا لە ژێر سایەی سێبەری پەرلەمان‌و حكوومەتی كوردستانی‌دا بە ئازادانە یادو مەراسیمی ڕێزگرتن لە گیانی پاكی پێشەواو سەروەران‌و ڕابەرانی گەلەكەمان دەكەینەوە. بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو كات زیاتر پێویستیمان بە یەكڕیزی‌و یەكدەنگی‌و هەماهەنگیی نێوان یەكتری هەیە بە هەموو چین‌و توێژەكانی گەلەكەمان لە هەموو پارچەكانی كوردستان دا بۆ پاراستن‌و گەشەپێدانی ئەو دەسكەوتانەی بەدیهاتوون‌و ئەوانەی لە داهاتوودا بەدەستیان دێنین. لە دواوتەمان دا ئەڵێین هەزاران هەزار چەپكە گوڵی ڕێزو وەفا لە گۆڕی وەفاداری یەكەم سەركردەی بە ئەمەگی گەلی كورد، هەر بەرزو پیرۆز بێ یادی پێشەوا قازی محەمەد ڕەمزی خۆڕاگری نەتەوەی كورد، هەر شادو سەركەوتووبن.

**شوان سمایل گۆمەشینی**
**٢٠٠٧/٢/٢٩**

### پەیامی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بۆ فستیڤاڵی "کۆماری کوردستان" لە هەولێر

نێوەڕاستەکانی خاکەلێوەی ئەمساڵ، لە شاری هەولێر لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دا، فستیڤاڵی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو. لەم فستیڤاڵەدا سەدان کەسایەتیی سیاسی‌و فەرهەنگی‌و نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان بەشدار بوون. لە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەیئەتێك بە سەرۆکایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بۆ ئەم فستیڤاڵە بانگهێشتن کرابوو. دەقی پەیامی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب بۆ ئەم فستیڤاڵە دەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

**زۆر بەڕێز کاك فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان!**

ئامادە بووانی بەڕێزی "فستیڤاڵی کۆماری کوردستان" لە شارە خۆشەویستەکەی هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان!

بە ناوی خۆمان‌و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەین کە بە بۆنەی شەستەمین ساڵوەگەڕی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەدو حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی‌یەوەو بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەرگیز نەمری پێشەواو هاوڕێکانی ئەم فستیڤاڵە بە شکۆیەی ساز کردوە. سوپاسێکی تایبەتیشمان بۆ بەڕێز جەنابی کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە بە چاوەدێری کردنی ئەم فستیڤاڵە ڕێزی لە شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی (٣٠ی مارتی ١٩٤٧ی زایینی) گرتوە.

کۆماری کوردستان کە بە هەوڵ‌و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەدی شەهیدو بە هاوبەشیی کاریگەری سەرکردەی ناوداری کورد مستەفا بارزانیی نەمر لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ی زایینی دا دامەزرا، بوو بە ئەستێرەیکی گەشی ئاسمانی ئەودەم تاریکی مێژووی کوردستان کە لە چوار پارچەی کوردستانەوە چاوی هیوای بە میلیۆن کوردی تامەزرۆی ئازادیی تێبڕابوو. هەر بۆیە ڕووخانی ئەو کۆمارە جوانەمەرگەو بە دوای ویش دا لەداردرانی پێشەوای سەرۆك کۆمار بۆ هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان‌و سەرانسەری جیهان دا دوو کارەساتی دڵتەزێن بوون.

هەر بۆیەشە زیاتر لە ٦١ ساڵ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان‌و ٦٠ ساڵ دوای شەهیدبوونی پێشەواو هاوڕێکانی یادی ئەو دوو ڕووداوە تاڵ‌و شیرنە لە دڵی هەموو کوردێکی شەریف دا زیندوویەو هەر کامەیان دەرفەتێکن بۆ پەیمان نوێکردنەوە لەسەر درێژەدانی خەبات تا وەدەستهێنانەوەی دەسکەوتەکانی کۆمارو وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی پێشەوای شەهیدو هاوڕێ شەهیدەکانی.

جێی شانازی‌یە کە ئەمڕۆ لە کاتێك دا فستیڤاڵی کۆماری کوردستان لە پێتەختی هەرێمی کوردستان ساز دەکرێ کە ئامانجەکانی کۆمار لە بەشێکی نیشتمانە ئازیزەکەمان دا وەدی هاتوون‌و یەکێك لە میراتگرەکانی پێشەوا لە پۆستی سەرۆك کۆماریی عێراق داو یەکی دیکەیان لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و لە ڕاستی دا لە پۆستی سەرۆك کۆماریی کوردستان دا بە لێوەشاوەیی ئەرکی خزمەت بە ئامانجەکانی کۆمارو پێشەواو نەتەوەی کورد بە ئەنجام دەگەیەنن‌و بەم جۆرە وەجاخی پێشەوایان بە ڕوونی ڕاگرتوە.

پیرۆز بێ فستیڤاڵی کۆماری کوردستان!

سڵاو لە پێشەواو بارزانی‌و هەموو هاوڕێ شەهیدەکانیان!

پیرۆزو بەردەوام بێ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، مایەی هیوای هەموو نەتەوەی کورد!

دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ فستیڤاڵی کۆماری کوردستان

**١٥ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ (٤ی ئاوریلی ٢٠٠٧)**

# کێشەی پەروەردەو گرفتی مامۆستایان

**ڕەسول سوڵتانی**

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا جیا لەو بەشە کەمینەیەی کە لە دەسەڵات دایەو ئەوانەش وا لە دەسەڵات دا تواونەوەو ملکەچی بێ پرسیارو بێ ئەملاوئەولای ڕێژیمن، کە ڕێژەیان ئەو پەڕەکەی ١٠ لە سەدی خەڵکی ئێران دەبن، باقی خەڵکی ئەو وڵاتە هەرکام خاوەنی گەلێك گرفت‌و کێشەو تەنگژەی تایبەتن کە ڕیشەی هەمووی ئەم گرفتانەیان لە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی ئەم ڕێژیمە دایە.

ڕۆژنامەڤانان، لایەنگرانی مافی مرۆڤ ، ماف پێشێلکراوان کە بریتین لە کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئایینی‌یەکان، چینی کرێکار ، ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان‌و تەنانەت وەرزێڕان‌و جووتیارانیش.... هەرکام بە شێوەیەك گرفتاری دەستی سیاسەتە دژە ئینسانییەکانی ڕێژیمن. لەم وتارەدا ئاوڕێکی کورت لە کێشەی مامۆستایان دەدەینەوە:

لە کەس شاراوە نیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕازاندنەوەی ڕوخساری دزێوی خۆی زۆر جاران پەنای بردۆتە بەر هێندێ دروشمی بریقەداری وەك دادپەروەری‌و یەکسانی‌و برایەتی کە بەڕاستی ئەم دروشمانە نەك لە بەژن‌و باڵای سیاسەتەکانی ناکاڵێتەوە بەڵکوو دژایەتی‌یەکی یەکجار ڕوونیان هەیە. کۆماری ئیسلامی دروشمی بریقەداری بۆ مامۆستای قوتابخانەکانیش زۆرن بەڵام بە کورتە ئاوڕێك لە شێوەی ژیان‌و ئاستی ئازادییان لە قوتابخانەکان پێچەوانەی ئەو دروشمانە لە کردەوەی کۆماری ئیسلامی دا بەرچاو دەکەون.

پەروەردەی سەرەتایی بەردی بناغەی پەروەردەو یەکەم هەنگاوی بەرهەمهێنانی زانست‌و مەعیرەفەتە ئەوەندەی ئەم بنەمایە قایم‌و دەوڵەمەند بێ دەسکەوتە زانستی‌و مەعیریفیەکان‌و پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییەکان زیاتر دەبن. پەروەردەیەکی باش‌و زانستیانە پێویستی بەوەیە بە پێی مێتۆدە ستانداردو ئەزموونکراوو سەرکەوتوەکان دابڕێژرێ‌و کاری پێ بکری. بەو پێیە سیستمی پەروەردە بە هیچ شێوەیەك نابێ لە چوارچێوەیەکی دیارو چەقبەستوودا قەتیس بمێنێتەوە بەڵکوو دەبێ پێ بە پێی پێشکەوتنەکان‌و گۆڕانکارییەکان‌و گونجاو دەگەڵ ئاستی چاوەڕوانی‌و پێویستییەکانی سەردەم نۆی ببێتەوەو دابڕێژرێتەوە. ئەم کارە گرینگەش پێویستی بە کەسانی بلیمەت‌و پسپۆڕی ئەم بوارە هەیە. بەڵام بەڕاستی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی‌دا چەندە ئەم مەرجانە لەبەر چاو دەگیرێن؟ کێن ئەوانەی پلان‌و بەرنامە دەرسییەکان دادەڕێژن؟ یا بەگشتی چەندە لە پسپۆڕانی ئەم بوارە کەڵك وەردەگیرێ؟

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین کە سەرەکیترین مەرجی پەسندو پێویست لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە ئەوەیە کە وانەو نێوەڕۆکی کتێبەکان بە جێی ئەوەی دەگەڵ ڕۆحی سەردەم‌و پێداویستییەکانی قوتابیان گونجاو بن دەبێ دەگەڵ یاساوو ڕێسا ئیسلامی‌و ئایینیەکانی دەسەڵات‌و تەفسیرەکانی دەسەڵاتداران یەك بگرێتەوەو هەرچەشنە وانەیەکی ناتەبا، تەنانەت ئەگەر ڕستەیەکیش بێ‌و بەرژەوەندییەکانی ئەوان بەرێتە ژێر پرسیار، بڤەیەو لە گیوتینی سانسۆر دەدرێ.

کەواتە پێوەری ئەوان بۆ داڕشتنی پەروەردەی بنەمایی‌و بنەمای پەروەردە، پێوەرێکی ئیسلامی ئەویش لە نەوعی شیعەیە، نەك پێوانەیەکی زانستی‌و سەردەمیانە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم جۆرە سیستمانە کە دەیانهەوێ ژیان‌و تەنانەت بیرو باوەڕی خەڵك بەگشتی کانالیزە بکەن، دیارە بۆ داڕشتنی گەڵاڵەو بەرنامەکانیان بەر لەوەی گرینگی بە ئاستی تێگەیشتوویی‌و پسپۆڕیی پلان داڕێژەکان لە بوارگەلی زانستی‌و مەعریفی‌دا بدەن گرینگی بە دەروەست بوونیان بە دەسەڵات‌و ئامانجەکانی دەسەڵاتداران دەدەن. ئیتر پێوانەی دیاریکردنی پسپۆڕو پسپۆڕی نەك پێوانەیەکی زانستی بەڵکوو ملکەچی‌و پاسیڤی‌یە. لەوێدا پسپۆڕ ئەو کەسەیە کە گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ‌و وانەو نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان بە دڵی ئەوان‌و لە پێناوی ئامانج‌و بەرژەوەندییەکانی ئەواندا ڕێك‌وپێك بکا. هەر بۆیەش کتێبە دەرسییەکانی قوتابیان لە ئێران نەك لە سەر بنەمایەکی زانستیانەو مێتۆدیك دا دانەڕێژراون، بەڵکوو بەپێی وانە ئایینی‌و باوەڕە ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵات نووسراون .

نموونەیەك لە کتێبی مێژووی ئەدەبیاتی ئێران‌و کتێبەکانی مێژوو بە جوانی ئەم باسەی ئێمە پشت ڕاست دەکاتەوە. چونکە ئەگەر ئەم مەسەلەیە لە ئاستی ئێران دا کێشەیەکی جیددییە ئەوا لە کوردستان دا دوو ئەوەندە کاردانەوەی خراپی لە سەر پەروەردەی منداڵانی کورد هەیە. بۆ وێنە لەو کتێبەدا کە بە ناوی مێژوو دەخوێندرێ کورد وەکوو نەتەوە، یا تەنانەت وەکوو هۆزو تایەفەو لەوەش کاڵتر، هیچ حوزوورێکی نیە و ئەگەر تاك‌و تەرا باسیشی بکرێ لە شکڵ‌و ڕوخسارێکی دزێو دا باسی لێ دەکەن. کە چاو بە کتێبی " تاریخ ادبیات ایران" دا دەگێڕی لە هیچ کوێ دا باسی هیچ نووسەرو شاعیرێکی کورد ناکرێ، تەنانەت ئەوانەی بە فارسیش نووسیویانەو خزمەتیان بە فارس‌و ئەدەبیاتەکەی کردوە" تازە لە ناوچە غەیرە فارسەکان، مەسەلەی زمانی زگماکی خۆی هەڵگری باسێکی تایبەت‌و دووروودرێژە".

بەگشتی ئەم پەروەردە سەقەت‌و داخراوو کانالیزەکراوە بەو مەبەستە داڕێژراوە کە نەسڵی داهاتووی ئەم وڵاتە خاوەنی جهانبینی‌یەکی جیاواز لە ڕوانگەو جیهانبینی دەسەڵاتداران نەبێ .

### مامۆستاکان‌و کێشەکانیان

مامۆستایانی قوتابخانە وەکوو توێژێکی زەحمەتکێش‌و فیداکاری وڵات کە لە ڕاستیدا دەبێ خاوەنی لانیکەم ژیانێکی ئاسایی‌و هێمن بن، ئێستا دەگەڵ کۆمەڵێك کێشەی ئابووری‌و نەبوونی ئازادی‌و ماف خوراوی دەستەو ئێخەن. ئاوسانی ئابووری ( تورم اقتصادی) لە ئێران لە سایەی دڵسۆزییەکانی ڕێژیم بۆ گرووپە تیرۆرستی‌یەکان‌و پرۆژە ناوکیەکەی‌و دەیان‌و بگرە سەدان گەندەڵیی دیکە، گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕۆژ بەڕۆژ تەنگ بە ژیانی خەڵك هەڵدەچنێ. لەو نێوەدا مامۆستایانی قوتابخانەش کە مووچەیەکی ئەوتۆیان پێ‌نادرێ ئەو زەخت‌و فشارەیان لە سەرەو ناچارن لەو بەشەی ڕۆژدا کە بێکارن وەشوێن کاری ئازاد بکەون بۆ ئەوەی بتوانن بژێوو پێداویستیی ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆیان دابین بکەن. ئەوە لە حاڵێك دایە کە پێویستە ئیمکاناتی ژیان‌و پەروەردە کردن لەبەر دەستیان دابێ بۆ ئەوەی بە جێگەی کاری لاوەکی‌و ئازاد ئاستی زانیارییان بەرنە سەرترو فکرو مێشکی قوتابیان دەوڵەمەندترو بەهرەمەندتر بکەن. بەڵام کاتێ بە قووڵایی مەسەلەکەدا ڕۆدەچی‌و بە وردی لێکی دەدەیتەوە، ئەم بارودۆخەی ژیانی مامۆستایان نەك بۆ ڕێژیم جێی نیگەرانی نیە، بەڵکوو بەشێك لە مەبەستەکانی ئەو دەپێکی. هەروەکی باسمان کرد کتێبە دەرسییەکان نەك پڕ نێوەڕۆك‌و زانیاری بەخش نین بەڵکوو لە ڕاستیدا بەشێك لەم کتێبانە چەوسێنەری بیرو هزری قوتابیان‌و بە شێوەیەکی مەبەستداریش ئاوا داڕێژراون. لەلایەکیشەوە مامۆستا لەبەر نان کەمتر دەپرژێتە سەر شیکردنەوەی بابەتەکان‌و لەلایەکی دیکەوە مافی ئەوەی نیە لە هێندێ بواردا جیا لەوەندەی لە کتێبەکەدا هاتوە زانیارییەکی دیکەی بخاتە سەرو بیدا بە قوتابیەکانی. تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی بابەتەکان شتێکی زیادی باس بکاو پەیوەندیی بە سیاسەت‌و دەسەڵاتەوە هەبێ‌و کورد گوتەنی: بە پێی سیاسەتەکانی ڕێژیم "زەرەری بۆ پەز هەبێ"، ئەوا تۆمەتی"اقدام علیه امنیت ملی" و دەیان مۆرکی ناڕەوای بەم جۆرەی لێدەدەن. بەرتەسك کردنەوەیەکی ئازادیی مامۆستایان لە کاتی وانەگوتنەوەداو ناچار کردنیان بە سووڕانەوە لە بازنەی زانیارییە سەقەتەکانی کتێبەکاندا، وێڕای ئەوەی غەدرێکی گەورەیە لە قوتابیان، لە ڕاستیدا بێ‌حورمەتییەکی گەورەشە بە پێگەی مامۆستایەتی. ئەم بێ حورمەتییانە تەنیا لەوەندەدا کورت نابنەوە بەڵکوو بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ئیدارەی پەروەردەو فێر کردن لە قوتابخانەکاندا هەروا بوونی هەیە. ئەویش بە شێوازگەلی جۆراوجۆری وەکوو دیاریکردنی جاسووس لە نێو قوتابیان دا بۆ خستنە ژێر چاوەدێریی مامۆستاو هەروا لێپرسینەوە لە مامۆستایان لە " حەراسەتی ئاموزش‌و پەروەرش) کە خۆی نوێنگە (مظهر)ی دادگای پشکنینی بیروباوەڕە.

دیارە مامۆستایان ئەو کاتە لەلایەن ڕێژیمەوە ڕێزیان لێ دەگیرێ کە، وانەبێژی ئەوان بن‌و بانگەشەکاری ویست‌و داخوازی دەسەڵاتداران بن.

ئەوەی لەم وتارەدا سەبارەت بە کێشەی مامۆستایانی قوتابخانە باسی لێکرا دڵۆپێك لە دەریایەکەو زیاتر هەڵدەگرێ .



"لاپەڕەی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەڕۆکی ئەو بابەتانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# هەڵسەنگاندنی پێگەی حیزبە کوردییەکان

## (کۆمەڵە، پاك، خەبات)

بەشی یەکەمی ئەم وتارە لە "لاپەڕی ئازاد"ی ژمارە ٤٥٥ی "کوردستان"دا بڵاوبۆتەوە

سامان فەقێنەبی



### کۆمەڵە (لقی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)

ئەم ڕەوتە سیاسییە پێش ئەوەی بەئاشکرا بوونو مەوجوودییەتی خۆی ڕابگەیەنێ، لە چوارچێوەی "جمعیت"ەکانو "اتحادیە" کرێکاریو جوتیارییەکان دا خۆی ڕێك خستبوو، لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاویدا، پاش شەهیدبوونی یەکێك لە دامەزرێنەرانی، ڕاشکاوانە لە ژێر ناوی ڕەوتێکی مائۆئیستیدا تێکەڵ بە ئەتمۆسفێری سیاسیی سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٨ی نەتەوەکانی ئێران بوو.

لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، کۆمەڵە پاش ئیئتلافو هاوپەیمانی لەگەڵ گرووپی سەهەند (بە ڕێبەریی مەنسوور حیکمەت)، بە شێوەیەکی ڕەسمی بوو بە لقی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران. سەرەڕای جیابوونەوەی گرووپی سەهەندو دواتر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە ڕێبەریی عەبدوڵلا موهتەدی، ئەم حیزبە هەر لە ژێر ناوی "لقی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران" دا درێژەی بە هەڵسووڕانو چالاکیی سیاسیو هەنووکەش لە سەر هەڵوێستە ئۆرتۆدۆکسییەکانی خۆی پێداگری دەکات. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە مارکسیستی - مائۆئیستییەدا دەکرێ دوو بۆچوونی خوارەوە، بێنینمە بەرباس:

- **بۆچوونی یەکەم:** کۆمەڵە بە تەواوی ماناوە بە ڕەوتێکی شۆڕشگێڕ دەناسێنێو بە هۆیەکەوە ئەم ڕێکخراوەیە هێشتا سوسیالیزمو شۆڕشی پرۆلیتاریای لە سەرووی ئامانجو پرۆگرامەکانیدا هێشتۆتەوە، بە چاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانێ. ئەم توێژە لە خەڵکی کوردستان لەو بڕوایە دان کە کۆمەڵە سەرەڕای تووشبوون بە هەورازو نشێوگەلی جۆراوجۆر، هیچکات دەستی لە ئامانجی سەرەکیی خۆی واتا سوسیالیزم هەڵنەگرتووە ئەمەش پێوانەی پێشڕەو بوونی کۆمەڵەیە. بە پێی ئەم بۆچوونە، کۆمەڵە هەمووکات ڕۆڵی پێشەنگایەتی لە بواری کانالیزەکردنی خەباتی کرێکارانو جووتیارانو هەروەها بەهێزکردنی بزاڤی فیمینیزم لە کوردستان دا، وەئەستۆ گرتووەو لە داهاتووش دا لەم بوارانەدا شوێن پێو کاریگەریی خۆی دەبێ.

- **بۆچوونی دووهەم:** کۆمەڵە بە ڕەتێکی گرفتار لە بازنەی لێکدانەوە میکانیکیو دێترمینستییەکان دەژمێردرێ، کە نەتەنیا وەڵامدەری دیسکۆرسی سەردەمیانەی خەڵکی کوردستان نیە، بەڵکوو لە توانای پێویست بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەم ئاخێوەش بێبەشە.

ڕوانگەی نێگەتیڤی کۆمەڵە سەبارەت بە میللیگەرایی ڕوولە گەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەکو کزیی چالاکیی حیزبی کومونیستی ئێران لە بەشەکانی دیکەی ئێران لە لایەکی دیکەوە وای کردوە کە بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك ئۆگرییەکیان بە ڕێکخراوەیەو "خط مشی"یەکەی نەبێ. هەروەها کۆمەڵە بە دەست هێندێك گرفت کە حیزبەکانی دیکەی کوردستانیش بەدەستییەوە دەناڵێنن وەك بەرتەسك مانەوەی بازنەی بڕشتو چالاکی، نەبوونی حوزووری فیزیکیو ئەکتیڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو .....دا ئازار دەچێژێ.

### پارتی ئازادیی کوردستان (پاك)

ئەم ڕێکخراوەیە لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاویدا، دامەزراندنی خۆی لە ژێر ناوی "یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان"دا ڕاگەیاندراو وەکوو ڕەوتێکی مارکسیستی - کوردستانی تێکەڵ بە گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. زۆربەی دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەیە، لە ڕابردوودا لە چوارچێوەی "گرووپی هویت" (لقێکی چفخا) لە خەباتی سیاسیدا بەشدار بوون. یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان لە پاییزی ١٣٨٥ی هەتاویداو لە جەریانی کۆنگرەی ئەم حیزبەدا، ناوی خۆی بۆ "پارتی ئازادیی کوردستان" (پاك) گۆڕی. خەڵکی کوردستان لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە دەڕواننە ئەم ڕێکخراوەیە:

**ڕوانگەی یەکەم:** ئەم ڕێکخراوەیە وەکوو ڕەوتێکی ڕادیکاڵو ناسیۆنالیستی (بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا) دەژمێرێو چاوی ئومێدی بڕیوەتەوە بە کارکردنی ئەم حیزبە لە داهاتوودا بەتایبەت دوای ئەوەی "شوانە سەید قادر" بە چەشنێکی دڕندانە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کراو "یەکیەتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان" لە میدیاکان دا، شوانەی بە یەکێك لە ئەندامانی خۆی ناساند. بەشێك لە توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش، بە هۆی ڕوانگەی ڕوونو شەفافی ئەم ڕێکخراوەیە لە مەڕ کێشەکان بە تایبەت مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان، بە ڕۆڵی ئەم حیزبە لە فەزای سیاسی داهاتووی کوردستان گەشبینن.

**– ڕوانگەی دووهەم:** بە چاوی گومانەوە دەڕوانێنە ئەم حیزبەو کردەوەکانیو هەبوونی پەیوەندی لە ڕادەبەدەری PAKو PDK بە نەوعێك بەستراوەیی لە قەڵەم دەدا. هەڵگرانی ئەم بۆچوونە ستراکتۆری وێکچووو پەیوەندیی چڕوپڕ لە نێوان PDKوPDK لە لایەکو گرژیو ئاڵۆزیی نێوان PAKو YNK لە لایەکی دیکەوە وەکوو بەڵگەی ئەم ئیدیعایانە دێنێتەوەو بەو پێیە لە نەبوونی سەربەخۆیی بڕیاردان لەم حیزبەدا ناڕازین.

بەشێکی دیکە لە چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە هۆی نەبوونی حوزووری ئەکتیڤی "پاك" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زانیاریی پێویستیان لە سەر ڕوانگەو پرۆگرامەکانی ئەم حیزبە نیە.

### خەبات

ڕێکخراوی "خەبات" یەکێکی دیکە لە حیزبەکانی نێو گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ئێستا لە سەر خاکی هەرێمی کوردستان گیرساوەتەوە. ئەم حیزبە لە ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا، هەوڵی داوە کە سەنتێزێك لە ناسیۆنالیزمی کوردیو پێناسەی ئیسلامی، زەق بکاتەوەو لە سەر ئەم بنەمایە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی خۆی دیاری کردوە. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەیە، دوو ڕوانگەی خوارەوە بەدی دەکرێ:

**– ڕوانگەی یەکەم:** ماهییەتو گوتاری میللی - مەزهەبیی ئەم سازمانە وەکوو خاڵی بەهێز هەڵدەسەنگێنێو بەڕێزەوە لێی دەڕوانن. ئەم توێژە ستەمی نەتەوەییو ستەمی مەزهەبی لە کوردستان (بەتایبەت ناوچە سوننی نشینەکانی کوردستان) بە هاوتەرازو یەکسان دەژمێرن بۆ سڕینەوەی ئەم دوو چەوسانەوەیە پێکەوە گرێ دەدەنو بەم هۆکارە ڕێز لە تێکۆشانی "خەبات" دەگرنو بایەخی پێدەدەن.

**– ڕوانگەی دووهەم:** گوتاری مەزهەبیی ئەم حیزبە بە نەوعێك دواکەوتوویی لە قەڵەم دەدەنو پێداگریی ئەم ڕێکخراوەیە لە سەر چەمکی مەزهەب (بە تایبەت مەزهەب سوننی) بە لادان لە هێڵی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێرن. بەگشتی سیکۆلارەکانو بەشێك لە ناسیونالیستە کوردەکان "خەبات" وەکوو ڕەوتێکی سوننەتی سەیر دەکەنو ئەم ڕەخنانەی خوارەوەی ڕووبەڕوو دەکەنەوە: ١ـ "خەبات" گوتارێکی گشتگیری لە پێوەندی دەگەڵ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ناوچە شیعەنشینەکانی کرماشانو ئیلام نەخستۆتە ڕوو. ٢ـ بەرتەسك مانەوەی کاریگەریو نفووزی ئەم ڕێکخراوەیە لە بیاڤو ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستان بە تایبەتی ناوچەی بانەدا ٣ـ ناکۆکیی نێوان "شێخ جەلال"و "مەلا خدر" لە ڕابردووو بەرچاو بوونی خەسارەکانی ئەم لەتبوونە ٤ـ ڕاگەیاندن بە شێوازو مێتۆدی نەریتیو سواو.

# هەوڵی سڕینەوەی "شوناسی کوردستانیبوون" لە هێندێك لە ناوچەکانی کوردستان*

سمایل شەرەفی

کاربەدەستانی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەچاوکردنی دەیان سیاسەتی دژە نەتەوەییانە، هەوڵی خستنە ژێر پرسیاری خاك و نیشتمانی کوردستانیان داوە. بەتایبەت لە ماوەی ئەم دە ساڵەی دواییدا و بە تایبەت لەو ناوچانەی کە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێکەوە دەژین لە لایەك هەوڵیان داوە ئاژاوە بخەنە نێوان ئەم دوو نەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ویستوویانەو دەیانەوێ بە کڕین و داگیرکردنی زەوی و زاری ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و نیشتەجێ کردنی کەسانی غەیرە کورد، بە جۆرێك کوردستانی بوونی بەشێك لە ناوچەکانی نیشتمانەکەمان بسڕنەوە.

ئەم سیاسەتە دژە نەتەوەییانەی کاربەدەستانی ڕێژیم سەرەتا لە دەوروبەری شاری ورمێ لە ڕێگای جینایەتکارێکی وەك "حەسەنی"، ئیمام جومعەی ئەم شارەو دارودەستەکەی دەستی پێکرد کە بە داخەوە هێندێك کوردی هەلپەرەستیش ببوونە چاوساغی ئەم دژی گەلیانەو چەندین پارچە زەوی و زاری پان و بەرینی شاری ورمێ و دەوروبەریان کڕین و کەسانی غەیرە کوردیان لێ نیشتەجێ کردن. بەڵام دوای ماوەیەك و بەدوای بڵاوبوونەوەی چەندین بابەت لە ڕاگەیەنە کوردییەکان و یەك لەوان "ڕادیۆی دەنگی کوردستان" لەم پێوەندییەدا، خەڵکی نیشتمانپەروەری ورمێ و ناوچەکانی دەوروبەری و بەتایبەت کوردانی دەستڕۆیشتووی ناوچەکە وێڕای لە قاودانی ئەم پیلانەی ڕێژیم، بەکردەوە دژ بەم پیلانە ڕاوەستان و ئیزنیان نەدا کەسانی غەیرە کورد دەست بە سەر زەویو زاری ئەم ناوچانەی کوردستانی خۆشەویستماندا بگرن.

لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا ماوەیەکە کاربەدەستانی ڕێژیم لە ناوچەکانی"شامات"،"مەحاڵی شازدە"،"چۆمی مەجیدخان"و بەشێك لە ناوچەی"شارویران" دەستیان داوەتە داگیرکردنی زەمینە بایرەکانی ئەم ناوچانەو کەسانی غەیرە کورد هان دەدەن و ئیمکاناتیان بۆ دابین بکەن کە کاری لە سەر بکەن و بۆ خۆیانی بڕ دەدەن.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان گەیشتوون ماوەیەکە بە دەسپێشخەریی پاسدارێکی دژ بە کوردی وەك "حووببی"، نوێنەری شارەکانی مياندواو، ساین قەڵاو تیکاب، و چەند کەسێکی دیکەی دەستوپێوەندی و بە مەبەستی بەرتەسك کردنەوەی ناوچەکانی سەر بە شارەکانی بۆکان و مەهابادو پەرەپێدان بە پانتایی شاری تورك نشینی میاندواو، زەمینە بایرەکانی ناوچەکانی شامات، مەحاڵی شازدە، چۆمی مەجیدخان و بەشێك لە شارویران،بڕ دەدرێن و کەسانی غەیرە کوردیان دەکرێنە خاوەن.

بە حوکمی ئەوەی کە نەتەوەی کورد تا ئێستاش لە ژێر دەستی و چەوسانەوەدا بووە، زۆر شتی ناڕەوای بەسەردا سەپاوەو لەوانەیە بە ناچاری زۆر ڕەزالەت و چەوسانەوەی قبوڵ کردبێ، بەڵام بە شاهیدی مێژووی پڕ لە قارەمانەتی و بەرخودان و قوربانیدانی ئەم نەتەوەیە، قەت ئەم میللەتە پاشەکشەی لە بستە خاکێکی خۆی نەکردوەو لە هیچ دەسەڵات و داگیرکەرێکی قبووڵ نەکردوە کە شوناسی کوردستانی بوون لە بستە خاکێکی بسڕدرێتەوە. نەتەوەی کوردو ڕێبەرانی بزووتنەوە ڕەواکەی و یەك لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، زۆر جار ئامادە بوون بۆ هێندێك مەبەستی تایبەت و قازانجی گشتی تر چاوپۆشی لە هێندێك ئەرزش و قازانجی کاتی بکەن، بەڵام مەسەلەی خاك و ئاو و نیشتمان بەلایانەوە ئەسڵێکی پیرۆز بووە و هەیە و تاهەتایە دەمێنێتەوە.

هەم ئەوانەی چاوی تەماح دەبڕنە تەنانەت بستە خاکێکی کوردستان و هەم ئەوانەی نیشتمان فرۆشی دەکەن و بەخەیاڵی خۆیان دەیانەوێ شوناسی "کوردستانی بوون" لە هێندێك لە ناوچەکانی کوردستان بسڕنەوە، دەبێ ئەو ڕاستییەی باش بزانن کە تووشی کایەیەکی مەترسیدار هاتوون و لەم گۆڕپانەدا بە دەستی کۆمەڵانی نیشتمانپەروەی کوردستانەوە دەدۆڕێن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی نیشتمان خۆشەویستی ناوچەکانی: شامات، مەحاڵی شازدە، چۆمی مەجید خان و شارویرانی مەهاباد هەروەك تا ئێستا بوێرانەو دەروەستانە پارێزگارییان لە زێدو نیشتمانی خۆیان کردوە، ئەرکی نیشتمانی خۆیانە کە ئیزن نەدەن کاربەدەستانی چاوبرسیی چاوی تەماح تەنانەت لە بستە خاکێکی نیشتمان ببڕن و بەرەنگاری ئەم جۆرە لە داگیرکردنی وڵاتەکەمان ببنەوە.

بەدڵنیاییەوە ئەو کەسە نەفس نزم و خۆفرۆشانەش کە حازرن لە پێناو قازانجی کاتیی خۆیاندا ببنە کەوا سووری بەر لەشکرو پەلکێشی کەسانی خەیانەتکاری وەك "حەسەنی"و"حووببی" بکەن کە زەوی و زاری کوردان بەتاڵان بەرن، چاوی ڕۆڵەکانی کوردیان لێ غافڵ نیەو چاوپۆشی لەم کردەوەیەیان ناکەن.

درێژەی

# روانینی ژنانی دیموکرات له دەرەوەی وڵات بۆ کێشەکانیان


شوعله قادری

سیاسیی نیە، بەڵکوو زەوق‌و ئیحساسی گەنجێتییە‌و پتر ئیحساسییە تاکوو باوەڕ یاکوو بیروبۆچوونی سیاسی بێت. بۆیە دواتر کە لێیان حاڵی دەبێ ئیدی ئەو ئیحساسە جێگای خۆی داوە بە شتێکی‌تر. شایەدیش لە دەورانی یەکیەتیی لاواندا ئەوەی دەبێ فێر بن، فێری نەبوون بۆیە دواتر دادەبڕێن‌و پێوەندییان نامێنێ.

**زیبا سەروەری:**

پێم وایە لاوەکان لە ژێر کاریگەریی دایک‌و بابەکانیان بەرەو یەکیەتیی لاوان دێن، چونکە ئەو لاوانەی کە لە دەوری یەکیەتیی لاوان کۆبوونەتەوە، هەموویان بنەماڵەکانیان حیزبین. پێم وایە یەکیەتیی لاوان نەیتوانیوە ڕوو بە دەرەوە تێکۆشانی هەبێت‌و لاوی سەربەخۆ کە بۆخۆیان بیرو باوەڕی خۆیان هەڵبژاردوە جەزب بکات. یەکیەتیی لاوانیش بەهەمان سیستم لێرە تێکۆشانی هەیە‌و زۆرتری تێکۆشانەکانی کاری کولتووری وەك هەڵپەڕکێ‌و مووزیکە. ئەو چالاکیانەش ڕەنگە لە تەمەنێکدا واتە لە تەمەنی مێرمنداڵی جەزاب بێت. ئەگەر بڕوانینە یەکیەتیی لاوان بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێکخراوێکە لە ژێر تەئسیری حیزبایەتی دایە. کاتێك حیزب لەت بوو یەکیەتیی لاوانیش لە هەموو وڵاتێك بوو بە دوولەت. بەداخەوە ئێمە نەمانهێشتوە لاوەکان بۆخۆیان سەربەخۆ بیر بکەنەوە‌و سەر بەخۆیی سیاسی لە نێو لاوەکاندا گەشە بستێنێ، بەڵکوو ئەوان کاری کولتووریان کردوە‌و دایك‌و بابەکانیش بڕیاری سیاسییان بۆ داون. هەندێك لاو لە یەکیەتیی لاواندا پڕژاونەتە کاری سیاسی‌و ویستوویانە پلە سیاسیی خۆیان بەرنە سەر. بەڵام لاوەکان سەربەخۆیی سیاسییان لاوازە‌و بە شێوەی لاوی ئورووپایی سیاسەت ناکەن. لە جیاتی ئەوەی کە ئەوان لە سەر کۆمیتەکانی حیزبی تەئسیریان هەبێ‌و بە نۆبەی خۆیان فەرهەنگی دیالۆگ‌و تۆلێرانسی شێوە ئورووپایی پەرە پێ بدەن، بەداخەوە خۆیان تارادەیەکی زۆر کەوتونەتە نێو بازنەی کێشە‌و ناکۆکییەکانی پێوەندیدار بە لەتبوونی حیزب.

**کوێستان بابایی:**

لە نێو کارو تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان‌و حیزب دا بەتایبەتی لە ئورووپا جیاوازیی زۆر هەیە. لە یەکیەتیی لاواندا هەوڵ دەدرێ بە گوێرەی ویست‌و داخوازی لاوەکان کارو چالاکی‌یەکان دیاری‌بکرێن، بە شێوەیەك هەموومان هەست دەکەین لە دروستکردنی بڕیارەکان‌و بەڕێوەبردنیان دا دەستمان هەیە‌و کاریگەرین. لەلایەکی دیکەوە چالاکی‌و تێکۆشان‌و بەرنامەکانی یەکیەتیی لاوان بۆ لاوان سەرنجراکێشترن، بەڵام لە حیزب دا وانیە. لانیکەم ئەمن بۆخۆم وا هەست ناکەم لە درانی بڕیارێکی حیزبی‌دا یان هەڵوەشاندنەوەی‌دا پرسم پێ کرابێ یان ڕۆڵێکم هەبووبێ، حیزب لە ئێمە دوورە، دەبێ هەوڵ بدا نزیکتر ببێتەوە.

**بۆ ئەوەی ژنان لە بەڕێوەبردنی حیزبی دێموکرات‌و بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی‌دا، ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێ، دەبێ چ بکرێ؟ پێشنیاری تۆ لەم پێوەندییەدا چیە؟**

**شوعله قادری:**

پێشنیاری من لەو پێوەندییەدا ئەوەیە:

حیزب دەبێ ئاوڕێکی جیددی لە مەسەلەی ژنان بداتەوە. بەو مانایە کە باس لەسەر مەسەلەی ژنان ببێتە باسێکی گشتی لە حیزب دا. لە ڕوانگەی هەموو تەشکیلاتی حیزب دا گۆڕانکاریی جیددی پێك بێ بە جۆرێك کە لە باوەڕو لە کردەوەش دا بڕوایان بە یەکسانیی ژن‌و پیاو هەبێ.لە بەرنامەی حیزب دا بە تێروتەسەلی باس لەسەر مەسەلەی ژنان بکرێ. بە جۆرێك کە نیشان بدا کە بەشێك لە خەباتی حیزب بریتیە لە خەبات بۆ یەکسانیی ژن‌و پیاو. بە کردەوە مەجال بدرێ بە ژنان لە ئۆرگانەکانی بڕیاردان دا بەشداری بکەن هەرچەند کەم ئەزموون بن لە ڕادەی ڕێبەرایەتیدا.

**زیبا سەروەری:**

لە پێش هەموو شتێکدا دەبێ بیرو باوەڕ بە تێکۆشانی ژنان لە نێو حیزبی دێموکراتدا نەهادینە بکرێت‌و کارێکی زۆر بکەین بۆ خاشەبڕکردنی بیروبۆچوونی پیاوسالاری. دەبێ مەوداو ڕێگە بە ژن بدرێ کە بە بیری سەربەخۆی بێتە مەیدان. نابێ چیدیکە لە شێوە بیرکردنەوەی پێشوودا قەتیس بین‌و کاتێك ژنێك هاتە مەیدان لێهاتوویی بخەینە ژێر پرسیارو ژنە ناچار بکەین کە پاشەکشە بکات، بەڵکوو تێ بکۆشین بۆ ئەوەی کە مەجال پێك بێنین کە ژنان بتوانن هەر وەك پیاوان خۆیان پەروەردە بکەن‌و پێ بگەن. بەداخەوە لە ماوەی ٦١ ساڵ خەباتی حیزبی دێموکرات، هاتنی ژن بۆ نێو ریزەکانی وەك سەربارو موشکیلە سەیر کراوە نەك وەك هاتنی هێز بۆ نێو حیزب. ئەو ژنانەی کە ڕوویان لە حیزب کردوە زۆر جار هەستیان کردوە کە سەربارو ڕێگرن. ئەو ژنانەی کە ڕوویان لە حیزب کردوە بە بیرو بۆچوونێك هاتوون‌و بێدەنگی‌و تەسلیم بوونیان قەبووڵ نەکردوە، بەڵام بەداخەوە کاتێك هاتوونەتە ناو حیزب تووشی سەر لێشێواوی بوون. دەبێ کار بکەین بۆوەی کە ڕۆڵ‌و تێکۆشانی ژن لە نێو ڕێکخراوەکەمان وەك کۆسپی سەر ڕێگا چاوی لێ نەکرێ، بەڵکوو وەك بەرەو پێش چوون‌و دەوڵەمەند بوونی ڕێکخراوەکەمان سەیری بکرێ.

**کوێستان گادانی:**

بەر لە هەموو شتێك وەك باسم کرد، ژنان دەبێ هاوکارێك یان باشترە بڵێم هاندەرێکیان هەبێ بۆ هەرچی زۆرتر بەشداربوونیان لە چالاکی‌یەکانی دەرەوەی ناوماڵ، بەڵام دیارە بەڕای من ئەمە نابێ ببێتە هۆیەك بۆ ئەوەی ژنان خۆیان لە کارو باری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دوور بکەنەوە. بەڵکوو بە پێچەوانە دەبێ گرنگییەکی تایبەت بدەن بەم جۆرە چالاکییانە‌و زۆرتر بەشدار بن. هیوادارین ئێمەش بتوانین هاندەرێکی باش بین بۆیان‌و بتوانین زۆرتر قەناعەتیان پێ بێنین. پێشموایە هەر تاکە کەسێك بەر لە هەموو کارێك لە ناو بنەماڵەی خۆیڕا دەتوانێ هاندەرێکی باش بێت بە تایبەت لەم پێوەندی‌یەدا پیاوان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاوتریان هەبێت.

**گوڵاڵه شەرەفکەندی:**

لەو باوەڕەدام لە پێڕەوو پرۆگرامی حیزبدا پێداچوونەوەیەك پێویستە، جێکردنەوە بۆ ژنان‌و ویستەکانیان دووبارەو چەند بارە لە بەرنامەی حیزبیدا، جێکردنەوەی پێشنیار یا سیاسەتگەلێك کە بۆچوونەکانی حیزب لەبەر مەسەلەی ژنان لە حاڵەتی شوعار بێنێتە دەرو شتێکی کۆنکرێت تر بێ دەتوانێ زۆرتر کاریگەری هەبێت‌و زۆرتر جێگای باوەڕ بێت. دووری کردن لە دووپات کردنەوەی ئەو شیعارانە کە بەلای ژنانەوە تەنیا شیعارە. گۆڕینی زمانی سیاسیی پیاوان لە بابەت کاری سیاسیی ژنان‌و بەکارهێنانی ئەدەبیات‌و زاراوەگەلێك کە نیشان بدات ژن حاڵەتی ئەکتیڤی هەیە نەك ئۆبژێکتیڤ‌و تەنیا حیمایەت کردن.

— سێهەمین ڕێگا دەتوانێ دابینکردنی سیمینارو کۆرسی پەروەردەیی‌و ئاموزشی بۆ چۆنیەتیی ئیدارەکردنی کاروباری سیاسیی بەتایبەت بۆ ژنان بێت.

— دانانی بەرنامەگەلێك وەك دەعوەت لە ژنانی وڵاتانی جۆراوجۆر بە مەبەستی ڕاوێژو دیالۆگ‌و ئەو گفتوگۆیانە هاندەرێك بن‌و ژنان زیاتر موشتاقی تێکەڵ بوون بکەن.

- دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ دامەزراندن‌و پتەو کردنی پێوەندیی ژنانی نێو حیزب لەگەڵ ژنانی نێو ڕێکخراوەکانی تر چ لە دەرەوەی وڵات‌و چ لە کوردستان. ئەو دیدارانە دەتوانێ فرسەت برەخسێنێ کە یەکتر بناسن‌و ترسیان بشکێ‌و زیاتر فێر بن‌و لە خۆراببینن


کوێستان بابایی

**کوێستان بابایی:**

لەو پێوەندی‌یەدا دەبێ حیزب بەخۆیدا بێتەوە. نابێ ویستەکانی بۆ بەشداریی ژنان لە کارو بەڕێوەبردنی حیزبی دا تەنیا لە چوارچێوەی شوعاردا بێڵێتەوە. ژنی زۆر وریاو چالاکمان هەن کە دەتوانن لە بەڕێوەبردنی حیزب دا نەخشی کاریگەریان هەبێ. دەبێ پیاوانی حیزب ئەو ترسە لە دڵیاندا بکوژن کە لەو هەڵانەی ئێستا نەکراون تۆقاندوونی. بەبڕوای من ژنان دەبێ لە دروستکردنی بڕیارەکاندا وەك پیاوان نەخشیان هەبێ ئەوکات زۆر مەسەلەو یەك لەوان بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی حیزب دا چارەسەر دەبن.

## یادی شەست ساڵەی شەهید کرانی پێشەوا قازی‌و هاوڕێیانی لە دەرەوەی وڵات

بە بۆنەی شەست ساڵەی لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەمەد سەرۆك کۆماری کوردستان‌و هاوڕێیانی‌و سەرجەم شەهیدانی کوردستان، لە دەرەوەی وڵاتیش چەند ڕێورەسمی تایبەت بەشداریی ڕێکخراوە کوردستانییەکان‌و کەسایەتییە سیاسییەکان‌و ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لەلایەن کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەڕێوە چوون. ئەوەی لە خوارەوە دەخرێتە بەرچاو کورتەی ئەو ڕێوڕەسمانەیە کە تا ئێستا هەواڵی بەڕێوە چوونیان بە " کوردستان " گەیشتوە:

**سوئێد ـ لینشۆپینگ**

ڕێکەوتی ٣٠ی مارسی ٢٠٠٧ ڕێورەسمێکی تایبەت بە یادی ٦٠ ساڵەی لە سێدارەدرانی پێشەواو هاوڕێیانی‌و ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان لەلایەن کومیتەی حیزب لە شاری لینشۆپینگ لە ساڵۆنی نیگۆرد سکولان پێك هات. لەو ڕێورەسمەدا نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە‌و کۆمەڵە کوردستانییەکان بەشدار بوون‌و پەیامیان خوێندەوە. لەو ڕێوڕەسمە کە بە سروودی نەتەوەیی‌و ڕێزنان لە شەهیدان دەستی پێ‌کرد، دوابەدوای پەیامی دەفتەری سیاسی حیزب پەیامی ئەم ڕێکخراوو لایەن‌و ڕێکخراوانە خوێندرایەوە:

بنەماڵەی شەهیدان ( نیشتەجێ لە شاری لینشۆپینگ )، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئێران، سوئێد، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد، کۆمەڵەی کەمئەندامان‌و بەساڵداچوان.

ئەم لایەنانەی خوارەوەش پەیامیان بۆ ڕێورەسمەکە ناردبوو یان بەشدارییان کردبوو :خەباتی شۆرشگێری کوردستان، حیزبی شیوعیی کوردستان، کۆمەڵەی کولتووریی کورد ـ لینشۆپینگ، کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

**سوئێد ـ ستۆلهۆڵم**

ڕێکەوتی ٣٠ی مارسی ٢٠٠٧ هەر بەم بۆنەیەوە ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەم بۆنەیەوە بە بەشداریی ئەم لایەنانەی خوارەوە لە پێتەختی سوئێدیش پێك هات :

لەو ڕێورەسمەدا ئەم بابەتانە پێشکەش کران: پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند پەخشان‌و شێعرو بابەت‌و وتاری تایبەت بەم یادە. پەیامی پارتی ئازادیی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، حیزبی زرگاریی کوردستان، کۆمەڵەی بەساڵداچوانی کورد.

**فینلاند ـ تورکۆ**

ڕێکەوتی ٣٠ی مارسی ٢٠٠٧ بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان‌و یادی ٦٠ ساڵەی لە سێدارەدرانی پێشەواو هاورێیانی لەلایەن کومیتەی هەرێمی تورکۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕێوڕەسمێکی تایبەت پێك هات.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە سروودی نەتەوایەتی‌و ڕێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێ‌کرد پەیامی کۆمیتەی حیزب‌و کۆمەڵێك وتارو شێعرو پەخشانی تایبەت بەم یادە پێشکەشی بەشدار بووانی ڕێوڕەسمەکە کرا

**فیلاند ـ هێلسینکی**

لە شاری هێلسینکی ئەندامان‌و بەڕێوەبەرانی کۆمیتەی حیزب ڕێکەوتی ٣١ی مارس کۆڕیادێکیان بەم بۆنەیەوە بە بەشداریی ئەندامانی حیزب لەو شارەو کۆمەڵێك لە کەسایەتییە کوردەکان‌و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان‌و هونەمەند ڕەشید فەیزنژاد پێك هێنا.

لەم ڕێوڕەسمەدا وێڕای ڕێزگرتن لە یادی شەهیدان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵێك پەیام‌و برووسکە‌و وتاری تایبەت خوێندرایەوە. ئەم لایەنانەش پەیامیان بۆ کۆڕیادەکە ناردبوو: کۆمیتەی ڕێکخستنی فینلاندی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و ناوەندی چاك.

**بریتانیا ـ شەفیلد**

ڕێکەوتی ١ی ئاوریلی ٢٠٠٧ کومیتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە بەشداری ئەندامانی هەردوولا ڕێکخراوەکە‌و نوێنەرانی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان ڕێورەسمێکییان بۆ یادکردنەوەی ٦٠ساڵەی شەهید کرانی پێشەواو هاورێیانی‌و هەروەها شەهیدانی ٢٧ی ڕەشەمەی کۆمەڵە پێك هێنا.

لەو ڕێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵێك بابەت‌و شێعرو پەخشان خوێندرانەوە. پەیامی ئەولایەنەش بەریورەسمەکە گەیشتبوو: پارتی سەربەستیی کوردستان، کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان، ڕێکخراوی سەرانسەریی پەنابەرانی ئێرانی ـ کۆمیتە ئەفیلا.

**سوئێد ـ یوتۆبۆریی**

ڕێکەوتی ١ی ئاوریلی ٢٠٠٧ کۆڕیادێك بە بۆنەی ٦٠ ساڵەی شەهید کرانی پێشەواو هاورێیانی‌و ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان لەلایەن کۆمیتەی یوتۆبۆریی حیزبەوە پێك هات. لەو ڕێورەسمەدا پەیامی کۆمیتەی یوتۆبۆری‌و چەند پارچە شێعرو پەخشان خوێندرانەوە‌و لە ماوەی ڕێورەسمەکەدا وێنەی شەهیدان‌و سروودی شۆرشگێری بە پرۆژکتۆر بڵاو کرایەوە.



## لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran

No: 459   10 April 2007

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ۰۰۹۶۴۷۷۰۱۹۰۱۶۵۸


## چیاکانی کوردستان

## سوڵتان سیراجەدین  Soltan Sirajaddin



سولتان سیراجەدین کۆلکە زێرینەیەکە لە جوانییەکانی سروشتی کوردستان. بەرزاییەکەی ۲۸۳٦میترەو لە ۲٤ کیلۆمیتریی باشووری ڕۆژهەڵاتی سنە هەڵکەوتوەو بەسەر ئاوایی "نەڕان"ی ناوچەدا دەڕوانێ.

"چەمی نەڕان"و چەمی "ئەمیراوا" لە بەرزاییەکانی سوڵتانەوە سەرچاوە دەگرن. ئاوەڕۆی سوڵتان سیراجەدین دەچێتەوە نێو چۆمی سیروان. سوڵتان سیراجەدین لە باشوورەوە لەگەڵ کێوی "مەعارف"و لە باکوریشەوە لەگەڵ کێوی "کانی شێخەڵە" دراوسێیە. سولتان لە پەناگەی شاخەوانی بێبەشە.

چیای سوڵتان سیراجەدین کەوتوتە نێوان گوندەکانی نەڕان، گائیدەر، ئەشکەفتان و گزگزارە. ڕووبەرێکی گیایی دەوڵەمەندو ڕەنگاوڕەنگی هەیەو بەتایبەتی لە مانگی بانەمەڕدا دیمەنێکی کەم وێنەی هەیە. لە گوڵو ڕووەکەکانی ئەم ناوچەیە دەتوانین لۆ، کەما، بەنا، گوێنی، مارنج، وەنەوشەی کێوی، لالە، زەنبەق، نێرگزو داری وەك گوێز، بلچو هەنار ناو ببەین.

چیای سوڵتان بارانی زۆری لێ دەبارێو بنارەکانی پڕن لە کانیاو، ئاوی ئەم چیایە جێگایەکی تایبەتیی لە کشتوکاڵی ئەم ناوچەیەدا هەیە.

لە بارەی ناوی سوڵتان سیراجەدینەوە دوو ڕای جیاواز هەیە: یەکەم ئەوەیە چونکە ئەم چیایە لە هەموو چیاکانی دەوروبەری بەرزترە بۆیە پێی دەگوترێ سوڵتان. ڕایەکی دیکەش ئەوەیە لەسەر ترۆپکی ئەم چیایە گڵکۆیەك بە ناوی گڵکۆی سوڵتان سیراجەدین هەیە. سوڵتان سیراجەدین لەو چیا دەگمەنانەیە کە پاییزانیش وەك بەهاران بۆ گەشتو گەڕانو شاخەوانی رووی تێ دەکرێ.


بلچە پاییزییەکانی سوڵتان بەناوبانگن.


چوونەسەرو گەڕانەوە لە ترۆپکی سوڵتان، پێنج کاتژمێر دەخایەنێت.

سەرچاوە: کتێبی (جلوەهای طبیعی کردستان)، دفتر اول: کوهها

ئامادەکردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی


## خەرمان بەرەکەت!










### بڵاو بوونەوەی چەند کتێبی تازەی هاوڕێیانی وەرگێڕمان

کەم وەرزی ساڵ هەیە ژمارەیەك کتێبی تازەی هاوڕێیانی نووسەرو وەرگێڕمان چاپو بڵاو نەبنەوەو نەکەونە بەر دیدو سەرنجی ئۆگرانی کتێب لە کوردستان.

لە ژمارەکانی ڕابردوودا کۆمەڵێك کتێبمان ناساند کە ڕووناکبیران، ئەدیبان، نووسەرانو وەرگێڕانی ئەندامو تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، نووسیبوویانن یا وەریان گێڕابۆوەو بۆ چاپ ئامادەیان کردبوون. ئەمەش ٤ بەرهەمی تازە چاپکراوی هاوڕێیانی وەرگێڕمان عومەر باڵەکی، سەعید بەگزادە، ئیسماعیل زارعیو مەسعود ڕەواندووست:

ـ ئەندێشەکانی ئیمپراتۆرێك، ناپلئۆن بۆناپارت، مهرداد مهرین، و: عومەر باڵەکی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ۱۲۰ لاپەڕە.

ـ وەرگێڕانو پێوەندیی کولتوورەکان، نووسینو وەرگێڕان: حسێن یەعقووبی، و: لە فارسیەوە: ئیسماعیل زارعی، لە بڵاو کراوەکانی دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.

ـ کوردستان لە ژێر بارانی ئاگردا، نووسینی: شێری لایزر، وەرگێڕانی: سەعید بەگزادە، ۲٤۰ لاپەڕە، چاپی سوئێد.

ـ پێشەکییەك لەسەر کۆمەڵناسیی سیاسی، نووسینی: د. ئەحمەد نەقیب زادە، وەرگێڕانی: مەسعوود ڕەواندووست، ۲٦٦ لاپەڕە، دەزگای موکریانی چاپو بڵاوی کردۆتەوە.

## لیستەی سەرووەری

ژمارەیەکی زۆر لە دڵسۆزانی کوردو دۆستانو ئۆگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەڵامی داخوازی حیزبیان بۆ دانی یارمەتیی سەخاوەتمەندانە داوەتەوەو جوامێریو دڵاوایی خۆیان نیشان داوە. ئەو بەڕێزانە هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەم لە بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە حیزبی دیموکراتیان بەسەرکردۆتەوە. لەم ژمارەیەی "کوردستان"ەوە هەر جارەی ناوی بەشێك لەو بەڕێزانە بڵاودەکەینەوە. لەو بارەیەوە ڕوونکردنەوەی دوو شت پێویستە:

۱ـ لەبەر هێندێ تێبینی ناوی ئەو دۆستانە نانووسینو تەنیا بە چەند پیتی ناوەکانیان ئاماژەیان پێدەکەین.

۲ـ ئەوانەی پووڵی غەیری تمەنیان داوە دراوەکەیان هەرچی بووە بە دۆلار بەراورد کراوەو بۆ ئاسان کردنەوە، دۆلاریش بە نۆسەد تمەن قەبڵێندراوە.

۱ـ ف. ب، ۹۰۰/۰۰۰ نۆسەد هەزار تمەن

۲ـ م. ن، ۹۰۰/۰۰۰ نۆسەد هەزار تمەن

۳ـ س. خ. ح، ۱/۱۰۰/۰۰۰ یەك میلیۆنو سەد هەزار تمەن

٤ـ م. ب، ۹۰۰/۰۰۰ نۆسەد هەزار تمەن

٥ـ د. ق، ٤٥۰/۰۰۰ چوارسەدو پەنجاهەزار تمەن

٦ـ س. ج، ٤/٥۰۰/۰۰۰ چوار میلیۆنو پێنج سەدهەزار تمەن

۷ـ ج.ح، ۹/۰۰۰/۰۰۰ نۆمیلیۆن تمەن

۸ـ ر. ش، ۹/۰۰۰/۰۰۰ نۆمیلیۆن تمەن

۹ـ ج. ك، ٥/٤۰۰/۰۰۰ پێنج میلیۆنو چوارسەد هەزار تمەن

۱۰ـ م.چ، ٦۳۰/۰۰۰ شەش سەدو سی هەزار تمەن

۱۱ـ ك. د، ۹/۰۰۰/۰۰۰ نۆمیلیۆن تمەن

۱۲ـ د. م، ۲۷۰/۰۰۰ دووسەدو حەفتاهەزار تمەن

۱۳ـ ی. ن، ۹/۰۰۰/۰۰۰ نۆمیلیۆن تمەن

۱٤ـ ك. م، ۷/۲۰۰/۰۰۰ حەوت میلیۆنو دووسەد هەزار تمەن

۱٥ـ ف. ك، ۳/٦۰۰/۰۰۰ سێ میلیۆنو شەش سەد هەزار تمەن

## ژینگەکەت نیشتمانەکەتە، خۆشت بوێو بیپارێزە

بە بۆنەی سێزدەبەدەرو بە مەبەستی پەرەپێدانی کولتووری خۆشەویستیی ژینگەو پاراستنو خاوێن ڕاگرتنی، سایتی "کوردستانو کورد" کۆمەڵێك تراکتی بڵاو کردەوە کە ئەمانە چەند نموونەیەکیانن:










## مرواریی دەریای وشە

ـ ئەو ڕۆژەی داری سەبر لە حەساری ماڵی ئێوەدا چرۆی دەرکرد، قۆڵت بۆ چنینی میوەی سەرکەوتن هەڵماڵە. (پەندی ئاڵمانی)

ـ تەحەممولو لەسەرەخۆیی، گەورەترین بوێریو ئازایەتین. (لویی پاستور)

ـ خۆشەویستی، زۆربەی جاران عەزابە، بەڵام بێبەشبوونیش لە خۆشەویستی، مردنە. (ویلیام شکسپێر)

ـ خاوە خاو کردن لە جێبەجێکردنی دادپەروەریدا، بێعەداڵەتییە. (پەندی ئەمریکایی)

ـ ئەگەر عەقڵ (ئاوەز) لە مرۆڤ بستێننەوە، ئیدی شتێکی بایەخداری بۆ نامێنێتەوە. (هاملتۆن)

## بەر لەماڵاوایی

# ۱۰ساڵەی بڕیارێکی مێژوویی

ع. وریا

ڕۆژی ۱۰ی ئاوریلی ۱۹۹۷ ( ۲۱ی خاکەلێوەی ۱۳۷٦) (۱۰ ساڵ لەمەوبەر) دادگای بەرزی ئەیالەتی بێرلین پاش ۲٤٦ ڕۆژ لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی تێرۆری میکۆنووس، بڕیاری یەکجاریی خۆی لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەم تیرۆرە ڕاگەیاند.

لە ۱۷ی سێپتامبری ۱۹۹۲ ( ۲٦ی خەرمانانی ۱۳۷۱) بەکرێگیراوانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستورانی میکونووسی شاری بیرلین دەرفەتیان لە دوکتور سادق شەڕەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵانو نووری دێهکوردی هێناو گیانیان لێستاندن. دادگای بیرلین پاش ۲۷٤ جەلەسەو توێژینەوەی پەروەندەکە، جگە لە بڕینەوەی حوکمی زیندانی هەتاهەتاییو چەند ساڵی بۆ ئەنجامدەرانی تاوانەکە، بەرزترین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییشی وەك دەستووردەرانی ئەم کردەوە تیرۆریستییە بە دنیا ناساند. حوکمی مێژوویی دادگای میکونووس بایەخو گرینگییەکی تایبەتی هەبوو. چونکە بەرهەمی لێکۆڵینەوەیەکی وردو دوورو درێژو چڕوپڕ لە بارەی نەك هەر ڕووداوی ۱۷ی سیپتامبر بەڵکوو تێکڕای ماشێنی تیرۆری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو. حوکمی ئەو دادگایە هەموو دنیای لەو ڕاستییە گەیاند کە نەك هەر تیرۆری ڕێستورانی میکۆنووس، بەڵکوو دەیان تیرۆری دیکەی موخالیفانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا، هەر بەهۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەنجام دراونو لە سەرووترین ئاستی حکوومەتیو دەوڵەتی دا پلانو نەخشەیان بۆ دارێژراوە.

تیرۆری میکۆنووس یەکەمینو دواهەمین تیرۆر نەبوو کە لەلایەن ڕێژیمی تیرۆریستی ئێرانەوە ئەنجام دەدرا، بەڵام یەکەم جاربوو دادگایەکی بەرزی وڵاتێکی ئورووپایی خاوەن سیستەمێکی قەزایی سەربەخۆو موعتەبەر ڕێژیمی ئێرانی وەك تیرۆریست دەناساندو ڕێبەرانی پلە یەکی ئەو ڕێژیمەی وەك دەستووردەرو بەرنامەڕێژی ماشێنی تیرۆر لەو سیستەمەدا ناو دەبرد. هەر بۆ نیشاندانی سەربەخۆییو ئێعتیباری ئەم دادگایەو سیستمی قەزایی ئاڵمان ئەوەندە بەسە کە بڵێین، هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە دانی قەولو بەڵێنی هاوکاریو کارهاسانی لە بوارەکانی ئابووریو بازرگانی دا بە ئەڵمان بگرە تا دەگاتە فشارو هەڕەشەی جۆراوجۆری سیاسیو ئەمنیەتیو دیپلۆماتیکو بازرگانی، نەبوون بە هۆیەك بۆ گۆڕینی ڕەوتی کاری ئەو داداگایەو ئاکامەکانی.

حوکمی مێژوویی دادگای میکونووسو ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی ئەو دادگایە دەریان خست ئەگەر لەبارەی تیرۆرەکانی دیکەوە بۆ وێنە تیرۆری دکتور قاسملوو (ڤیەن)، دکتور شاپووری بەختیار (پاریس)، دکتور کازم ڕەجەوی (ژێنێڤ)، محەمەد حوسێنینەقدی (ڕۆم)و .... حەق بە حەقدار نەگەیشتووەو کۆماری ئیسلامی وەك تاوانباری سەرەکی نەناسێندراوە، یا حوکمی لەم چەشنەی بۆ دەرنەچووە، تەنیا لەبەر بەرژەوەندیخوازیی دەوڵەتانی ئوتریش، فەرانسە، سویسو ئیتالیا بووە کە ئامادە بوون ڕاستییەکان، خوێنی قوربانییەکانو دادپەروەری بۆ قازانجی ئابووریو بازرگانی بخەنە ژێرپێو بەم جۆرە ئەو ڕێژیمە جینایەتکارو تیرۆریستەیان لە دەست عەداڵەت ڕزگار کردوە.

بڕیاری دادگای میکونووس هەم لە ئاستی نێونەتەوەیی، هەم لە ئاستی نێوخۆییدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی تووشی تەنگەژەو قەیران کرد. لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ڕسوایییەکی بێوێنە بەرەوڕوو بووەو بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ کارنامە خوێناوییەکەی بوو بە هەوێنی دەنگوباسی میدیاکانی جیهان. زۆربەی دەوڵەتانی ئورووپاییش ناچار بوون سەفیرەکانی خۆیان لە ئێران بانگ بکەنەوەو لەو کاتەوە نوێنەرایەتییەکانو هەموو جموجۆڵێکی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیهاندا چوونە ژێر پرسیارو بە چاوی گومانەوە سەیریان کرا. لەباری نێوخۆییشەوە بڕیاری دادگای میکونووس دڵگەرمیو هۆمێدی دا بە خەڵکی وەزاڵەهاتوو و ڕۆڵە خەباتکارەکانیان. خەڵکی ئێران بە تینو گوڕو گەشبینییەکی زیاترەوە خەباتو بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان بەرەوپێش برد. ئەو "نا" گەورەو ڕاشکاوانەیەی لە هەڵبژاردنی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦دا بەدەسەڵاتدارە ترۆکراوەکانی وڵاتی خۆیان گوت، نیشانەی ئەو تینو گوڕو دڵگەرمییە بوو.

زۆر بەداخەوە لە ۱۰ ساڵەی دەرچوونی بڕیاری دادگای میکونووس دا هەر ئەو ڕێبەرانە، یا قوتابیانی ئەو ڕێبەرانەی دادگای ناوبراو بە تیرۆریستی ناسین، دەسەڵاتی ئێرانیان بەدەستەوەیە. بەڵام ئێستا ئەوان بیر لە شتی گەورەتر لە تیرۆری نەیارانی خۆوڵاتی دەکەنەوە. ئەوان هەوڵی ئەوەیانە هەرچی زووتر چەکی ئەتۆمی وەدەست بهێننو ئەم جار هەموو دنیا بە بارمتە بگرنو بەم جۆرە تەمەنی زارەخوارەو لاساریی خۆیان بەرامبەر کۆمەڵگەی جیهانی درێژ بکەنەوە. بەڵام بڕیاربەدەستانی ئەم جیهانە، ئاسایشو بەرژەوەندی خۆشیان یان وەك مافو ئازادیو داواکانی خەڵکی ئێران بەکەم ناگرن. واتە لەبەر خۆشیان بووە چیدیکە بێعاریی ئەم ڕێژیمە تەحەممول ناکەن. بەمەش گلۆڵەی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە لێژی، چونکە خەڵکی ئێران لە مێژە لێی بێزارنو هەرکات ململانێی ئەم ڕێژیمەو هێزی دەرەکی بگاتە جێگای باریك نەك هەر پشتی ناگرن، بەڵکوو قۆڵ لە ڕووخاندنی هەڵدەماڵن.

لە ۱۰ ساڵەی دەرچوونی بڕیاری دادگای میکونووس دا سڵاو بۆ گیانی نەمران دکتور سادق شەڕەفکەندیو هەواڵانی دەنێرینو وێڕای دووپات کردنەوەی وەفاداریمان بە ئامانجەکانیان، ڕێزو ئەمەگناسیو پێزانینمان بەو قازییانە نیشان دەدەینەوە کە ئەم شانازییەیان بۆ خۆیانو سیستمی قەزایی وڵاتەکەیان تۆمار کرد.